# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٥٥ ■ هەینی، ٣١ی خەرمانانی ١٤٠٢ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




## گرینگیی خەبات بۆ ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ

«تا کاتێک زوڵم و زۆر هەبێ، تا کاتێک چەوساندنەوەی جۆراوجۆری نەژادی، نەتەوەیی، مەزهەبی و جینسی باو بێ، تا کاتێک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و یەخسیری و کۆیلەتی و دیلی و ژێرچەپۆکی و هەژاری لەلایەکی دیکە لە گۆڕێ دابێ، شەڕ و ناکۆکی هەر دەبێ و هەر دەشبێ ببێ!

چەوسێنەر و زاڵم و سەرەڕۆ هیچ کاتێک بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوە و زوڵم و دیکتاتۆری هەڵناگرن. مەگەر بەزۆری و لە ئاکامی شکست لە خەباتێکی توندوتیژدا نەبێ! کە وابوو سوڵح و ئاشتیی گشتیی جیهانی و هەر لەوکاتەدا شەڕ و خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و بۆ لەنێوبردنی زوڵم و چەوساندنەوە نەک هەر لێک جیاواز نین، بەڵکوو دوو ڕوانگە (رووکار)ی یەک مەسەلەن کە یەکیان تەواوکەری ئەوی دیکەیە. ئەو مەسەلەیەش بریتییە لە ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ».

**(د. سادق شەرەفکەندی، «کوردستان»، ژمارە ١٤٥، بەفرانباری ١٣٦٧)**

# مانگرتنە بەشکۆیەکەی ٢٥ی خەرمانان هەنگاوێکی دی بەرەو پەرەپێدانی خەباتی جەماوەری و یەکڕیزیی کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستانە




## مستەفا هیجری:

## ئێران تاکوو ئێستا بۆ ئێمەی کورد جوغرافیای داگیرکاری و بێمافی بووە

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لەسەر ویست و پرەنسیپە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆی پێداگرە و، لە دەربڕین و خەبات لە پێناویاندا شل نابێتەوە.

ئەساسی بیرکردنەوەی ئێمە پێکەوەبوونی ئاشتییانە و ئارەزوومەندانەیە. پەیامی ئێمە ڕوونە، هیچ چەشنە سەرەڕۆیی و ئینکارێک قەبووڵ ناکەین. ئێران تاکوو ئێستا بۆ ئێمەی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە، نێوەرۆکێکی بێلایەنی نەبووە، بەڵکوو بۆ ئێمە، جوغرافیای داگیرکاری و بێمافی بووە. وەبیرتان دێنینەوە کە ستەم و سەرکوت لە هەرێمێکی نەتەوەیی وەک کوردستان بەربڵاوتر بووە، بەو ڕادەیەش بەرگری و خەباتەکەی چڕتر بووەتەوە. بۆیە تەنیا لە دۆخێکی ڕزگار و ئازاددا ئامادەین بە شێوەی ئارەزوومەندانە داهاتوویەکی هاوبەش و خوازراو بنیات بنێین. **(هەموو پەیامەکە لە لاپەڕە ٢دا بخوێنەوە)**

## خالید عەزیزی:

## کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ عێراق بکاتە سووریە و لوبنانێکی دی

سروشتی عێراق جۆرێکە کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ بەرگری لە خۆشیان بێت چەکدارن. لە عێراق بۆشایی ئەمنیەتی هەیە و هۆکاری ئەو بۆشایی ئەمنیەتی و ناسەقامگیرییەش هەر کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بۆیە ئێمەش مادام لەوێین، بۆ پاراستنی خۆمان و کەمپەکانمان چەکمان پێیە و چەکەکانمان بۆ ئەو مەبەستەن.

کێشەی سەرەکی ئەوەیە کۆماری ئیسلامی نایهەوێ لە عێراقدا دێموکراسی و ئەمنییەت جێگیر بێ و پرۆسەی سەقامگیریی عێراق بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت. کۆماری ئیسلامی دەیەوێ عێراق بۆ هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان و بۆ هەموو لایەنەکان نائەمن و ناسەقامگیر بکات. ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە عێراق بکاتە سووریە و لوبنانێکی دی لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا. **(وتوویژ لەگەڵ دەنگی ئەمریکا ل ٦)**

## شەش حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

## ئیرادەی سەرکەوتنمان لە هەموو کاتێک بەهێزترە

هەڵوێستی سیاسی و مانگرتنەکەی ئێوە کە دیسانەکە پێداگری لەسەر «نا»گوتنەوەکان بە کۆماری ئیسلامی و خاوەندارەتیتان لە پرسی سیاسیی ڕەوای گەلەکەمان بوو، جارێکی دیکە پێشانی دا کە پلان و پیلانەکانی دوژمن چەند زۆریش بن نەک هەنگاوی خەبات و بەرخۆدانی پێ شل نەکردووین، بگرە لەسەر ئیمان بە ڕەوایی خەباتەکەمان سوورتری کردووین و لە ئێستادا ئیرادەی سەرکەوتنمان لە هەموو کاتێک بەهێزترە.

ئەو هەڵوێستە سیاسییە مانادارەی ئێوە جارێکی دی سەلماندیەوە سەرکوتی خوێناوی، گرتن و ئەشکەنجە، سێدارە و تیرۆر و مووشەکباران ناتوانن ئیرادەی نەتەوەی کورد بۆ بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشان هەتا دەستەبەری مافە ڕەوا و دێموکراتیکەکانیان بەچۆک دابێنن. **(ل ٨)**

## ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:

## نەمانی کۆماری ئیسلامی چەندە لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێرانە، ئەوەندەش لە قازانجی کۆمەڵگەی جیهانییە

جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران لەگەڵ ئەوەدا بەهۆی خۆڕاگری و گیانبازیی خەڵک و پێداگریی ڕێژیم لەسەر سیاسەتی سەرکوت و حاشا زۆرترین تێچووی داوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە باوەڕی گشتی وایە بە بەردەوامیی خەباتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و یەکڕیزی و هاوئاهەنگی نێوان نەتەوەکان و، یەکگرتنی حیزب و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا دێ؛ بەڵام کۆمەڵگەی جیهانی پێویستە زۆر جددیتر دەنگی شۆڕشی گەلانی ئێران ببیسێ. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ هەتا ئێستا بۆی دەرکەوتبێ کە هەتا ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بێ و بیهەوێ بەهێزتر بێت، لاسارتر و سەرەڕۆتر دەبێ و بۆ متمانەپێکردن نابێت.

وڵاتانی دێموکرات و لایەنەکانی شوێندانەر لە کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ تا ئێستا زانیبێتیان کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی چەندە لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێرانە، ئەوەندەش لە قازانجی کۆمەڵگەی جیهانییە. چونکی نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یارمەتیدەری سەقامگیری، ئاشتی و ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و زەبرێکی گورچووبڕیشە لە پەیکەری تێرۆریزمی دەوڵەتی. بۆیە ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕوا و نیزامێکی گەلی و دێموکرات جێگەی بگرێتەوە.

**(بەشێک لە پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بەبۆنەی ساڵڕۆژی ڕۆژی ژینا کە دەقەکەی لە لاپەڕەی ٢دا داندراوە)**

## کۆڕێکی سیاسی لە واشنگتۆن بۆ وتەبێژی حیزب



یەکشەممە، ٢٦ی خەرمانان ی ١٤٠٢ی هەتاوی، کۆڕێکی سیاسی بە بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتی و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکان لە واشنگتۆن بۆ کاک خالید عەزیزی پێک هات. لەو کۆڕەدا کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بنەما و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ چێبوونی هاوپێوەندییەکی بەرین لە ئێراندا شی کردەوە.

کاک خالید عەزیزی لەو دانیشتنەدا پێی لەسەر ئەوە داگرت گەیشتن بە ڕێککەوتن و دەرەنجام پێویستیی بە دیالۆگ لەسەر خاڵە هاوبەشەکان هەیە. بەڕێزیان لە باسەکەیدا باسی لە پلاتفۆرم و بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکرات کرد بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین لەنێو ئەو حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتییە شوێندانەرانەی باوەڕیان بە ئازادی و دێموکراسی و پلۆرالیزم لە ئێران هەیە.

لەو دانیشتنەدا دوکتور مۆحسین سازگارا، دوکتور عەلی ئەفشاری، دوکتور حەسەن هاشمیان، حەسەن ماسالی، عەلی جەوانمەردی و ئەحمەدی باتبی قسەیان کرد و وێڕای خەسارناسیی شۆڕشی ژینا لە یەکساڵی ڕابردوودا پێداگرییان کردەوە کە پێویستە گرینگیی زیاتر بە ڕێکخستنی جەماوەری بدرێت.


**دوێنێ و ئەمڕۆی ڕاپەڕین و ئەرکەکانی بەردەممان**
عومەر باڵەکی
٥

**لە مەرگی ژیناوە تا ژیانەوەی شۆڕشێک**
سمایل شەرەفی
٦

**چییەتیی هەڕەشە و هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات و...**
مستەفا مەولوودی
٧

**"ژینا"ی کوردان**
عەلی بداغی
٨

**لاساییکردنەوەی مێتۆدەکانی (ک.گ.ب) لەلایەن ڕێژیمەوە**
کەماڵ حەسەنپوور
١١

**ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب:**

# ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕوا و نیزامێکی گەلی و دێموکرات جێگەی بگرێتەوە

## (پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ساڵیادی شۆڕشی ژینا)



**سەرەڕای ئەوەی خەباتی گشتگیری خەڵک لە نێوخۆی وڵات توانی ڕێژیم بەرەوڕووی گەورەترین قەیران و ئاستەنگی هەموو تەمەنی بکا، لەکاتێکدا لە سایەی دروشمی ئەوڕۆیی و پڕبایەخی "ژن، ژیان، ئازادی"دا مێژووی جووڵانەوەی نارەزایەتییەکان لە ئێران دیارترین هاوپەیوەندیی نێوان نەتەوە جیاوازەکان و یەکگرتووییەکی سەرانسەریی ئەزموون کرد، لە کاتێکدا لە نێوخۆی ئێران هەموو تەکزەکان لەسەر یەکخستنی وزەی خەباتگێڕی بۆ بەچۆکداهێنانی تەواوەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو، لە کاتێکدا لەسەر شەقامەکان باسێک لە ناوەندگەرایی و تەواویەتیی ئەرزی و جیاییخوازی نەبوو و لە تەورێز و تاران دروشمی هاوپشتی بۆ کوردستان و بەلووچستان دەدران؛ بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات بەباشی و بەوەخت ئەو پەیامانەی وەرنەگرت. هەربۆیەش سەرەڕای هەوڵەکان، بەڵام لە یەکساڵی ڕابردوودا، پرسی گرینگی پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێک بۆ جێگرتنەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە چارەنووسی ڕێژیم و سەرخستنی جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵکدا دەبینێ، بەئاکام نەگەیشتووە**

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**گەلانی ئازادیخوازی ئێران!**
**وڵاتان و کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان!**

٢٥ی خەرمانان، ساڵرۆژی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، کچەکوردی خەڵکی شاری سەقزە کە شەهیدکرانەکەی بە دەستی هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەخماغەی گەورەترین نارەزایەتیی هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێ دا.

شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە فەلسەفەی خەبات و دنیابینیی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتبوو، نەک هەر زۆر زوو هەموو ئێرانی گرتەوە و خەڵکی بازاڕ و کاسبکار، قوتابی و خوێندکار و زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی بە مانگرتن و خۆپێشاندانەکان تەقڵی نارەزایەتییەکان کرد، بەڵکوو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا سەرنج و پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی، وڵاتان و کۆڕوکۆمەڵە سیاسی، ڕووناکبیری و مافی مرۆڤییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەم ڕاپەڕینە نەک هەر لە ڕووی مەیدانی و بەردرێژی و بەرفراوانیی کات و جوغرافیای نارەزایەتییەکان؛ بەڵکوو لە ڕووی پەیام و دنیابینیی و بەها و بایەخە شۆڕشگێرییەکانی تایبەت بە خۆشیەوە دەوڵەمەند بوو. ڕاپەڕینێک بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بە نێوەرۆکی پتر لە داخوازییە سینفی، پیشەیی، ڕەگەزی و کۆمەڵایەتییەکان بوو کە دروشمی ڕادیکاڵی تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامیی هەڵگرتبوو.

ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئێران هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەتی تایبەت بەخۆی بوو. لە ڕەوتی نارەزایەتییەکاندا دەرکەوت سامی خەڵک لە دەزگای سەرکوت و داپڵۆسینی ڕێژیم شکاوە و ڕێژیم لە ڕووی ئایدۆلۆژی و گوتاری و ڕەواییی دەسەڵاتەوە بەتەواوی هەرەسی هێناوە. ژنان کە بە درێژایی مێژووی کۆماری ئیسلامی سەرکوت کراون، بە بەشداری و پێشەنگایەتییان لە نارەزایەتییەکاندا و بە فڕێدان و بێبایەخکردنی حیجابی زۆرەملێ وەک کۆڵەکەی ئیدئۆلۆژیکیی ڕێژیم وێنایەکی بەبایەخیان لە پێگە و قورسایی خۆیان لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێشان دا. لاوان وەک داینەمۆی گۆڕانکارییەکان کە هەمیشە پەراوێز خراون و تووشی قەیرانی شوناس کراون، بە گوڕوتینەوە ئامادەی هەر گیانبازییەک بوون. یەکیەتی، یەکڕیزی، هاوپێوەندیی مرۆیی، نەتەوەیی، ئایینی و ئایینزایی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، ڕێژیمی پاش چلوچوار ساڵ سیاسەتی نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتدا مایەپووچ کرد. هەروەها هەوڵدان بۆ وەسەریەکخستنی وزەی خەباتگێڕیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئێران لەپێناو پێکهێنانی بەرەیەکی تۆکمە و گشتگیر لەدژی کۆماری ئیسلامیدا؛ ئاسۆی سەرکەوتن بە سەر ڕێژیمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامییدا ڕوونتر کرد.

شۆڕشی ژینا بۆ هەمووانی دەرخست کە گەلانی ئێران ئیدی هیچ هیوایەکیان بە چاکسازی و گۆڕانکاری لە ڕێژیمدا نەماوە و ئەو قەناعەتە لەلای تەواوەتیی پێکهاتەکانی ئێران دروست بووە کە پاش چلوچوار ساڵ دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی کە ئاکامەکەی تەنیا کوشتاری ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی وڵات، سەرکوت و کۆتوبەندی هەمەلایەنە، وێرانی و پاشکەوتوویی وڵات لە ڕووی ئابووری و ژینگەیی و کەڵەکەبوونی سەدان قەیرانی سیاسی و مرۆیی و کۆمەڵایەتی لەسەر یەکتری بووە؛ ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕوا و نیزامێکی سیاسیی دێموکرات و گەلی جێگەی بگرێتەوە.

**خەڵکی خەباتکاری ئێران!**

بێگومان تێچووەکانی یەکساڵی ڕابردووی بزووتنەوەی نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران کە داوای ماف و ئازادی و کەرامەتی مرۆیی خۆیان دەکەن قورس بوو. دەزگای سەرکوتی ڕێژیم بە سەدان خۆپێشاندەری ئازادیخوازی لەسەر شەقامەکان کوشت کە بەشێکی زۆر لەوان منداڵ بوون. بە هەزاران کەسی بە فیشەکی شەڕ بریندار کرد، بە دەیان هەزار کەسی خستە چاڵەڕەشەکان و، لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لە دەیان کەس لە بەندکراوان ستاند. ڕێژیم بەوەش نەوەستا و پەتی سێدارەی بۆ زۆر کەس لە بەندکراوانی خۆپێشاندانەکان هەڵخست، بە گازی شیمیایی هێرشی کردە سەر خوێندنگەکان و، بە زیادکردنی چەند هێندەی بوودجەی دەزگاکانی سەرکوت و داپڵۆسین گوشارە ئەمنیەتییەکانی بۆ سەر خەڵکی بازاڕ، کۆمەڵگەی مەدەنی و خوێندکاری و زانکۆکان چەندقات زیادتر کرد؛ کە ئێمە پێمان وایە هەموو ئەوانە نیشانەی زەبوونی و دەستەوەستانیی ڕێژیم لە هەمبەر ئیرادەی خەباتخوازیی خەڵکی ئێراندان.

**کۆمەڵانی مافخوازی خەڵکی کوردستان!**

کوردستان لە یەکساڵی شۆڕشی ژینادا باری قورسی ئەو خەبات و خۆڕاگرییەی لەسەر شان بووە. ڕێژیم بەو ناسینەی لە خەسڵەتی شۆڕشگێڕیی جووڵانەوەی سیاسی و میللی-دێموکراتیکی کوردی هەیە و بەو ڕوانگە ئەمنیەتییەی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بۆ کوردستان و پرسی کورد و مافە ڕەواکانی کوردی هەبووە، زۆر تاوان و جینایەتی دیکەی لە کوردستان خوڵقاند. ڕێژیم بە میلیتاریزەکردنی پتر و سەرکوتی خوێناویتری خۆپێشاندانەکانی کوردستان و بە هێرشی مووشەکیی چەندجارە بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبە کوردییەکانی نیشتەجێ لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەک و، لەلایەکی دیکەش بە دانەوەپاڵی تۆمەتی جیاییخوازی لە کوردەکان و بوونی دەستی دەرەکی لە پشتی نارەزایەتییەکان ویستی هەم پاساو بۆ تاوان و جینایەتەکانی لە کوردستان بێنێتەوە و هەم بە بەلارێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران ئەو هاوپێوەندییە سەرانسەرییە سیاسی و مەعنەوییە پڕبایەخە کە لەنێوان کورد و نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتدا دروست بووە، لەبار ببات. بەڵام سووربوونی حیزبی دێموکرات لەسەر سیاسەت و هەڵوێستی دروست و بەجێی لەپێشتڕدانانی بەردەوامیی بزووتنەوەی جەماوەری لە نێوخۆی وڵات، پێداگری لەسەر زەروورەتی پاراستن و پەرەپێدانی یەکگرتوویی و هاوخەباتیی خەڵک لە ئێران، بەردەوامیی نارەزایەتییەکان لە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆری سیاسی و مەدەنی و ئەو خۆڕاگری و شێلگیرییەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەت چالاکانی مەدەنی، مامۆستایانی ئایینی و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی شۆڕشی ژینا نواندوویانە، پێشانی دایەوە کە کوردستان هەروا سەنگەری لەگیراننەهاتووە و، بزووتنەوە سیاسی-نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەکەی و خەڵکە ئازادیخواز و خەباتکارەکەی هەروا لەسەرپێ و چەقڵی چاوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

**هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی!**

لە یەکەم ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینادا جێی خۆیەتی ئاوڕێکیش لەو کەمایەسییانە بدەینەوە کە هەتا ئێستاش بە خاڵی لاوازی جووڵانەوەکە دادەنرێن. سەرەڕای ئەوەی خەباتی گشتگیری خەڵک لە نێوخۆی وڵات توانی ڕێژیم بەرەوڕووی گەورەترین قەیران و ئاستەنگی هەموو تەمەنی بکا، لەکاتێکدا لە سایەی دروشمی ئەوڕۆیی و پڕبایەخی "ژن، ژیان، ئازادی"دا مێژووی جووڵانەوەی نارەزایەتییەکان لە ئێران دیارترین هاوپەیوەندیی نێوان نەتەوە جیاوازەکان و یەکگرتووییەکی سەرانسەریی ئەزموون کرد، لە کاتێکدا لە نێوخۆی ئێران هەموو تەکزەکان لەسەر یەکخستنی وزەی خەباتگێڕی بۆ بەچۆکداهێنانی تەواوەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو، لە کاتێکدا لەسەر شەقامەکان باسێک لە ناوەندگەرایی و تەواویەتیی ئەرزی و جیاییخوازی نەبوو و لە تەورێز و تاران دروشمی هاوپشتی بۆ کوردستان و بەلووچستان دەدران؛ بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات بەباشی و بەوەخت ئەو پەیامانەی وەرنەگرت. هەربۆیەش سەرەڕای هەوڵەکان، بەڵام لە یەکساڵی ڕابردوودا، پرسی گرینگی پێکهێنانی ئاڵترناتیڤێک بۆ جێگرتنەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە چارەنووسی ڕێژیم و سەرخستنی جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵکدا دەبینێ، بەئاکام نەگەیشتوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی یەکساڵی ڕابردووشدا لەسەر سیاسەتی هەمیشەیی خۆی کە هاندانی هێز و لایەن و کەسایەتییە خەباتکار و ئازادیخوازەکانی ئێران بۆ دیالۆگ و هاوکاری لەگەڵ یەکتر بە مەبەستی پێکهێنانی هاوپەیمانی و بەرەیەکی گشتگیر بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە بەردەوام بووە. بنەما و پرەنسیپەکانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەو ئامانجە بریتی بوون لە چێبوونی نیزامێکی کۆماریی دێموکراتیک کە لەودا مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران دانی پێدا نرابێ و دابین بووبێ. حیزبی دێموکرات لەسەر ئەو باوەڕە سیاسەتی کردوە کە ئێران وڵاتێکی فرە پێکهاتەیە و خەڵکی ئەم وڵاتە بە ئەزموونکردنی دوو سیستەمی پاشایەتی و ئیستبدادی دینیی کۆماری ئیسلامی لە یەک سەدەی ڕابردوودا چیدی نایانهەوێ سەرەڕۆیی و ناوەندگەرایی لەهەر شکڵ و فۆڕمێکدا ئەویش پاش ئەو هەموو خەبات و خوێنە سەرهەڵبداتەوە. بۆیە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بۆ هێنانەسەرکاری نیزامێکی کۆماری لەسەر بنەمای دانان بە ئێرانی فرەنەتەوە، دیمۆکراسی، دابەشکردنی دەسەڵات، ڕەتکردنەوەی ناوەندگەرایی و جیایی دین لە دەوڵەت لە ئێرانی داهاتوودا لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەردەوام بووە.

**وڵاتانی دێموکرات و لایەنەکانی شوێندانەر لە کۆمەڵگەی جیهانی!**

جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران لەگەڵ ئەوەدا بەهۆی خۆڕاگری و گیانبازیی خەڵک و پێداگریی ڕێژیم لەسەر سیاسەتی سەرکوت و حاشا زۆرترین تێچووی داوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە باوەڕی گشتی وایە بە بەردەوامیی خەباتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات و یەکڕیزی و هاوئاهەنگی نێوان نەتەوەکان و، یەکگرتنی حیزب و لایەنە سیاسییە جۆراوجۆرەکان کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا دێ؛ بەڵام کۆمەڵگەی جیهانی پێویستە زۆر جددیتر دەنگی شۆڕشی گەلانی ئێران ببیسێ. کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ هەتا ئێستا بۆی دەرکەوتبێ کە هەتا ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بێ و بیهەوێ بەهێزتر بێت، لاسارتر و سەرەڕۆتر دەبێ و بۆ متمانەپێکردن نابێت. هەروەها ڕووخانی کۆماری ئیسلامی چەندە لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێرانە، ئەوەندەش لە قازانجی کۆمەڵگەی جیهانییە. چونکی نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی یارمەتیدەری سەقامگیری، ئاشتی و ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و زەبرێکی گورچووبڕیشە لە پەیکەری تێرۆریزمی دەوڵەتی.

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان و سەرانسەری ئێران!**

لە یەکساڵەی شۆڕشی ژینادا ئەگەرچی وا دیتە بەرچاو کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا بە زەبری چەک و سەرکوتی خوێناوی و گوشاری هەمەلایەنە توانیویەتی شەقامەکان هێور بکاتەوە؛ یان لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا بە سازان و ئیمتیازدان و پێداچوونەوە بە پێوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە بەتەمایە شەرعییەتێکی نێودەوڵەتی بۆخۆی دەستەبەر بکاتەوە؛ بەڵام ئەو دۆخە ڕواڵەتی و کاتییە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کێشە و قەیرانە لەسەریەک کەڵەکەبووەکان لە ئێران نەک هەر لەجێی خۆیانن، بگرە زیاتریش بوون. حەقیقەت ئەوەیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجی ئێستادا ڕۆژبەڕۆژ پتر ترس و لاوازیی پێوە دیارە و لە لێواری هەرەس‌هێنانە. بەو وشیاری و تێگەیشتنەش کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ڕەوتی بەردەوامی خەبات و نارەزایەتییەکانی خۆیاندا پێی گەیشتوون و ئەو ئەزموونانەی لەسەریەکیان هەڵچنیوە، ئەم ڕێژیمە ماوەبەسەرچووە کە هیچ شەرعییەتێکی گەلیی نییە، چیدی ناتوانێ درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدا. بەڵام ئەوەی ڕەوتی ڕووخانی ڕێژیم خێراتر دەکا، بەردەوامی لە ڕاپەڕین و ڕێکخستن و ئامانجدارترکردنی نارەزایەتییەکان و یەکگری و یەکخستنی وزەی خەباتکاریی خەڵک و هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێرانە. بێگومان حیزبی دێموکرات، بزووتنەوەی سیاسیی کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەک لە ڕابردووشدا نیشانیان داوە، بۆ ئەو مەبەستە یەکگر و یەکدەنگ لەگەڵ هەموو گەلانی ئێران لە مەیدانی خەباتدا لە ڕیزەکانی پێشەوەن.

**سڵاو لە یەکیەتی و هاوخەباتیی گەلانی ئێران!**

**بڕووخێ ڕێژیمی دیکتاتۆڕی کۆماری ئیسلامی**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوندی بەڕێوەبەری**
**٢٢ی خەرمانانی ١٤٠٢**



## مستەفا هیجری:

# بەرگریی نەتەوەیی و خەباتی جەماوەری لە کوردستان قوتابخانەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی چاویان لە گۆڕانکارییە

## پەیامی بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بەبۆنەی ساڵیادی شۆڕشی ژینا

**هاونیشتمانییانی هێژا! کوردستانییانی خۆڕاگر!**

لە کاتێکدا لە ساڵڕۆژی شەهیدکردنی ژینا نزیک دەبینەوە، کە بەرخۆدانی کوردستانییان، نەتەوە بندەستەکان و ئازادیخوازانی ئێرانی بەرانبەر بە داگیرکاریی کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە لووتکەی خۆی. ئەم بەرخۆدانە بە سەر دوو قۆناغدا دابەش بووە، قۆناغی پێش بزووتنەوەی ژینا و قۆناغی دوای ئەم بزووتنەوەیە.

ئێستا لە دۆخێکدا‌ین کە بزووتنەوەیەکی گشتگیر و بەربلاوتر بەرپا بووە کە پێشتر لە شێوەی کۆمەڵێک بزووتنەوەی جیاجیادا خۆیان دەردەخست. سەرەڕای ئەوەی کە چەند شەپۆلی نارەزایەتی لە سالانی ڕابردوودا کۆڵەکەکانی دەسەڵاتیان وەلەرزە خستبوو، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی بزووتنەوەی ژینا کە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەری هەڵدا، کۆمەڵگەکانی نێو جوغرافیای ئێران چوونە نێو قۆناغێکەوە کە وێنای ڕاپەڕینێکی گشتگیرتر بوو دژی ناوەندی دەسەڵات. بزووتنەوەیەک کە بەها و ماناکانی لە کوردستانەوە سەریان هەڵدا و بەتەواوی شەقامەکانی ئێرانی تەنییەوە؛ بزووتنەوەیەک کە لە ماوەیەکی کورتدا توانی پەیام و ماناکانی خۆی لە کوردستان و ئێرانەوە بۆ ئاستی جیهانی بگوازێتەوە.

لە ڕەهەندە کوردستانییەکەیەوە، بزووتنەوەی ژینا پشتی بە بزووتنەوەیەک بەستووە کە واتاکانی لە ژن، ژیان، ئازادییەوە دێن. پێشخانی ئەم واتایانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەیان ساڵە بۆ یەکسانی، ژیانی دوور لە بندەستی و ئازادیی مرۆڤ و ناسنامەی نەتەوەیی بەردەوامە، بزووتنەوەیەک کە ئاماژەیە بۆ ژیانەوە و پتر گەشانەوەی هەستی نەتەوەیی.

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاش چەندین دەیە توانی زۆرێک لە بەهاکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش بخاتە ڕۆژەڤەوە. بە ڕادەیەک کە کوردستانی کردە سەرچەشنێک لە بەرگری و ڕاپەڕین تاکوو واتای کوردستانیبوون و بەها نیشتمانی و مرۆییەکانی ڕوونتر بکاتەوە. بەرگریی نەتەوەیی و خەباتی جەماوەری لە کوردستان، بوو بە قوتابخانەیەک بۆ هەموو ئەوانەی چاویان لە گۆڕانکارییە.

داگیرکەر و دەستوپەیوەندییەکانیان هەموو هەوڵیان ئەوە بووە، ئێمە وەکوو کۆمەڵ لەناو ببەن و بمانکەن بە تاک. بەڵام لەو یەک ساڵەدا، کۆمەڵگەی کوردستان جارێکی دیکە ئەو ئیرادەیەی لە خۆی نیشان دایەوە و سەلماندییەوە کە کۆیەکە لەپێناو کۆمەڵە ئامانجێکی مرۆیی و نەتەوەییدا خەبات دەکات و، هێز و وزەی شۆڕشگێڕانەی خۆی دەخاتەوە گەڕ.

گرینگیی ئەم خەباتە جەماوەرییەی کوردستان لەوەدایە کە ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگەی پتەوتر کرد و وزەی پەنگخواردووی ڕۆژهەڵاتی بەرەو ئامانجێکی نیشتمانی ئاراستە کرد. هەمان بابەت کە ترسی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی بووە. هەر لەم ڕووەوە، پێشەنگ بوون و پێگەی کوردستان لە هاوکێشە سیاسیەکاندا بۆ هەموو لایەک ڕوون بووەوە. بە جۆرێک کە خۆپێشاندەران و خەڵکی ڕاپەڕیوی هەرێمەکانی دیکەی ئێران، زۆر بەجوانی لە واتای هاوخەباتی و یەکڕیزی گەیشتن و هاواریان دەکرد: "تاران ببێتە کوردستان، ئێران دەبێتە گوڵستان".

بزووتنەوەی ژینا، لە ڕووی بەها و دروشمەکانیەوە، پێشکەوتووترین بزووتنەوە و، لە ڕووی جوغرافیای ڕاپەڕینەکانەوە، بەربڵاوترین بزووتنەوەیە کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا ئەزموون کراوە. ئەم بزووتنەوەیە تەنیا مەبەستی تێکەوەپێچانی دەسەڵاتی ناوەندی نییە، بەڵکوو ئامانجی گەورەتری هەیە، ئەویش بنیاتنانی ژیانێکی سەردەمییانەیە و، داوای سەروەری، یەکسانی، کەرامەت، مافی تاکەکەسی و نەتەوەیی بۆ هەموو پێکهاتەکان بەبێ جیاوازی دەکات. لەم ڕووەوە، تێکەوەپێچانی پەیوەندیی داگیرکاری و هاوکێشەی بندەستی -باڵادەستی لە ئێران، ئامانجی درێژخایەنی ئەم بزووتنەوەیەیە.

ڕەهەندێکی دیکەی شۆڕشی ژینا کە لە کوردستانەوە باڵای کرد، پێداگریی کوردستانییان بوو لەسەر ڕەتکردنەوەی پاوانخوازی و لادان لە ئامانجەکانی بزووتنەوە، جا لە هەر چەشن و فۆرمێکدا بێ. هەمان بابەت کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، کوردستان پێداگریی لەسەر کرد و ئامادە نەبوو بۆ بەرژەوەندیی تەسک و کورتماوە، پاوانخوازیی ئایەتوڵڵاکان قەبووڵ بکات. لە ماوەی ئەم ساڵەشدا، ئەوەی بە قورس و قایمی لە مەیداندا دژ بە پاوانخوازی مابێتەوە، نەتەوە بندەستەکان بوونە. ئەمە بەو مانایەیە کە سیاسەت لە کوردستان تەنیا لەسەر بنەمای سەودای گەیشتن بە دەسەڵات دانەنراوە، بەڵکوو سیاسەت شتێک نییە بێجگە لە بەخشین، پاراستن و بەهێزکردنی کەرامەتی مرۆڤ. ئەو کەرامەتەی لە دواییدا دەبێتە بەردی بناغەی هێز و دەسەڵاتێکی نیشتمانی.

لایەنێکی دیکەی بزووتنەوەی ژینا، پرسی ژنان بوو. ژنانی کوردستان کە لەژێر چەوسانەوەی هەمەلایەنەی دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دان، دژایەتیی خۆیان لەگەڵ هەرچەشنە نایەکسانی، پاوانخوازی و ناوەندگەرایییەک دەربڕی. ئەم توێژە گرینگەی کۆمەڵگە هاوکات لەگەڵ بەئەمانج گرتنی ستەمی مێژوویی سەر ژنان، لە بزووتنەوەی ژینا پێشانیان دا کە سەردەمی نایەکسانی و چەوسانەوەی جێندەری، سیاسی، و نەتەوەیی بەسەرچووە و چی دیکە هیچ سیستەم و فکرێکی پاوانخواز ناتوانێ دەسەڵاتی ڕەها بەدەستەوە بگرێت.

### چەند قسەیەکیش لەگەڵ هاونیشتمانانی ئازادیخوازی ئێرانی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لەسەر ویست و پرەنسیپە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆی پێداگرە و، لە دەربڕین و خەبات لە پێناویاندا شل نابێتەوە. ئەساسی بیرکردنەوەی ئێمە پێکەوەبوونی ئاشتییانە و ئارەزوومەندانەیە. پەیامی ئێمە ڕوونە، هیچ چەشنە سەرەڕۆیی و ئینکارێک قەبووڵ ناکەین. ئێران تاکوو ئێستا بۆ ئێمەی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە، نێوەرۆکێکی بێلایەنی نەبووە، بەڵکوو بۆ ئێمە، جوغرافیای داگیرکاری و بێمافی بووە. وەبیرتان دێنینەوە کە ستەم و سەرکوت لە هەرێمێکی نەتەوەیی وەک کوردستان بەربڵاوتر بووە، بەو ڕادەیەش بەرگری و خەباتەکەی چڕتر بووەتەوە. بۆیە تەنیا لە دۆخێکی ڕزگار و ئازاددا ئامادەین بە شێوەی ئارەزوومەندانە داهاتوویەکی هاوبەش و خوازراو بنیات بنێین.

یەکێک لە بەهاکانی شۆڕشی ژینا ئازادییە. ئەو ئازادییەی کەرامەتی مرۆڤ و مافی هەمووان وەک یەک بە ڕەسمی دەناسێ و دەیپارێزێ. بۆیە ئەوەی ئەم شۆڕشە پێمانی بەخشیوە، بەهایەکی گەورەیە کە دەتوانێ بنیاتی یەکسانی و هاوسەنگی و سەروەریی هاوبەشی نێوان نەتەوەکان دەستەبەر بکات. لەسەر ئەوە پێداگرین کە سەروەری و باڵادەستیی یەک لایەنە هەڵبوەشێتەوە. هێڵی سووری ئێمە، یەکلاییکردنەوەی پرسی نەتەوەیی و ناسنامەیە و بە تەنیا چارەسەری دێموکڕاتیکی دەزانین.

لایەکی دیکەی باسەکە ئەزموونێکە و ئێمە لەم ساڵەدا لە پێکەوەبوون و پێکەوەنەبوون هەمانبوو. سەرەتا بەها بەرزەکانی بزووتنەوەی ژینا ئێمەی پێکەوە گرێ دا. ئەو کاتانەی چاوی ئێرانییەکان لەسەر کوردستان و، چاوی کوردستانیش لەسەر ناوچەکانی دیکە بوو. لەو ڕۆژانەی بەرژەوەندییەکی گشتی باڵی بەسەر هەموو ڕابردووی ئەفسووناوی و ئاییندا کێشا بوو، بەرەیەکی بەرەنگاری ساز ببوو، بەڵام دواتر بەلاڕێدا چوو. جێگای خۆیەتی ئەزموون لەو ڕۆژانە وەربگرین. ئەوەی دەتوانێ لە یەک بەرەدا کۆمان بکاتەوە، وەهمی دوێنێ و پاوانخوازیی ئەمڕۆ نییە، بەڵکوو گەڕانەوەیە بۆ بەها بەرزەکانی بزووتنەوەی ژینا.

### خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!

ڕێژیمی سیاسی لە ئێران لە بنبەستدایە. ئەگەر چاوێک بە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، ژینگە و ئاسایشی مرۆییدا بخشێنن، هەر ڕۆژێک کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لەسەر دەسەڵات بووبێ؛ قەیران و مەترسییەکانی زیاتر بووە. لێرەدا ئەرکێکی ئەخلاقییە کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکرێت. بۆیە باشتر وایە بۆ چرکەساتێک بیر لەوە بکەنەوە ئاخۆ بە بەردەوامبوونی ئەم ڕێژیمە کە لەسەر بناخەی بیری فاشیستی، خوێنڕشتن، توندوتیژی، هەڵاوارادن و پاکتاوکردن بنیات نراوە، دەتوانین دڵمان بە ژیانێکی سەردەمییانە خۆش بێ؟

پەیامی بزووتنەوە ژینا ڕوونە. بەرگری و خەباتی ئێمە لەسەر پێناسەکردنەوەی مافەکان، جێگە و پێگەی نەتەوەکان و لەسەر هەڵتەکاندنی پێکهاتەی زۆرداری و بێمافییە. ئەمەش کاتێک دێتە دی کە گۆڕەپان و بەرەی هاوخەباتیی هەموو نەتەوەکان و ئازادیخوازان لە ئێراندا بەهێزتر بکرێت. ئەزموونکردنەوەی وەهمی ڕابردوو کە تەنیا بۆ بەرژەوەندیی یەکلایەنە و تایبەت داڕێژرابێ، لادانە لە ئامانجی ڕاستەقینەی بزووتنەوە. ئێستا هەموومان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژووییدا‌ین. پرشوبڵاوی، بێدەنگی و بێلایەنی خەسارەکان زیاتر دەکات. بەڵام ئەوەی دواجار دەنگی یەکلاییکەرەوەیە، بەرەی شەقام و هێزی لەبننەهاتووی جەماوەرە، کە ئەرکی کۆتایی هێنان بە پاوانخوازیی لە ئەستۆیە.

ئەوەی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران دەتوانم بڵێم ئەوەیە کە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. سەردەمێک کە تیایدا خەباتکارانی شار سەلماندوویانە کە سەنگەرێکی ڕاستەقینەن بەرانبەر بە داگیرکاری. خەبات و بەرگریی ڕەوا گرێدراوی مافی ڕەوایە، بۆیە وەکوو حیزبی دێموکرات پشتیوان و پاڵنەری بزووتنەوەکەین. ئیرادەیەکی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات خۆی ڕێک خستووە و بەدڵنیاییەوە لە ئاسۆی سەرکەوتن نزیک دەبینەوە. ئێمە ئەم سەرکەوتنە لە یەکێتی و هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوە بندەستەکان و ئازادیخوازانی ئێران لە ئاستێکی بەرینتردا وێنا دەکەین.

لە دواییدا، سڵاو دەنێرم بۆ کچانی بوێر و ژنانی پێشەنگی بزووتنەوەی ژینا و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران. بەرانبەر بە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان، سەری ڕێز و وەفا دادەنوێنین.

**نەسرەوتن تا سەرکەوتن.**

**مستەفا هیجری**
**٢٣ی خەرمانانی ١٤٠٢**

# پێوستە کۆمەڵگەی جیهانی و هێزەکانی هاوپەیمان پێش بە دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بگرن

**ڕاگەیاندراو**
**– بۆ بیروڕای گشتی!**
**– وڵاتان و کۆڕ و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی!**
– ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ!

هەروەک ئاگادارن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ڕابردوودا بۆ چەندەمین جار لە زاری کاربەدەستانی سیاسی و نیزامیی خۆیەوە هەڕەشەی پەلاماردانی کەمپی پەنابەرانی کوردی ئێرانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستانی کردووە. هەروەها هەواڵ و بەدواداچوونەکان دەریدەخەن کە ڕێژیم لە ئامادەکارییەکانی بۆ سنووربەزاندن و هێرشێکی دیکە بۆ سەر پەنابەرانی سیاسیی کوردی دانیشتوو لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەردەوامە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سێ دەیەی ڕابردوودا سەدان پەنابەر و چالاکی سیاسیی کوردستانی ئێرانی لە خاکی هەرێمی کوردستاندا تیرۆر کردووە، لە چالاکیی لاوان و منداڵاندا بۆمبی تەقاندووەتەوە و لە چوار ساڵی ڕابردووشدا چەند جار بە مووشەک و درۆن هێرشی کردووەتە سەر کەمپی پەنابەرانی سیاسیی کوردستانی ئێران، کە بەداخەوە بەو هۆیەوە دەیان کەس خەڵکی سیڤیل و پەنابەر کوژراون و بریندار بوون.

لە دۆخی ئێستاشدا کە کاربەدەستانی ڕێژیم تەنانەت بەئاشکرا کات و زەمەنیشیان بۆ شەپۆلێکی دیکە لە هێرشەکانیان دیاری کردووە، لە ڕێگەی ئەم ڕاگەیەندراوەوە داوا لە وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی، ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت حکوومەتی عێراقی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خاکی ئەواندا نیشتەجێن دەکەین، ئاگاداری ئەو پلانە نیزامی و ئەمنیەتییانەی کۆماری ئیسلامی بن کە بەڕێوەن. داوا دەکەین هەموو لایەک بە هەموو توانا و زەرفییەتی دیپلۆماسی و ڕێکارەکانی دیکەی بەردەمیان هەوڵەکانیان بۆ پێشگرتن لە هەرجۆرە هێرشێکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بخەنە گەڕ. لەگەڵ ئەوەشدا بەلەبەرچاوگرتنی واقعییەتی هێژمۆنی و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراق بەتایبەتی لە ئاستی ئاسمانیدا، سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان لە عێراق بۆ بەرپرسایەتییەکانیان بە مەبەستی هەنگاوی بەکردەوە دژی دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی و پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی جینایەتەکانی ڕادەکێشێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی ئەم ڕاگەیەندراوەوە جارێکی دیکەش بە پێداگری لەسەر سیاسەتە درووست و ئوسوولییەکانی خۆی کە تەبا لەگەڵ هەموو بەها و بایەخە نێونەتەوەیی و جیهانگیرەکانە، تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساودانی دەستدرێژییەکانی لە وڵاتی دراوسێی و جینایەتە یەک لە دوای یەکەکانی لەدژی پەنابەرانی سیاسی بەرپەرچ دەداتەوە و ڕەتی دەکاتەوە. لەڕاستیشدا ئەوە خودی کۆماری ئیسلامییە کە بە زاڵکردنی کەشی میلیتاریستی و گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوت تەنانەت لە بەرانبەر چالاکانی مەدەنی و خەڵکی بێدیفاع لە خۆپێشاندانە هێمنانەکانیشدا، تەواوی ئێران و بەتایبەت کوردستانی نائەمن کردووە. وەک ئەزموونەکانی ڕابردووش پێشانی داوە کۆماری ئیسلامی بە درێژەدانی ئەو سیاسەتەی نە دەتوانێ قەیرانەکانی نیوخۆی چارەسەر و، نە کورد و باقی نەتەوە مافخوازەکان و سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی ئێران ملکەچ و بێدەنگ



بکا و، لەکۆتاییدا سەرکەوتن هەر بۆ گەلانی ئێران و هەموو ئازادیخوازانی ئەم وڵاتەیە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**١٨ی خەرمانانی ١٤٠٢**
**(٩ی سێپتامبری ٢٠٢٣)**

## خالید عەزیزی:

# ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی نائەمنکردنی عێڕاق و وڵاتانی دیکەی ناوچەیە، چونکی گەرەنتیی مانەوەی خۆی لە ناوچەیەکی ناسەقامگیردا دەبینێ

**لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکیی ئێران نائەمنکردنی بەغدایە. مەبەستی ئێران ئەوەیە کوردستانی عێراق، کەرکووک و هەموو شوێنێک نائەمن بکات. دەیەوێ بشێوی لە سووریە و لوبنان هەبێت. ئەو دەیەوێ دەورووبەرەکەی هەموو نائەمن بن، چونکی پێی وایە درێژەی تەمەنی دەسەڵاتدارەتییەکەی لە دروستکردنی نائەمنی لە دەرەوی سنوورەکانیدایە. بۆیە ئێران هیچکات دەست لەوە هەڵناگرێ و، نە ڕوحم بە بەغدا و نە بە هەرێمی کوردستان ناکا. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوەڵ دەدین زۆر نەبین بە بیانووی کێشەی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و تێدەکۆشین کێشەی خۆمان تەنیا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێناسە بکەین**



**ئاماژە: دەنگی کوردیی ئەمریکا لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوا سەرنج و بۆچوونەکانی بەڕێزیانی لەسەر پرسی شۆڕشی ژینا و ئاسۆی نارەزایەتییەکانی ئێران، بەرپرسایەتیی لایەنە سیاسییەکان لە دۆخی ئێستا، پرسی گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر عێڕاق و هەرێمی کوردستان بە مەبەستی چەککردنی حیزبی دێموکرات و هەڕەشەی شەپۆلی نوێی هێرشەکانی سپای پاسداران وەرگرتووە. "کوردستان" پوختەی ئەم وتووێژە و بەشە گرینگەکانی دیمانەکەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**گرینگترین لێکەوتەی ئەو شۆڕشە گشتگیرەی ئێران؟**

ئەو جووڵانەوەیە بۆ ئێمەی کورد لەڕاستیدا زۆر شتی گرینگ و تایبەتی تێدا بوو. لە دوای شۆڕشی ئێران یەکەم جووڵانەوەی بەربەرینی جەماوەری بوو لەدژی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا بە کوردستانەوە نەبەسترابۆوە، بەڵکوو لە دەرەوی کوردستانیش خەڵکانێکی زۆر بەشدارییان تێدا کرد، بۆیە ئەوە هەنگاوێک بەرەو پێش بوو. لەبەر ئەوەی ئێستا خەڵکێکی زۆر دەزانن لە کوردستانی ئێران چ دەگوزەرێ و بەردەنگێکی زۆر بۆ کورد لە ئاستی ئێراندا پەیدا بووە. ئەمەش بەو دروشمانەی لە شارە گەورەکان بۆ هاوخەمی و پشتیوانی لە کوردستان دەدران، دیار بوو.

**دەسکەوتەکانی کورد لە شۆڕشی ژینادا؟**

یەک لە دەستکەوتەکانی کورد ئەوەیە ئێستا خەڵکێکی زۆرتر لە پرسی کورد تێدەگەن. دەستکەوتی دیکە ئەوەیە مادام ئێمە بەدوای چارەسی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا دەگەڕێین، دەبێ دۆستمان هەبێ و بەخۆشییەوە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو خەڵکێکی زۆری غەیرە کورد لە ئێران ئێستا دۆستایەتیی ئێمە دەکەن. دەسکەوتێکی دیکەش ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، کەم و زۆر لە ئاستی جۆراوجۆردا پشتیوانییان لە جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵکی کورد کرد و دەکرێ بەرێکخستن و هەماهەنگی و هاوکاریی هەموو لایەنەکانی ئێران ئەم نیزامە لەنێو بچێ و کوردیش لە چوارچێوی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بە مافەکانی خۆی بگات.

**ئاخۆ ئاڵوگۆڕێک لە بیرکردنەوەی خەڵکی ئێران بە نیسبەت دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردا پێکهاتووە؟**

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کێشە و ئاریشەکان زۆرن. بۆ ئەوەی ئێمە لە داهاتوودا لەگەڵ تاران بەرەوڕووی بەردەوامیی کێشەکان نەبینەوە، دەبێ لە ئێستاوە هەندێ بابەت یەکلا بکەینەوە. یەکەم ئەوە کە ئێرانی داهاتوو دەبێ بە ڕێککەوتن بەڕێوە بچێ. دوویەم چەسپاندنی چەمک و بنەماکانی وەکوو دێموکراسی، جیایی دین لە دەوڵەت، مافی وەکیەکی هەموو نەتەوەکان لە ئێران، هاوبەشیی هەموو لایەک لە ئیدارەدانی وڵات، نەهێشتنی هەرجۆرە هەڵاواردن و جیاوازیدانان. یانی بە لێکتێگەیشتنی هەموو لایەک دەکرێ تەزمینی ئەوە بکەین حکوومەتی داهاتوو نابێتەوە بە حکوومەتی ئێستا.

**بۆچی شۆڕش نەگەیشتە ئەوەی بڵێین لە سەدا سەدی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بێنە سەر شەقامەکان و یەکدەنگ بن، یەک بەرنامە بن، خاوەنی یەک دروشم بن؟**

بە باوەڕی من ئەوەی پێوەندیی بە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، ئەوەی لە توانایاندا بوو کردیان. باج و تێچوویەکی زۆریان دا. بەڵام نیزامێکی سیاسی تەنیا بە دروشم و خۆپیشاندان ناڕووخێ. بۆ ئەوەی نیزامێکی سیاسیی وەکوو کۆماری ئیسلامی نەمێنێ، دەبێ ئاڵترناتیڤ هەبێ، دەبێ خەڵک کە دەڵێن ئەو نیزامە دەبێ بڕوا دیاریش بێت کە چ سیستمێکی دیکە جێگای دەگرێتەوە. بە باوەڕی من ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەگشتی چ لە ئاستی نێوخۆ، و چ لە ئاستی دەرەوە، لە دروستکردنی ئاڵترناتیڤێک لەدژی ئەو نیزامە سەرکەوتوو نەبووە. هۆیەکەشی ئەوەیە لە ئێراندا بەداخەوە ئەزموونی دێموکراسی نییە و دێموکراسی نەبووە بە دامەزراوە، نەبووە بە فەرهەنگ. ئێران وڵاتێک بووە ئۆپۆزیسیۆنی سەردەمی پاشایەتی و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش زۆرتر بەشێوەی ئیدئۆلۆژی جەمسەری چەند ئیدیۆلۆژی و چەند بۆچوون و، چەند لایەنی جیاواز لە کێشەدا بوون لەگەڵ یەکتری. بۆیە ئێرانییەکان فێری دانیشتن لەگەڵ یەکتر و دانوستان و وتووێژ و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر نەبوون. ئەو لێکدابڕانە بەربڵاوانەی لە کۆمەڵگەی ئێراندا بووە، لەنێو حیزبەکانیش ڕەنگی داوەتەوە، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بەداخەوە تێپەڕ نەبووە و بچنە نێو فازێکی دیکەوە.

**ئەو دۆخە چەندە ئێوەی خستووەتە بەردەم بەرپرسیارییەتێکی نوێ بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانتان؟**

یەکەم ئەوەی بەخۆداچوونەوە و خۆبەڕۆژکردنەوە و بەشێوەی ڕۆژ سیاسەت کردن و بەڕۆژبوونی وێژمان زۆر زۆر پێویستە. لەبەر ئەوەی نەوەی نوێ لە ئێران زۆر خوێندەوارە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەوە لە شۆڕشی ژینادا بە تەواوی دەرکەوت. ئەوە ئەرکی ئێمەیە کۆمەڵگەی کوردستان و کۆمەڵگەیەک کە لە حاڵی ئاڵوگۆڕدا ببینین، و هەموو لایەک دەبێ ئەو زەرفییەتەیان هەبێت. لەژێر ڕووناکایی ئەو ڕاستییە یان ئەو لێکدانەوەیە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات هەوڵمان دا ئاڵقەی تێکەڵبوون و لێکحاڵیبوونی پتر لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد بکەین. بەڵام بەداخەوە حیزبە ئێرانییەکان بەشێکی زۆریان دوورن لە واقعەکانی ئێران کە دیارە ئێستا ئەو باسە لەنێو ئەوانیشدا هەیە. بۆیە ئەو مەودایەی نێوان حیزبەکانی ئێران و ڕێبەرانی ئەوان و پێوەندیی نێوان ئەوان یەکجار زۆرە و دەبێ ئەوە بەجۆرێک چارەسەر بکرێ. چونکە ئەوە شەقام لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە چارەنووسی داهاتووی ئێران دیاری دەکا نەک دەرەوە.

**چۆن دەکرێ پێوەندیی ئۆرگانیک لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی لەگەڵ لاواندا دروست ببێ؟**

دەبێ دەرکی ئەو لاوانە و ویست داخوازییەکانیان بکەین. ئەو لاوانە بە کچ و کوڕ و خەڵک بەگشتی داوایان ئەوەیە دۆخی ژیان، دۆخی بنەماڵەیی و دۆخی خوێندنی ستاندارد و باشیان هەبێت. هەلی کاریان بۆ برەخسێ و لە دنیای مۆدێرنی ئێستادا ژیانی شیاوی خۆیان هەبێت. ئەوە دەبێ بێتە نێو قسەکانی ئێمەوە. تەنیا بە سەرفی سیاسەتکردن و یا بەهۆی دروشمدان دژی کۆماری ئیسلامی ناکرێ ئەو کۆمەڵگەیە لەگەڵ خۆت بێنی. بە باوەڕی من دەبێ هەمووی ئێمە کۆی ئەو لاوانە بە کچ و کوڕ ببینینەوە، چونکە ئەوانە دینامۆی سەرەکی ئەو جووڵانەوەیەن و حیزبی ئێمە وەکوو هەموو لایەنەکانی دیکە پێویستیی بەوە هەیە لەو بوارەدا بتوانێ خۆی نوێ کاتەوە و قسەی بۆ ئەو نەسڵەش هەبێ.

**ئایا ڕێبەرانی حیزبەکان بە حیزبی دێموکراتەوە قایلن جێگای خۆیان بەجێ بێڵن بۆ لاوەکان؟**

حیزبەکەمان بەخۆشییەوە جێگای تایبەتیی بە لاوان داوە و لەنێو ڕێبەرییەکەی کەسی لاوی زۆر تێدا. هەروەها ڕێکخراوی تایبەت بە لاوانی هەیە. بەڵام من لەو باوەڕەدام دەبێ ڕێکخستنەکانی حیزب زۆرتر و زۆرتر ئەو عەقڵییەتە بێنێتە نێو خۆی و بەجۆرێک سیاسەت بکا ئەو لاوانە پتر لەگەڵی بکەون. ئەوە بە مانای ئەوە نییە لە ڕێبەریی حیزبدا کەسەکانی یەکەم و دوویەم و چوارەمی حیزب حەتمەن دەبێ تەمەنیان ٢٠ یان ٣٠ ساڵ بێ. گرینگ ئەوەیە قسەکردن و بۆچوونەکانی ڕێبەری دەبێ جۆرێک بێ، هەست بکا لە شەقامەکانی کوردستان و ئێران و لە شارەکان و گوندەکانی کوردستانی ئێران قسە دەکا و دەورووبەری خۆی دەبینێ. بۆیە بە تەبیعەتی ویست و داخوازیی ئەوان هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکان دەکا.

**ئایا شۆڕشی ژینا دیسان هەڵەسوون دێنێتەوە؟**

هەموو لایەنەکان لە یەکساڵی ڕابردوودا ئەزموونی باشیان لە شۆڕش وەرگرتووە. ئەزموونی ئێمە ئەوەیە چۆن بەرینتری کەینەوە و چی بکەین خەڵکێکی زۆرتر بەشدار بێ. کۆماری ئیسلامییش ئەزموونی ئەوەی هەیە چۆنی سەرکوت بکات. جا ئەگەر وایە شەڕ لەنێوان خەڵک و کۆماری ئیسلامیدایە. من پێشبینی ئەوە دەکەم کۆماری ئیسلامی فەزاکە پتر نیزامی بکا و هەوڵ دەدا لە کوردستان کە کانگای ئەو شۆڕشەیە زۆرتر بەئەمنییەتی بکا و بیانوو بە خەڵک بگرێ و بشێوی بێنێتەوە. هەروەکوو ئێستا چۆن هەوڵ دەدا سنوورەکان نائەمن بکا و شەڕ بە حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە بفرۆشێ. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەگەر بە بەربڵاویی ساڵی ڕابردووش نەبێ، ڕەوتی خەبات لەپێناو ئەو مافانەدا بەردەوام دەچێتە پێشێ.

**کاردانەوەتان بە گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی چییە؟**

هەمووان دەزانین ڕێژیم لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە دانووستان دایە و گوشار دەخاتە سەر حکوومەتی عێراق و، لە کاناڵی عێراقیشەوە گوشار دەخاتە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەوانەش تابعێکە لە وەزعی نێوخۆی ئێران. لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا ڕێژیمی ئێران هەوڵی دا لە کوردستان توندوتیژی هەبێت بۆ ئەوەی بە ئێرانییەکان بڵێ لە کوردستان هەوڵ بۆ جیاکردنەوەی ئێران دەدرێ و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنیش بەداخەوە ئەوە دەڵێن. لە هەمانکاتیشدا، کێشەکە بێنێتە نێو عێراق و هەرێمی کوردستان و بڵێ لە دەرەوی سنوورەکانی ئێران لەدژی ئێران هەڕەشە هەیە. ئێمە پێمان وایە ئێران زۆرتر بۆ هەڵاتن لە قەیرانەکانی نێوخۆ کە توانای چارەسەرکردنیانی نییە، دەیەوێ قەیرانەکانی بخاتە نێوخۆی عێراقەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە ڕێژیمی ئێران حکوومەتێکە بە شۆڕش هاتووەتە سەر کار و، درێژەی دەسەڵاتەکەشی لە نانەوەی بشێوی یا بە قەولی خۆیان هەناردەی شۆڕشدا دەبنین.

تا ئەو جێگای پێوەندی بە ئێمە و بوونمان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئێمە بە ڕێزەوە چاو لە حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەین و نابینە هۆی کێشە بۆ ئەوان، هەروەکوو لە ڕابردووشدا گوتوومانە تێدەکۆشین لە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ جموجۆڵی نیزامی لەدژی کۆماری ئیسلامی کەڵک وەرناگرین.

**ئەی ئەگەر گوشارەکان زیاتر بوون، ئایا ئامادەن بارەگاکانتان چۆڵ بکەن و چەکەکانتان دابنێن؟**

ئەو مەسەلەیە دوو لایەنی هەیە. لایەنێک ڕەنگە ڕێژیمی ئێران بەپێی پێوەندیی نێودەوڵەتی لە عێراق ئەو چاوەڕوانییەیان هەبێ و ڕەنگە سروشتییش بێ کە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ جووڵەی چەکداری لەدژی ئەوان کەڵکی لێ وەرنەگیرێ. بەڵام ئەوەی کە بوونی حیزبێکی کوردستانی ئێران لە کوردستانی عێراق و لە خاکی عێراقدا چۆن بێ، ئیدی ئەو مەسەلەیە پێوەندیی بە ئێرانەوە نییە و پێوەندی بە عێراق و بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە. جا ئیران دەیەوێ ئەوانە تێکەڵ بکا و ویست و داخوازیی سەیر و سەمەر بێنێتە گۆڕێ کە وەک باسم کرد حیزبی دێموکرات ئەوەندەی پێوەندی بە عێراق و سەروەریی خاکی عێراقەوە هەیە، بە چاوی ڕێزەوە بۆی دەڕوانێ و تێدەکۆشێ هاوکاری لەگەڵ هەردوو لایەنی حکوومەتی هەرێم و بەغدا بکا و بەجۆرێک چارەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە ببینێتەوە. بەڵام ئیدی ئێران مەبەستی دیکەی لەوە هەیە.

لە ڕاستیدا مەبەستی سەرەکیی ئێران نائەمنکردنی بەغدایە. مەبەستی ئێران ئەوەیە کوردستانی عێراق، کەرکووک و هەموو شوێنێک نائەمن بکات. دەیەوێ بشێوی لە سووریە و لوبنان هەبێت. ئەو دەیەوێ دەورووبەرەکەی هەموو نائەمن بن، چونکی پێی وایە درێژەی تەمەنی دەسەڵاتدارەتییەکەی لە دروستکردنی نائەمنی لە دەرەوی سنوورەکانیدایە. بۆیە ئێران هیچکات دەست لەوە هەڵناگرێ و، نە ڕوحم بە بەغدا و نە بە هەرێمی کوردستان ناکا. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوەڵ دەدین زۆر نەبین بە بیانووی کێشەی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و تێدەکۆشین کێشەی خۆمان تەنیا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێناسە بکەین.

**ئەگەر تەنیا دوو هەڵبژاردنتان هەبێ، چەکدانان و چوون بۆ ئۆردووگایەکی تر یان گەڕانەوە بۆ کوردستان؟**

تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە گەڕانەوە بۆ کوردستانەوە هەیە، پێویست ناکا حیزبی دێموکرات بەشێوەی چەکدارانە بگەڕێتەوە بۆ نێوخۆی کوردستان. چون خەڵکەکەی لەوێیە. بە هەزاران هەزار لەو خەڵکە ڕۆژانە لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و حیزبیی خۆیان لەدژی کۆماری ئیسلامی بەردەوامن و بەخۆشییەوە هیچ پێویستییەکیان بە چەکوچۆڵ و جموجۆڵی نیزامی نییە. تا ئەو جێگایەش پێوەندی بە بوونمان لە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لەڕاستیدا ئێمە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و، بە دەرککردنی هەلومەرجی هەرێمی کوردستان هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوان دەکەین. بۆیە ئێمە لەوێ بەجۆرێک ناجووڵێینەوە ببینە هۆکاری زیان و خەسار بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.

**ئادرەسی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران؟**

چارەسەری پرسی کورد لە ئێران لەنێو ئەو وڵاتەدایە. واتە ئەگەر بگونجێ و جێبەجێ بێ وگوێمان بدەنێ لە تارانە. ئێمە لە ئێراندا بەدوای چارەسەری مەسەلەکە دەگەڕێن، بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامی هیچ ئیستعدادێکی نیشان نەداوە، دی ئەگەر وایە بەردەنگی ئێمە کێ دەبێ؟ دەبێ خەڵکی ئێران و ڕێکخراو و حیزبەکانی ئێرانی بن. بۆیە ئێمە هەر لە نێوخۆی ئێراندا بەدوای چارەسەری ئەو پرسەدا دەگەڕێین. ڕاستە ئێمە لە وتووێژەکانمان لەگەڵ ئێران بە هیچ نەگەیشتووین، چونکی ڕێژیم ئەوەی ناوێ، بەڵام دیسانەکەش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە پرسی کورد لەڕاستیدا حەللی نیزامیی نییە. ئەوەش کە ئێمە چەک و هێزی پێشمەرگەمان هەیە، کاتی خۆی هێرش کرایە سەر کوردستان و خەڵک هیچ چارەی نەبووە غەیری ئەوەی خۆی ڕێک بخا و حیزب بۆ بەرگری لە کوردستان لە خۆی و لە خەڵکەکە ئەو هێزەی هێشتۆتەوە.



# دۆینێ و ئەمڕۆی ڕاپەڕین و ئەرکەکانی بەردەممان

**پوختەی وتاری کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کارنەڤاڵی ژن، ژیان، ئازادی لە ستۆکهۆلمی سوێد کە ڕۆژی شەممە ١٨ی خەرمانان بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی سێ کارەساتی تێرۆری میکۆنووس، مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ساڵوەگەڕی شۆڕشی "ژینا" بەڕێوە چوو**

**بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی–عیراق پرسێکی قانوونی و حقوقییە کە پێوەندی بە نێوخۆی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عیراقە هەیە. لە هەمان کاتدا بەپێی هەموو پێوەرە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان بەرپرسایەتیی پاراستنی گیان و ماڵی ئەندامان و بنەماڵەکانی ئەو حیزبانە کە ماوەیەکی دوورودرێژە لە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقدا نیشتەجێن، دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتی ناوەندیی عێراق و هەرێمی کوردستان**

لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا ڕووداوی جۆراجۆر ڕوو دەدەن، بەڵام لەنێو ئەو ڕووداوانـــەدا کۆمەڵێکیان کاریگەریی هەرمانیان لەسەر کۆیادی مێژوویی ئەو نەتەوانە بەجێ هێشتووە و ئەمە بۆ نەتەوەی کوردیش ڕاستە. ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین و تەنیا ئاوڕێک لە مێژووی هاوچەرخی کورد بدەینەوە، دەبینین لە ساڵدا ڕۆژ نییە گەلی کورد بە دەستی حوکمڕانانی دیکتاتۆر و زاڵم تووشی کارەساتی گیانی و ژینگەیی نەبووبێ. بەڵام لە هەر پارچەیەک لە کوردستانی دابەشکراودا هێندێک ڕووداو هەن کە بە تێپەڕبوونی زەمەنیش لە بیروزەینی تاکی کورددا ناسڕێنەوە. هێندێک لەو ڕووداوانە بە ڕادەیەک ناخهەژێنن و دەرخەری بەشمەینەتیی کوردن کە بوونەتە هێمای مەزلوومییەتی نەتەوەیەک و لە هەمان کاتدا هۆکارێکی گرینگیش بوون بۆ سووربوونی نەتەوەی کورد لەسەر درێژەدانی خەباتەکەی.

کە بەخێرایی ئاوڕ لە دۆخی کورد لە ماوەی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دەدەینەوە، هەمووان دەزانین کە نەتەوەی کورد و حیزبە خەباتکارەکەی بە مێژووی ٣٣ خەباتی سیاسی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری ڕێژیم خەتی خۆی لە کۆماری ئیسلامی جیا کردەوە. بۆیەش هەر چەند مانگ دواتر لەلایەن ڕێبەری ڕێژیمەوە فتوای جیهادی لەدژی درا و لە ماوەی ئەو ٤٤ ساڵەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەژێر سێبەری ئەو فتوایەدا هەزاران جینایەتیان خوڵقاندووە کە بەپێی قانوونە نێونەتەوەییەکان بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی دادەنرێن.

مانگی خەرمانان بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو مانگانەیە بەداخەوە پڕە لە کارەساتی ناخهەژێن، بەڵام لە هەمان کاتدا مانگی خۆڕاگری و دیفاع لە مان و مەوجوودیەتی گەلی کوردیشە. دوو حەوتوو دوای فتوا بەدناوەکەی خومەینی لە ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨دا خەڵکی گوندی قارنێ لە ناوچەی نەغەدە کۆمەڵکوژ کران. لەو جینایەتەدا هێزەکانی سپای پاسداران دەستیان لە ژن و پیاو، منداڵ و پیر و لاو نەپاراست و تەنانەت حورمەتی مەلای ئاوەدانیشیان نەگرت و قورئان بەدەست شەهیدیان کرد. بەڵام مخابن کە ئەو جینایەتە بە بێدەنگی بە بەرچاوی خەڵکی ئێران و بیروڕای گشتیی جیهانیشدا تێپەڕی و هەر ئەوە بووە هۆی دەستئاوەڵایی ڕێژیم بۆ بەردەوامییان لە خوڵقاندنی جینایەت لە دوای جینایەتی دیکەدا. ئێمە دەزانین کە ١٣ ساڵ دوای جینایەتی قارنێ ئەمجارەیان لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١دا د.سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبیان لەگەڵ پۆلێک هاوڕێی دیکە تێرۆر کرد. هەر لە درێژەی ئەو جینایەتانەدا ٢٦ ساڵ پاش تێرۆری د. شەرەفکەندی و هەر لە مانگی خەرماناندا، لە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧دا بنکەکانی حیزبی دێموکراتیان کردە ئامانجی مووشەکە دوورهاوێژەکان کە بەداخەوە بوو بە هۆی شەهیدبوونی ١٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و دەیان کەسیش کە ژن و منداڵیشیان تێدا بوو، بریندار بوون.

ڕاستە برینی ١٧ی خەرمانان قورس بوو، بەڵام ڕێژیم ئەوجارەش نەیتوانی ئامانجە سەرەکییەی کە لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات و کپکردنی جـووڵانـەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە بپێکێ. چونکە حیزبی دێموکرات خاوەنی پشتیوانیی بەربەرینی خەڵکی خۆیەتی و وا بەئاسانی لەنێو ناچێ. بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە ئەوەندە بەسە بڵێین تەنیا ٤ ڕۆژ دوای مووشەکبارانی حیزبی دێموکرات لە ٢١ی خەرمانانی ئەو ساڵەدا، خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و نارەزایەتی دەربرین بە کوشتنی ڕۆڵەکانی کورد گەورەترین حەماسەی مانگرتنیان خوڵقاند کە پەیامەکانی زۆر ڕوون و ڕاشکاو بوون. بەڵام دیسان دەسـەڵاتدارانـی تـاران چـاویـان لـە ئاستی ئەو واقیعییەتە نووقاند کە جووڵانەوەیەکی نـەتـەوەیـی و دێـموکـراسیـخـوازی مـاوەی نیزیک بە ٨ دەیەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە و ئەم جووڵانەوەیە پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خۆڕاگری، خەباتکاری و خسڵەتەکانی شۆڕشگێری لە کوردستاندا دروست کردووە.

٢٥ی خەرمانانی پارەکە ڕووداوێکی دیکەی گرینگی مێژوویی ڕووی دا کە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە تاران بوو. ئەوە بوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دوای کوژرانی مەزلوومانەی ژینا بە دەستی گەشتی ئێرشاد داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد لە حاند ئەو جینایەتەدا بێدەنگ نەبن. خەڵکی کوردستان بەپیل بانگەوازەکەی ناوەندی هاوکارییەوە هاتن و شارەکانی کوردستان یـەک لە دوای یـەک تیکەڵ بە مانگرتنی گشتی بـوون. کاتێکیش نارەزایەتییەکان لە کوردستان بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بە ڕووی گشتییەتی نیزامدا تەقیـەوە و بەخێرایی سنوورەکانی کوردستانی ئێرانی بری و بوو بە نارەزایەتیی سەرانسەری لە هەموو ئێران؛ ئەم ڕاپەڕینە هێڵە سوورەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی تێپەڕاند و ئیدی نـاوی "ژینـا" بـوو بە ڕەمـزی سـەرهـەڵدان و بـەردەوامیـی شـۆڕش. دەسـەڵاتـدارانـی تـارانـیـش وەک پـیـشـەی هـەمـیـشـەیـیـان پەنایان بردەوە بەر تاکەڕێگا چارەسەر لە ڕوانگەی خۆیانەوە کە ئەویش سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکانی خۆپێشاندەر بوو. هەموو بینیمان کە هێزەکانی ڕێژیم دەستیان لە کەس نەپارست، گیانیان لە سەدان لاوی خەباتکار ستاند، بە هەزاران هەزار کەسیان بریندار کرد، بە دەیان هەزار کەسیان تەنیا بە تاوانی! مافویستی ڕاپێچی زیندانەکان کرد و بە چەندین کەس لەو بەندکراوانەشیان بە تاوانی بێبنەما ئێعدام کرد.

ڕێژیمی کـۆمـاری ئیسلامی هـەمـوو ئەو تـاوانـانـەی دەرحــەق بە خـەڵکی نـاڕازیی سەرشەقام کرد، هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنی ژینا بە دەستی هێزە ئینتیزامییەکان لە تاران نەکوژراوە. لەو هەلومەرجەدا کە ڕاپەڕینی ژینا هەتا دەهات لە ئاستی ئێراندا ڕەگی دادەکوتا، دەسەڵاتدارانی تاران کە خۆشیان باوەڕیان کردبوو ڕووخانیان نزیک بۆتەوە، لە تەنیشت سەرکوتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات کـەوتنە پیلانگێری بـەدژی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان. ئامانجەکە ڕوون بوو: بەلاڕێدابردنی بیروڕای کۆمەڵگەی ئێران و دیزەبەدەرخۆنەکردنی قەیرانێکی گەورە بە دروستکردنی قەیرانێکی دی لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات. ئەوە بوو پاش ئامادەکاریی زەینی بە چەواشەکردنی ئەوەی لە کوردستانەوە مەترسی لەسەر دابەشبوونی ئێران هەیە و حیزبە کوردییەکان هۆکاری سەرەکیی نارەزایەتیی خەڵکن، لە کاتێکدا کە تازە مانگێک بوو حیزبی دێموکرات یەکی گرتبۆوە و ئەو یەکگرتنەوەیە گیانی وەبەر نارەزایەتییەکان لە شەقامەکانی کوردستان نابوو، حیزبی دێموکرات لە ٦ی ڕەزبەر و کەمتر لە دوو حەوتوو پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا بە زیاتر لە هەشتا مووشەکی دوورهاوێژ و دڕۆن هێرشی کردەوە سەر بنکە و شوێنی ژیان حەوانەوەی ماڵ و منداڵی حیزبە کوردییەکان. دوای ئەم هێرشانەش کە بوونە هۆی شەهیدبوون و برینداربوونی دەیـان تێکۆشەری سیاسیی دیکە، هەتا ئێستاش شەڕێکی ڕەوانی هەمەلایەنەی لە ڕێگای دەزگاکانی تەبلیغی و پروپاگەندەو میدیای سێبەر و دەستوپێوەندەکانی خۆیەوە بەدژی حیزبە کوردییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات دەست پێ کردووە. هەروەها لە درێژەی گوشارەکانی بۆ سەر حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان چەککردنی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کـوردی لـەوان دەوێ کە لە دوو لایەنەوە جێی هەڵوێستە لەسەر کردنە:

یـەکـەم، بوونـی حیزبەکانی ڕۆژهـەڵاتی کـوردسـتـان لـە هـەرێـمی کـوردسـتـانـی–عـیـراق پرسێکی قانوونی و حقوقییە کە پێوەندی بە نێوخۆی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عیراقە هەیە. لە هەمان کاتدا بەپێی هەموو پێوەرە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان بەرپرسایەتیی پاراستنی گیان و ماڵی ئەندامان و بنەماڵەکانی ئەو حیزبانە کە ماوەیەکی دوورودرێـژە لە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقدا نیشتەجێن، دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتی ناوەندیی عێراق و هەرێمی کوردستان. بەڵام کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی خۆیـەوە بە پشتبەستن بە ڕێککەوتننامەی خۆیان لەگەڵ حکومەتی عێراق باس لە چەککردنی ئێمە دەکەن و بە ڕۆیشتنی بەردەوام لەسەر ئەو بابەتە ئەویش لە بەرەبەری ڕاپەڕینی "ژینا"دا دەیانهەوێ لە بیروڕای گشتیی ئێران و جیهاندا پرسی کورد و خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تەنیا لە چەک و چەکداریدا کورت بکەنەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە فتوای خومەینی و سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان و بەردەوامیی ئەو شەڕە بووە هۆی ئەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ بەرگری لە مان ومەوجوودییەتی گەلی کورد و داوا ڕەواکەی پێک بێ و ئەو چەکەش بۆ بەرگری بووە نەک هێرش و پەلامار.

مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان پڕە لە هەوڵ و تەقەلای ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری پرسی کورد. پێشەوا قازی محەممەد دەیتوانی بەشی ئەوەندە شەڕی سپای پاشایەتیی ئێران بکا کە گیانی خۆی و هاوڕێکانی ڕزگار بکا، بەڵام گیانی خۆی و هاوڕێیەکانی بەختی سڵامەتیی گەلەکەی کرد. د. قاسملووش هەر بەو ڕێچکەدا ڕۆیشت و دەستی ئاشتیی بۆ دەسەڵاتدارانی تـاران درێـژ کـرد، بـەڵام لـەسـەر مێزی وتوویژ ناجوامێرانە شەهیدیان کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەوکاتەی دوو لـەسـەر سـێی خـاکی کـوردستـانی بەدەستەوە بووە و چ ئەوکاتانە ناچار بووە لە تاراوگە ڕێبەریی جووڵانـەوەی میللی دێموکراتێکی خەڵکی کوردستان بکا، باوەڕی وا بووە و واش دەمێنێتەوە کە چارەسەری پرسی کورد، تەنیا ڕێککەوتن و چارەسەری مـەدەنـی و ئاشتییانەیە. ئـەو هـەمـووە پەلەقاژەیەی دەسەڵاتدارانی تارانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو هێزیانەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسیی، نیزامی، ئەمنییەتی و پیلانە فەرهەنگییەکانیانەوە، نـەک نەیانتوانیووە جووڵانەوەی میللی دێموکراتێکی گەلی کورد و گەشەکردنی هەست و بیری نەتەوایەتی لە ڕۆژهـەڵاتـی کـوردسـتـان کپ بکـەن؛ بەڵکوو لە شۆڕشی ژینادا لەسەر شەقام بۆیان دەرکەوت کە بزووتنەوەی سیاسیی کـورد چـەنـدە زیندوویە و پێگەی حیزبی دێموکراتیش لە چ ئاستێکدایە.

زۆر خاڵ لە ڕاپەڕینەکەی ئەمجارەیاندا دیـار و بـەرچـاون، وەک ئـەوەی خەڵکی ئێران بە گشتی ئەمجارەیان نەکەوتنە ژێر کاریگەریی دەزگای پڕوپاگندەی ڕێژیم و بەتایبەت پاڵپشتیی خۆیان بۆ کوردستان و بەلووچستان دەربڕی و ئەو هاوپێوەندییە بە ڕادەیەک بوو کە تەنانەت دەسەڵاتدارانی تاران کە لە هەلومەرجی ئەوکاتدا پێویستیان بە خۆپێشاندان لەسەر شەقامەکان هەبوو، نـەیـانـوێـرا لایـەنگرانـی خـۆیـان بـەنـاوی "ئۆممەتی هەمیشە در سەحنە" بۆ پشتیوانیی خۆیان بێننە سـەر شـەقام. یان ئـەوە کە کاریگـەریـی شـۆڕشـی ژینـا لـە دەرەوەی سنوورەکانیش بـووە هـۆی ئـەوەی باسی بە تێرۆریستناساندنی سپای پاسداران لە پاڕلمانی وڵاتـان و لـە ئاستبەرزترین ناوەندی ئوروووپادا بێتە بەر باس. ڕاستە کە ئێستا لەژێر زەبروزەنگ و کوشتاری خەڵکی بێدیفاعی سەر شەقامدا ڕێژیم توانیویەتی بەڕواڵـەت نارەزایەتییەکان کۆنترۆڵ بکا؛ بەڵام هیچ کام لە تاکتیکەکانی دادی نادەن و هەمووی گۆڕانکارییەکان لە درێژخایەندا بە قازانجی گەلانی ئێران تـەواو دەبن. بەو مانایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هیچ حاڵەتێکدا ناتوانی بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی پێش ڕاپەڕینی ژینا.

دواخاڵ باس لە گرینگترین ئەرکەکانمانە: مێژووی زیاتر لە چل ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کـۆمـاری ئیسلامی و نـارەزایـەتـیـیـەکـانـی گەلانی ئێران پێمان دەڵێ مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە قۆناخی یەکەمدا لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەککرتوو و بەهێزدایە. بۆیە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان پێویستە یادکردنەوەی ڕاپەڕینی ژینا بکەنە دەرفەتێک بۆ لێکنزیکبوونەوەی زیاتر و لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ هێزە دێموکراتیک و ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران.

## زیاتر لە ١٠٠ چالاکی سیاسی و مەدەنیی باشووری کوردستان:

# پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی هەم ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم و هەم هەرێمی کوردستانی بەئامانج گرتووە

زیاتر لە ١٠٠ چالاکی سیاسی و مەدەنیی باشووری کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکی سـەرئـاوەڵادا دەڵـێـن پیلانەکانی کـۆمـاری ئیسلامیی ئێران و دەستدرێژییەکانی هەم ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم نیشتەجێ لە باشوور و هەم هەرێمی کوردستانی هاوکات بەئامانج گرتووە.

لـەو ڕاگـەیـەنـدراوەدا هـاتـووە کـۆمـاری ئیسـلامـیی ئـێـران لـە نـێـوخـۆی وڵات لە بـەردەم نارەزایەتییەکی بـەرفـراوانـی ژنان و ئازادیخوازان و زەحمەتکێشاندایە و لە یەکەمین ساڵیادی ڕاپەڕینێکیش نزیک دەبێتەوە کە پارەکە بـەدوای کوشتنی ژینا ئەمینی سـەری هـەڵـداوە، چا بۆ پاشەکشەپێکردنی بـزووتـنـەوەی نـارەزایـەتـی و پێشگرتن بەسەرهەڵدانەوەی سەرلەنوێی ئەم ڕاپەڕینە، دەیـەوێ لـەژێر نـاوی پاراستنی ئەمنیەتی سنورەکان، لەشکرکێشی و دەستدرێژیی نیزامیی بکاتە سەر هەرێمی کوردستان و بەمجۆرە هەم لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد بدات و هەم قەیران و کێشەکانی نێوخۆ و مەیدانی ململانێیەکانی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی بگوازێتەوە.

لـەو ڕاگـەیـەنـدراوەدا هـاتـووە: ئەم هەڕەشانەی کۆماری ئیسلامی و ئەو هێرش و پەلامارانەی بەشوێنیدا دێن، تەنیا مەترسی نین بۆ سەر ژیانی هەزاران پەنابەری سیاسی کە ژمارەیەکی بەرچاویان ژن و منداڵ و خەڵکی سڤیلن، بەڵکو هاوکات هەڕەشە و هێرشە بۆ سەر شکۆ و سەروەری و ئەمنییەت و ژیانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانیش. هەروەها هەموو ئەو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات وەک پـەنـابـەری سیاسی و بەرێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق و بە هەماهەنگی لـەگـەڵ حکومەتی هـەرێـم و بە ئاگاداریی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن و بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان و عورفی وڵاتان، پەنابەرانی سیاسی دەبێ ماف و ژیانیان پارێزراو بێت.

لـە بەشێکی دیـکـەی ڕاگـەیـەنـدراوەکـەدا هاتووە ئێمە ئەم پلانە دژەمرۆییەی کۆماری ئیسلامی مـەحـکـووم دەکـەیـن و پشتیوانی خـۆمـان بۆ ئـازادی مـانـەوە و هـەڵسوڕانی سیاسی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنین. بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە ڕای گشتی و خەڵکی کوردستان، حیزبە سیاسییەکان و ڕێـکـخـراوە مـەدەنیـەکـان، هەموو ئینسانێکی ئـازادیـخـواز، ... دەکەین دژی هـەرجـۆرە دەستدرێژییەکی دەرەکـی بـووەسـتـنـەوە و بـەهـەرشـێـوەیـەک بۆیان دەکرێت هاوکار و پشتیوانی پەنابەران و خانەوادەکانیان بن. هـەروەهـا فشارەکانی خۆشیان توند بکەنەوە لەسەر دامـەزراوە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم تا لەئاست جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا چاو نەنوقێنن و بێدەنگ نەبن.

ڕاگەیەندراوەکە لە کۆتاییدا دەڵێ: هەردوو حکومەتی عـێـراق و هـەرێـم بەرپرسیارن لـە دابینکردنی ئەمنیەتی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران و پەنابەران و بنەماڵەکانیان و پاراستنی ئەمنییەتی خەڵکی کوردستان و هەرچەشنە هاوکارییەکیشیان بۆ هەر هێزێکی دەرەکـی بە شەریک و هاوبەشی تاوان دادەنرێت.

## له مه‌رگی ژیناوه تا ژیانه‌وه‌ی شۆڕشێک



سمایل شه‌ره‌فی

ڕۆژی ۲۵ی خه‌رمانانی ۱٤۰۲ی هه‌تاوی ساڵێک به‌سه‌ر مه‌رگی ژینا ئه‌مینی، کچه کوردی سه‌قزی ڕابرد که له تاران به ده‌ستی هێزه په‌لامارده‌ره‌کانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی کوژرا. ڕووداوێک که بوو به‌هۆی هه‌ڵگیرسانی بزووتنه‌وه‌یه‌کی نارەزایه‌تیی به‌ربه‌رینی له مێژووی ئێران و کوردستاندا. بێگومان ئه‌وه‌ی هه‌مووان له‌سه‌ری کۆکن ئه‌وه‌یه که شۆڕشی ژینا له دوای شۆڕشی گه‌لانی ئێران دژبه ڕێژیمی پاشایه‌تی له ۲۲ی ڕێبه‌ندانی ۱۳۵۷ی هه‌تاوییه‌وه، گه‌وره‌ترین و به‌ردرێژترین بزووتنه‌وه‌ی نارەزایه‌تیی دژبه کۆماری ئیسلامییه.

باسکردن له شۆڕشی ژینا که له کوردستانه‌وه سه‌ری هه‌ڵدا و سه‌رانسه‌ری ئێرانی گرته‌وه و له ئاستی جیهانییشدا زۆرترین سه‌رنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ڕه‌هه‌ندی جۆراوجۆری هه‌یه که له ماوه‌ی یه‌کساڵی ڕابردوودا زۆری له سه‌ر وتراوه و نووسراوه. بۆیه له‌م کورته وتاره‌دا وه‌ک زۆر جارانیش باسی کراوه سه‌رنج ده‌خه‌ینه سه‌ر ڕه‌هه‌نده کوردستانییه‌که‌ی و له‌م پێوه‌ندییه‌دا ته‌نیا چه‌ند سه‌رنجێک دووپات ده‌که‌ینه‌وه.

ئه‌وه‌یکه ئه‌م سه‌رهه‌ڵدانه شۆڕشگێڕانه‌یه له کوردستانه‌وه سه‌ری هه‌ڵدا له‌گه‌ڵ زیان و تێچووه ئه‌منیه‌تییه‌کانی که به سه‌رنجدان به ڕوانین و هه‌ڵوێسته‌کانی ڕێژیم به‌رانبه‌ر به کورد و پرسه ڕه‌واکه‌ی پێشبینیکراو بوو، بۆ کوردستان ده‌رفه‌تێکی مێژوویی و به‌که‌ڵک بوو. کوردستان وه‌ک ناوه‌ندی ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی ده‌یان ساڵه دژبه سه‌ره‌ڕۆیی و سیاسه‌تی دژگه‌لیانه‌ی کۆماری ئیسلامی، به‌پێچه‌وانه‌ی ته‌بلیغات و ئیدیعا درۆیینه‌کانی ئه‌م ڕێژیمه که هه‌میشه هه‌وڵی سڕینه‌وه‌ی ڕه‌وایی خه‌باتکارانه‌ی بزووتنه‌وه‌ی خه‌ڵکی کوردستانی داوه، توانی بۆ جارێکی دیکه سه‌رنج و متمانه و پشتیوانیی خه‌ڵکانی دیکه‌ی ئێران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و له ڕووی گوتارییه‌وه کۆماری ئیسلامیی ئێران به‌ره‌وڕووی گه‌وره‌ترین ئاسته‌نگی ته‌مه‌نی خۆی بکات. هێرشی مووشه‌کی بۆ سه‌ر بنکه و باره‌گای حیزبه‌کان و ده‌ستنه‌پاراستنی هێزه سه‌رکوتکه‌ره‌کان له شۆڕشگێڕانی سه‌ر شه‌قامه‌کانی کوردستان، پێشانی دا که ئه‌م ڕێژیمه به‌رانبه‌ر به کوردستان ده‌سته‌وه‌ستان و دۆڕاوه. بۆیه خه‌ڵک له سه‌رانسه‌ری ئێراندا به ده‌ربڕینی پشتیوانی له کوردستان، ئاواتیان به خه‌ڵکی کوردستان خواست و ئاره‌زوویان ئه‌وه‌یه که "تاران ببێته کوردستان، بۆ ئه‌وه‌ی ئێران ببێت به‌و به‌هه‌شت و گوڵستان"ه‌ی که ئه‌وان ئاواتی بۆ ده‌خوازن.

شۆڕشی ژینا که هه‌ڵقوڵاوی گۆڕانکارییه‌کی قووڵی کۆمه‌ڵایه‌تی له کۆمه‌ڵگه‌ی ئێران و کوردستان بوو، پێویستی به تێفکرین و ده‌ربڕینێکی ئه‌مرۆژییانه‌ی مودێرن بوو که به به‌ربڵاوی ته‌عبیر له‌م گۆڕانکارییانه بکات که به‌خته‌وه‌رانه شه‌قامه‌کانی کوردستان توانیان وڵامی ئه‌م زه‌رووره‌ته‌ش بده‌نه‌وه و به‌رزکردنه‌وه‌ی درووشمی پڕ له واتا و پڕنیوه‌ڕۆکی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو به پێناسه‌یه‌کی مه‌عریفی بۆ شۆڕشی ژینا. به جۆرێک که نه‌ته‌نیا ته‌واوی شه‌قامه‌کانی ئێرانی ته‌نی، به‌ڵکوو له ئاستی جیهانییشدا زۆرترین سه‌رنجی خرایه سه‌ر و به ده‌یان زمانی زیندووی دنیا ته‌رجه‌مه و ته‌فسیر کرا.

له‌م شۆڕشه‌دا به پێچه‌وانه‌ی جووڵه و نارەزایه‌تییه‌کانی دیکه، شه‌قامه‌کانی ئێران و کوردستان به تێپه‌ڕین له ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و به پێشه‌نگایه‌تیی ژنان و کچانی وڵات، بۆ ده‌سته‌به‌ری ژیانێکی به‌خته‌وه‌ر و ئازاد له‌سه‌ر له‌گۆڕنانی دیکتاتۆری و کۆنه‌په‌ره‌ستی شێلگیر و لێبڕاو بوون. ژنان له‌م شۆڕشه‌دا ڕۆڵێکی مێژووییان گێڕا، ئه‌وان که له‌ژێر سێبه‌ری شوومی یاسا کۆن و دژه‌باو و ناسه‌رده‌میانه‌کانی ئه‌م ڕێژیمه‌دا چه‌ند قات چه‌وساونه‌ته‌وه، لێبڕاوانه به‌شدار ده‌بوون و ڕێسا نامرۆڤانه‌کانی ڕێژیمیان ده‌خسته ژێر پرسیار و چاونه‌ترسانه هه‌وڵی بنیاتنانی ژیانێکی ئازاد و به‌خته‌وه‌رانه‌یان ده‌دا. کچانی کوردستان له قوتابخانه‌کان، له سه‌رشه‌قامه‌کانی شار و له تۆڕه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کاندا ئازاتر له هه‌میشه له ڕیزی پێشه‌وه‌ی ئه‌م شۆڕشه‌دا بوون.

کوردستان و بزووتنه‌وه ڕه‌واکه‌ی له مه‌یدانه‌کانی دیکه‌ی ئه‌م شۆڕشه‌دا به وریاییه‌وه هه‌موو هه‌وڵێکی ئه‌وه بوو ئیزن به دوژمنان و نه‌یارانی ئه‌م شۆڕشه نه‌دات له که‌لێن و بۆشایی و که‌مایه‌سییه‌کان که‌ڵک وه‌ربگرن. بۆیه هاوکات له‌گه‌ڵ پووچه‌ڵکردنه‌وه‌ی پیلانی ژووره ئه‌منیه‌تییه‌کانی ڕێژیم که هه‌وڵی ڕاکێشانی بزووتنه‌وه‌ی کوردستان بۆ مه‌یدانێکی نابه‌رانبه‌ری پڕ له پیلانگێڕیی شه‌ڕیان ده‌دا، ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه له‌گه‌ڵ عه‌قڵییه‌تی ته‌واویه‌تیخواز، کارێک بوو که ده‌بوا لێبڕاوانه هه‌نگاوی بۆ نرابا. به‌داخه‌وه له نه‌بوونی ئاڵترناتیڤێکی واقعی، گه‌لی و وڵامده‌ر، ڕه‌وتێکی ته‌واویه‌تخوازی فاشیست، هه‌موو هه‌وڵێکی ئه‌وه بوو له‌سه‌ر ئاساسی سڕینه‌وه‌ی جۆراوجۆرییه‌کان و دژایه‌تی له‌گه‌ڵ ماهییه‌ت و نێوه‌ڕۆکی شۆڕشه‌که و له هه‌مووی گرینگتر بنیاتنانه‌وه‌ی وه‌همێکی کۆن و دژایه‌تی له‌گه‌ڵ ماف و ئازادییه‌کانی خه‌ڵکی کوردستان و نه‌ته‌وه‌کانی دیکه‌ی ئێران، خۆی به سه‌ر شۆڕشه‌که‌دا بسه‌پێنێ. له‌م پێوه‌ندییه‌دا بزووتنه‌وه‌ی ڕه‌سه‌نی ئازادیخوازانه‌ی کوردستان و به‌تایبه‌ت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران که باری قورس و گرانی چاوه‌ڕوانییه‌کانی له‌سه‌ر شان بوو، ڕاشکاوانه و لێبڕاوانه به‌ڕانبه‌ر به‌م ڕه‌وته دژیگه‌لیه ڕاوه‌ستا و پاشه‌کشه‌ی پێ کرد.

ڕاسته شۆڕشی ژینا هه‌تا ئێستا نه‌یتوانیوه به ئامانجی سه‌ره‌کیی خۆی که ڕاماڵینی دیکتاتۆرییه بگات، به‌ڵام له ماوه‌ی یه‌کساڵی ڕابردوودا کۆمه‌ڵێک هه‌نگاوی پێویست و زه‌رووریی ناون که بۆ ئێستای شۆڕشه‌که و داهاتووه‌که‌ی گرینگ و پڕبایه‌خن. له‌کارخستنی ڕه‌وایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، به‌ڕه‌سمییه‌ت ناسینی زێهنیی پرسی نه‌ته‌وه‌کان و فره‌نه‌ته‌وه‌یی له ئێران، پێگه‌ی کوردستان وه‌ک متمانه‌یه‌کی قایمی سیاسی و خه‌باتکارانه، به‌ڕه‌سمی ناسینی ماف و ئازادییه‌کانی ژنان و چین و توێژه‌کانی دیکه و پاشه‌کشه‌پێکردن به هه‌ر تێفکرین و عه‌قڵییه‌تێکی خۆسه‌پێن و ته‌واویه‌تخواز، له‌و هه‌نگاو و ده‌سکه‌وتانه‌ن که خه‌ڵکی کوردستان و ئێران له یه‌کساڵی شۆڕسی ژینادا ده‌سته‌به‌ریان کردوون.

له یه‌کساڵه‌ی شۆڕشی ژینادا سڵاو له یاد و ناوی شه‌هید ژینا ئه‌مینی و سه‌رجه‌م شه‌هیدانی ئه‌م شۆڕشه مه‌زنه‌مان. سڵاو له بنه‌ماڵه‌ی سه‌ربه‌رزی شه‌هیدانی شۆڕشی ژینا که نه‌ته‌نیا پێملی ویست و هه‌ڕه‌شه‌کانی ڕێژیم نه‌بوون، به‌ڵکوو هه‌وڵیان بۆ به‌رده‌وامی و زیندووڕاگرتنی شۆڕشه‌که دا. سڵاو له خه‌ڵکی خۆڕاگری ئێران و کوردستان که سه‌ره‌ڕای گوشار و سه‌رکوتی هێزه ئه‌منیه‌تییه‌کان، لێبڕاوانه دژبه دیکتاتۆری و سه‌ره‌ڕۆیی ڕاوه‌ستاون. بێگومان به‌ری ڕه‌نج و تێچووی ئه‌و ڕاوه‌ستانه ڕزگاری و وه‌دیهاتنی ئاوات و ئامانجه به‌رزه‌کانی شۆڕشه که ده‌سته‌به‌رکردنیان له هه‌رکاتێک نیزیکتره.

### خالید عه‌زیزی:

# ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئه‌وه‌یه له‌پێناو به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی خۆیدا عێراق بکاته سووریه و لوبنانێکی دی




**له عێراق بۆشایی ئه‌منیه‌تی هه‌یه و هۆکاری ئه‌و بۆشایی ئه‌منیه‌تی و ناسه‌قامگیرییه‌ش هه‌ر کۆماری ئیسلامیی ئێرانه. ئێمه‌ش مادام له‌وێین، بۆ پاراستنی خۆمان و که‌مپه‌کانمان چه‌کمان پێیه و چه‌که‌کانمان بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ن. کێشه‌ی سه‌ره‌کی ئه‌وه‌یه ڕێژیمی ئێران نایهه‌وێ له عێراقدا دێموکراسی و ئه‌منییه‌ت جێگیر ببێ و پرۆسه‌ی سه‌قامگیریی عێراق به سه‌رکه‌وتوویی به‌ڕێوه بچێت. کۆماری ئیسلامی ده‌یه‌وێ عێراق بۆ هێزه سیاسییه‌کانی ئه‌و وڵاته، بۆ هه‌رێمی کوردستان، بۆ ئه‌مریکا و هێزه‌کانی هاوپه‌یمان و بۆ هه‌موو لایه‌نه‌کان نائه‌من و ناسه‌قامگیر بکات. ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئه‌وه‌یه عێراق بکاته سووریه و لوبنانێکی دی له‌پێناو به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی خۆیدا**

**ئاماژه: به‌شی فارسیی ده‌نگی ئه‌مریکا له تازه‌ترین وتووێژی خۆیدا له‌گه‌ڵ کاک خالید عه‌زیزی، وته‌بێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی له دواگۆڕانکارییه‌کانی جێبه‌جێکردنی ڕێککه‌وتننامه‌ی ئه‌منیه‌تیی نێوان عێراق و ئێران کردووه. کاک خالید عه‌زیزی له وه‌ڵامی پرسیاره‌کانی ده‌نگی ئه‌مریکادا به‌ڕوونی سیاسه‌ت و هه‌ڵوێستی حیزبی دێموکراتی له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ جێگۆڕگێی نیزامیی هێزی پێشمه‌رگه و پڕکێشییه‌کانی کۆماری ئیسلامی بۆ چه‌ککردنی حیزبی دێموکرات شی کردۆته‌وه.**
**کوردستان‌میدیا ده‌قی کوردیی ئه‌م وتووێژه بۆ خوێنه‌رانی بڵاو ده‌کاته‌وه:**

**کۆماری ئیسلامی بۆچی له به‌ره‌به‌ری ساڵڕۆژی مه‌رگی ژینادا ئۆڵتیماتوم به به‌غدا ده‌دا بۆ چه‌کداماڵینی حیزبه کوردییه‌کان؟**

هه‌موو قه‌یرانه‌کان له ناوچه‌دا کۆماری ئیسلامی دروستیان ده‌کا، ئه‌وه‌ش که حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبه‌کانی دیکه‌ی نیشته‌جێ له هه‌رێمی کوردستانی وه‌ک بیانوو به ئامانج گرتووه، گرێدراوی دۆخی نێوخۆیی ئێرانه. کۆماری ئیسلامی به‌جیددی نیگه‌رانه له ساڵڕۆژی کوژرانی ژینا ئه‌مینیدا بزووتنه‌وه‌یه‌کی به‌ربه‌رینی نارەزایه‌تی له کوردستان به به‌شداری و هاوکاریی نه‌ته‌وه‌کانی دیکه و حیزبه سیاسییه‌کانی هه‌موو ئێران له‌دژی ڕێژیم وه‌ڕێ بکه‌وێته‌وه. بۆیه ده‌یه‌وێ بیروڕای گشتیی ئێران به‌لاڕێد ببا و وا ده‌نوێنێ که له کوردستان بۆشاییه‌کی ئه‌منییه‌تی و له ده‌ره‌وه‌ی سنووره‌کانیش هه‌ڕه‌شه‌یه‌ک له‌سه‌ر کۆماری ئیسلامیی ئێران هه‌یه. به‌ڵام هه‌مووان ده‌زانن که له ده‌ره‌وه‌ی سنووره‌کانی ئێرانه‌وه هیچ هه‌ڕه‌شه‌یه‌ک له‌دژی ئێران له‌ئارادا نییه و ئه‌وانه هه‌موو بیانوو و پاساون.

**ئه‌دی پرۆسه‌ی چه‌ککردن و ڕاگواستنی هێزه کوردییه‌کان بۆ که‌مپه‌کانی ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان له چ قۆناغێکدایه؟**

ئێمه به به‌رده‌وامی له‌گه‌ڵ حکوومه‌تی به‌غدا و به‌تایبه‌ت حکوومه‌تی هه‌رێمی کوردستان پێوه‌ندیمان هه‌یه و له دانوستانه‌کانمان به‌رده‌وامین. سیاسه‌تی ئێمه ڕوونه و له‌و کۆبوونه‌وانه‌شدا پێمان له‌سه‌ر داگرتۆته‌وه که له خاکی هه‌رێمی کوردستانه‌وه هیچ هێرشێک ناکه‌ینه سه‌ر کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێمه نامانه‌وێ خاکی عێراق بکه‌ینه پشتی جه‌به‌ه بۆ هێرشکردنه سه‌ر کۆماری ئیسلامی، بۆیه ئه‌وه که کۆماری ئیسلامی ئیدعا ده‌کا پێشمه‌رگه‌کانی حیزبی دێموکرات و حیزبه کوردییه‌کانی دیکه خاکی هه‌رێمی کوردستان به‌دژی ڕێژیم به‌کار دێنن به‌ته‌واوی ناڕاسته. ئێمه ئه‌و به‌ڵێنه‌شمان به‌جێ هێناوه که پێشمه‌رگه‌کانمان کار و چالاکیی پێشمه‌رگانه‌یان له خاکی هه‌رێمی کوردستانه‌وه نه‌بێت.

**ئایا هیچ لایه‌نێکی کوردی هه‌یه نه‌یهه‌وێ چه‌ک دابنێ؟ کاردانه‌وه‌ی حیزبه کوردییه‌کان به‌و بڕیاره چییه؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکه پێبه‌ندی ده‌روه‌ستی و به‌رپرسایه‌تییه‌کانیه‌تی. ئێمه گوتوومانه هیچ ده‌ستوه‌ردانێک له کاروباری نێوخۆیی عێراقدا ناکه‌ین، سیاسیی ئه‌و وڵاته‌مان له‌لا گرینگه و ڕێز بۆ یاسا و ڕێوشوێنه‌کانی هه‌رێمی کوردستان داده‌نێین. له ئێستاشدا که‌س باسی چه‌کداماڵینی له‌گه‌ڵ ئێمه نه‌کردووه و له بنه‌ڕه‌تڕا ئه‌وه به‌شێک له‌و باسه نییه. ئێران هه‌میشه گوتویه‌تی که حیزبه کوردییه‌کان نابێ له خاکی عێراق و هه‌رێمی کوردستانه‌وه هێرشمان بکه‌نه سه‌ر و ئێمه‌ش گوتومانه ئه‌وه ناکه‌ین و ڕێز سه‌روه‌ریی عێراق و هه‌رێمی کوردستان ده‌گرین.

**ئه‌دی تا ئێستا ڕوونه که چه‌ند گرووپ و لایه‌نی کوردی په‌نایان بۆ که‌مپه‌کانی ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان هه‌یه؟**

ئه‌وه‌نده‌ی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ده‌گه‌ڕێته‌وه، له هه‌موو که‌مپه‌کانیدا که‌سانی مه‌ده‌نی و ناچه‌کدار نیشته‌جێن. که‌مپه‌کانی ئێمه مه‌ده‌نین و ئه‌وانه‌ی له‌و که‌مپانه‌دا ده‌ژین پێوه‌ندییان به لقه سه‌ربازییه‌کانی حیزبی دێموکراته‌وه نییه. ئه‌و کۆمه‌ڵه خه‌ڵکه‌ی نێو که‌مپه‌کان له دامه‌زراوه و ڕێکخراوه مه‌ده‌نییه‌کاندا کار ده‌که‌ن و ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کانیش به‌وه ده‌زانێ و به‌شێکی زۆری خه‌ڵکانی نیشته‌جێی ئه‌و که‌مپانه پێشتر له ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کاندا ناونووسییان کردووه. بۆیه ئه‌مه شتێکی نوێ نییه و UN هه‌م به که‌مپه‌کان و هه‌م دۆخی خه‌ڵکانی نیشته‌جێ له‌و که‌مپانه شاره‌زایه و له بنه‌ڕه‌تڕا ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی له‌و پێوه‌ندییه‌دا ناڕاستن و ئه‌سڵ و ئه‌ساسیان نییه. ئه‌و که‌مپانه نیزامی نین، مه‌ده‌نین و هیچ پێویست ناکات شوێنیان بگۆڕدرێ و خه‌ڵکه‌که‌یان ڕاگواسترێ؛ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان بۆخۆی شاره‌زای دۆخی ئه‌و که‌مپانه‌یه.

**کاک خالید چه‌کداماڵینی گرووپه کوردییه‌کان چاره‌نووسی کۆنترین حیزبی دژبه‌ری کۆماری ئیسلامی تووشی چ گۆڕانکارییه‌ک ده‌کا؟**

ئێمه له به‌رنامه و ستراتیژیی سیاسیی خۆماندا وه‌ک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێداگریمان له‌سه‌ر چاره‌سه‌ری پرسی کورد له چوارچێوه‌ی ئێراندا کردووه. ئێمه بۆ چاره‌سه‌ری پرسی کورد هه‌موو کاتێک باوه‌ڕمان چاره‌سه‌ری ئاشتییانه، مه‌ده‌نی و ڕێوشوێنه دێموکراتیکه‌کان بووه. هه‌ر له‌جێدا، له کاتێکدا له کوردستان له ماوه‌ی یه‌کساڵی ڕابردوو و له ڕه‌وتی شۆڕشی ژینادا سه‌دان هه‌زار که‌س هاتنه سه‌ر شه‌قامه‌کان و له ئێستادا که ڕه‌وتی نارەزایه‌تییه‌کان له کوردستان به هاوپێوه‌ندیی ناوچه‌کانی دیکه‌ی ئێران درێژه‌یان هه‌یه؛ پێویست ناکا ئێمه بچینه نێو فازی نیزامی و پێشمه‌رگانه‌وه.

ئه‌من پێم‌وایه پرسی نه‌ته‌وه‌یی له کوردستانی ئێران و پرسی دێموکراسی و ماف و ئازادییه‌کان له ئێران زۆر دیاره و به‌رچاوه و له ساڵی ڕابردووشدا خه‌ڵک به خه‌بات و تێکۆشانی خۆیان ئه‌وه‌یان سه‌لماند. هه‌ر ئه‌و خۆڕاگرییه مه‌ده‌نییه کاریگه‌رییه‌کانی له‌سه‌ر خه‌باته قانوونی و مه‌ده‌نییه‌کان و پرسی هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوه سیاسییه‌کانیش داناوه. فه‌لسه‌فه‌ی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان له به‌ردی بناغه‌ی دامه‌زرانی خۆیه‌وه ئه‌وه بووه به خه‌باتی مه‌ده‌نی و له ڕێگه‌ی ئاشتییانه‌وه و لێکتێگه‌یشتنه‌وه ماف و داواکانی ده‌سته‌به‌ر بکات. حیزبی دێموکرات و بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی کورد ئامانجیئ ئه‌وه‌یه زۆرترین مافه‌کانی خۆی له دڵی ڕه‌وتی خه‌باتی مه‌ده‌نیی سه‌رانسه‌رییدا وه‌دی بنێن. بۆیه سیاسه‌تی ئێمه هه‌روه‌ک پێشوو ئه‌وه‌یه که درێژه به خه‌باتی سیاسی و مه‌ده‌نیی خۆمان له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان ده‌ده‌ین. هه‌ڕه‌شه و گوشاره‌کانی کۆمافری ئیسلامییش هیچ کاریگه‌رییه‌کی له‌سه‌ر خه‌باتی ئێمه نابێت، چونکی فه‌لسه‌فه‌ی دامه‌زرانی حیزبی دێموکرات که حیزبێکی خه‌ڵکییه و له هه‌ناوی خه‌ڵکی کوردستانه‌وه هه‌ڵقوڵیوه، فه‌لسه‌فه‌ی خه‌باتێکی مه‌ده‌نی بۆ ئامانجه نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی خه‌ڵکی کوردستانه. خه‌ڵکی کوردستانیش له هه‌موو هه‌وراز و نشێو و قۆناغه‌کانی خه‌باتی ئه‌م حیزبه‌دا له پشتی بوون و پاڵپشتی حیزبه‌که‌یان ماونه‌ته‌وه.

**هێزه چه‌کداره‌کانی کورد له هه‌رێمی کوردستان کامانه‌ن؟ به سه‌رنجدان به‌وه‌ی پژاک له شوێنێکی دی خه‌باتی خۆی ده‌کات؟**

ئه‌من به نوێنه‌رایه‌تیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قسه ده‌که‌م. له عێراق و هه‌رێمی کوردستانیش زۆر گرووپ و لایه‌ن چه‌کدارن، یانی سروشتی عێراق جۆرێکه که هه‌موو حیزب و ڕێکخراوه سیاسییه‌کان بۆ به‌رگری له خۆشیان بێت چه‌کدارن. له عێراق بۆشایی ئه‌منیه‌تی هه‌یه و هۆکاری ئه‌و بۆشایی ئه‌منیه‌تی و ناسه‌قامگیرییه‌ش هه‌ر کۆماری ئیسلامیی ئێرانه. بۆیه ئێمه‌ش مادام له‌وێین، بۆ پاراستنی خۆمان و که‌مپه‌کانمان چه‌کمان پێیه و چه‌که‌کانمان بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ن. کێشه‌ی سه‌ره‌کی ئه‌وه‌یه کۆماری ئیسلامی نایهه‌وێ له عێراقدا دێموکراسی و ئه‌منییه‌ت جێگیر ببێ و پرۆسه‌ی سه‌قامگیریی عێراق به سه‌رکه‌وتوویی به‌ڕێوه بچێت. کۆماری ئیسلامی ده‌یه‌وێ عێراق بۆ هێزه سیاسییه‌کانی ئه‌و وڵاته، بۆ هه‌رێمی کوردستان، بۆ ئه‌مریکا و هێزه‌کانی هاوپه‌یمان و بۆ هه‌موو لایه‌نه‌کان نائه‌من و ناسه‌قامگیر بکات. ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئه‌وه‌یه عێراق بکاته سووریه و لوبنانێکی دی له‌پێناو به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی خۆیدا.

**کاک خالید وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی عێراق له تاران ڕایگه‌یاند حیزبه کوردییه‌کان له سنووره‌کانی ئێران دوور ده‌خرێنه‌وه و له قووڵایی هه‌رێمی کوردستاندا نیشته‌جێ ده‌کرێن. ئه‌و شوێنه به‌ڕوونی کوێیه و ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان له که‌یه‌وه دروستکردنی ئه‌و که‌مپانه‌ی ده‌ست پێ کردووه؟**

به‌شی سه‌ربازی و پێشمه‌رگانه‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران له ناوچه سنووری و کوێستانییه‌کان بوون. به‌دوای وتووێژه‌کانی ئێمه و هه‌رێمی کوردستان و پێوه‌ندییه ناڕاسته‌وخۆیه‌کانمان له‌گه‌ڵ حکوومه‌تی عێراق ئاماده‌یی خۆمان ده‌ربڕیوه که هێزه‌کانی پێشمه‌رگه‌مان له ناوچه سنوورییه‌کان بکشێنه‌وه. ئه‌وه پێچه‌وانه‌ی سیاسه‌تی حکوومه‌تی به‌غدا و هه‌رێمی کوردستانیش نییه، به‌ڵام کۆماری ئیسلامی پڕکێشی ده‌کا و ده‌یه‌وێ به‌وه‌لاوه‌تر بڕوا و حکوومه‌تی ناوه‌ندیی عێراق و هه‌رێمی کورستانیش به‌ره‌وڕووی کێشه و دژوارییه‌کی زیاتر بکا.

هه‌روه‌ک پێشووتریش باسم کرد له ئێستادا به‌رنامه‌ی هیچ عه‌مه‌لیات و چالاکییه‌کی نیزامی و پێشمه‌رگانه له ڕۆژه‌ڤی ئێمه‌دا نییه و هێزه‌کانی پێشمه‌رگه‌ی ئێمه له ناوچه سنوورییه‌کان نین.

# چییەتیی هەڕەشە و هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات و سیناریۆکانی داهاتوو؟



مستەفا مەولوودی



بێ پێشەکی هۆکار و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە فشار و هێرش بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوون و ئاشکران و پێویست ناکات زۆر شەن و کەو بکرێن و لێکدانەوەیان بۆ بکرێ. هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، ئەو ڕێژیمە لەگەڵ کورد و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆچوون و خوێندنەوەی جیاوازی هەبوو و دژایەتی ئەم حیزبە و خواستەکانی گەلی کوردی کردووە.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی خەباتی کردبوو، و بە هەراوی و چالاکانە لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا بەشداری کردبوو. بۆیە زۆر سروشتی بوو کە چاوەڕوانی دەستەبەری دەسکەوتەکانی شۆڕش بۆ خەڵکی کوردستان و دابینکردنی مافەکانی بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە نوێنەرایەتیی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی دەکرد، بۆ ئەوە تێدەکۆشا؛ بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان ڕێبەرانی ئیسلامی پاش سەرکەوتنی شۆڕش نەک هەرهیچ گرینگییان بە ویستی ڕەوای خەڵکی کوردستان نەدا، بەڵکوو دژیشی وەستانەوە. زۆرییش نەخایاند دەستیان بە پیلانگێڕی و سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان کرد و؛ تەنانەت فتوای جیهادیشیان لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و بە هەموو تواناوە هێرشیان کردە سەر کوردستان.

خەڵکی کوردستان کە تێدەکۆشا و لێبڕابوو بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی دەستی لەسەر دەست دانەنێت، دەستەوەستان نەمایەوە. بەڵکوو بە خەبات و تێکۆشانی هەمەلایەنە و هەمەچەشن بەرەنگاری هێرشی دژمن بۆوە و ئەو خەبات و خۆڕاگرییە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە و سروشتییە هەتا وەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە درێژەی دەبێ. خەڵکی کوردستانیش لە مێژوودا بە خەبات و تێکۆشان ئەوەیان سەلماندووە و پشتڕاستیان کردۆتەوە.

لە خەبات و تێکۆشاندا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات، لێبڕاوانە و بێپسانەوە لە خەبات و تێکۆشاندا بووە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری نیزامێکی دێموکراتیکی خەڵکی کە مافەکانی خەڵکی کوردستان قبووڵ و مسۆگەر بکات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" تێدەکۆشا کە لە دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا بەشداری چالاکانەی هەبێ و لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی مافی چارەنووسی خۆی بێت و دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری بە شێوەی خودموختاری بەدەست خەڵکی هەرێمەکەوە بێت.

خۆ ئەگەر ئێستا "شۆڕشی ژینا"ش بە نموونە بێنینەوە، دەتوانێ نموونەیەکی باش بێت بۆ ڕادەی خۆڕاگری و ئازایەتی خەڵکی کوردستان و کاریگەری و دەوری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕادەی دلڕەقی و جینایەتکاریی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. لە ئێستاشدا کە لە بەرەبەری ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملووداین، زۆرتر ڕوانگەکانی ئەو سیاسەتمەدارە بەتوانایەمان بۆ دەرکەوتووە کە هەموویان ئیلهامەدەر و ڕێنوێنی تێکۆشەرانی مەیدانی ڕاستەقینەی خەبات لە شەقام و شارەکانە. بە خوێندنەوەی تازەش و دیسانەکە بۆ هەموومان دەرکەوت کە دوکتور قاسملوو بیرمەند و سیاسەتمەدارێکی دووربین بوو. پاش ٣٤ ساڵ لە تیرۆرکردنی ئێستاش و بۆ داهاتوو خوێندنەوە و ڕوانگەکانی لەسەر زۆربەی بابەتە سیاسییەکان بە ڕۆژن و چرای ڕێگای تێکۆشانی سیاسەت پێ کردنن.

وەک دەزانن چەغماغەی شۆڕشی ژینا لە کوردستان لێ درا و بە ماوەیەکی زۆر کەم، پانتایی ئێران و زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە و ڕۆژی وا هەبوو زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران شاهیدی خەبات و بەربەرەکانی و خۆنواندنی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوون، هاواریان نا بۆ کۆماری ئیسلامی بوو. دەکرێ بڵێین بۆ یەکەمین جار بوو دروشمەکانی خەڵکی کوردستان بەڕوونی لەلایەن خەڵکی تاران و تەورێز و زاهیدان و زۆر شاری دیکە بیسترا و گوترانەوە. (کوردستان چشم و چراغ ایران) نیشانەی ئەوە بوو خەڵکی باقی ئێران هاوار و داوای ڕەوای خەڵکی کوردستانیان گوێ لێ بوو. پشتیوانیان لێ کرد؛ هەر چەندە لەو شۆڕشەدا خەڵکی کوردستان تێچووی زۆری هەبوو بەڵام جارێکی دیکە، کۆمەڵێک پەیام لەو شۆڕشە سەریان هەڵدایەوە کە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەزم نەدەکران:

یەکەم: پاش ٤٤ ساڵ سەرکوت و دەمکوتکردنی خەڵکی کوردستان و بێبەشکردنیان لە زۆر مافی ڕەوا و تەنانەت لە بژێویی ژیانی ڕۆژانە، گوشاری بەندکردن، ئەشکەنجە، ئازار و لەسێدارە دان. خەڵکی کوردستان زیاتر ماهییەتی ڕێژیمیان ناسیووە و لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمەدا ڕاوەستان و بەچۆک دانەهاتوون بەڵکوو پێداگرتن بوو لەسەر ویستەکانیان یانی لە یەک وشەدا خەڵکی کوردستان بەگشتی لە بواری سیاسییەوە زۆر بەرەوپێش چوون.

دووهەم: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ٤٤ ساڵە کار دەکات بەڵکوو کەلێن و جیاوازیی لە نێوخەڵکی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دروست بکات، بەڵام لە شۆڕشی ژینادا، ڕێژیم ئەوەی بە ڕوونی بۆ دەرکەوت کە هیچ کەلێنێک لە نێوان خەڵک و حیزبەکانی کوردستاندا نییە. بەڵکوو پێوەندیی ئەو دووانە بەیەکەوە قایمتر و تۆکمەترە و ئاوێتەی یەکتر بوون.

سێهەم: ڕێژیم لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا زۆر هەوڵی داوە خەڵکی ئێران پەیام و دەنگی بە حەقی خەڵکی کوردستان نەبیسن و بە گوێیان نەگات. بەڵام شۆڕشی ژینا ئەو سنوورەی بەزاند. هاواری مافویستیی خەڵکی کوردستان و داوا ڕەواکانی کوردیان بیست؛ ئەوە پێوەندیی بەرین و قووڵی لە نێو خەڵکی کوردستان و باقی خەڵکی ئێراندا دروست کردوە.

سروشتییە ڕێژیم هەموو ئەوانەی پێ ناخۆش بوو و چاوی پێیان هەڵنایە؛ هەر بۆیە لەگەڵ گوشار بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتدا و لە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ کرد و لە ماوەی یەک مانگدا چەند جارێکی دیکە دووپاتی کردەوە.

ڕێژیم مەبەستی لەو هێرشانە ڕوونە و وەک لە ماهییەتی‌دایە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوەی بە بەردەوامی نیشان داوە کە دژی هەموو ئازادییەک و مافی ڕەوای خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستانە بە تایبەت، بۆیە گوشاری زیاتری خستۆتە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی بۆ ئەوەی قینی خۆیانیان زۆرتر پێ بڕێژێ. ئەوەندەی بۆی بکرێ زۆرتر خەڵک ئازار بدات و زۆرتر لە ئەندامی حیزبەکان بکوژێ. جیا لەوەش شۆڕشی ژینا کە تایبەتمەندیی مەدەنی و سەردەمیانەی وەرگرتبوو، ڕێژیمی زۆرتر داماو کردبوو، دەیهەویست ئەوەندەی بۆی دەکرێ بە بیانووی جۆراوجۆر سروشتێکی توندوتیژ لە شۆڕشی ژینا وێنا و حیزبەکانی پێ تاوانبار بکات و ئەو خەبات و شۆڕشە لە ڕێڕەوی دروستی خۆی لابدات. بەجۆرێک لە جۆرەکان بیانووی زۆرتر بۆ سەرکوت لە کوردستان بدۆزێتەوە و بیروڕای دنیای دێموکراتیکی دەرەوە کە سەرنجی زۆری لەسەر جووڵانەوەی خەڵکی ئێران و شۆڕشی ژینا هەبوو، چەواشە بکات و بەلاڕێیدای بەرێ؛ هەر لەو کاتەدا کردەوەی جینایەتکارانەی خۆی پاساو بدات. بەڵام هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات بە ئیلهام وەرگرتن لە سیاسەتی واقعبینیی حیزب کە مامۆستا و داڕێـژەری ئەو سیاسەتە لە بیر و هزری دوکتۆر قاسملوو و قوتابیانی سەرچاوە دەگرێ، ڕێگە نەدرا ئەو پیلانەی ڕێژیم سەر بگرێ. هەر بۆیە بە تووندترین شێوە لە کوردستان لەسەر خەڵک لە هەرێمی کوردستان لەسەر حیزبی دێموکرات ڕەق و قینی خۆی ڕشت؛ بەداخەوە خەڵک و حیزبەکان تووشی تێچوو و هەزینەی زۆری گیانی بوون.

ئێمە لە سەرەتادا باسمان کردوە کە ڕێژیم لە ڕۆژی هاتنە سەرکارییەوە دەستی بە دژایەتی لەگەڵ خەڵکی کورد کردوە بەڵام خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڵیان نەداوە و لە بەرانبەر هەموو گوشارێکی ڕێژیمدا خۆیان ڕاگرتووە و خۆڕاگری و بەربەرەکانیان کردوە؛ ئەوەش بۆ ڕێژیم قابیلی تەحەموول نەبووە و نییە؛ هەر بۆیە بۆ بە چۆکداهێنانی خەڵکی کوردستان و حیزبەکان لە هیچ جینایەتێک خۆی نەپاراستووە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم خەباتی خەڵکی کوردستان لە مێژوودا تا ئەوڕۆش ڕەوا و بەحەق بووە و هەر ڕەوایە، هەوێنی ئەو خەباتە بیر و ئەندێشەی ڕێبەران و ئازایەتیی خەڵکی کوردستان و قوربانیدانی سەخاوەتمەندانەی ڕۆڵە ئازا و بەجەرگەکانیەتی. کە دێینە سەر بیر و ئەندێشەی ڕێبەران، دەتوانین بڵێین دوکتۆر قاسملوو لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ڕێبەرانەیە کە سیاسەت و ڕێبازی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستانی تیئۆریزە کرد و خەملاندوویەتی بە تایبەت لەو پەنجا شێست ساڵەی ڕابردوودا، لە داڕشتنی سیاسەتی ڕاست و دروستی، حیزبی دێموکراتدا لە هەموو ئاست و بوارەکاندا بیر و ئەندێشەی ئەو سیاسەتمەدارە بە توانایە تێیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئێستاش دوای ٣٤ ساڵ لە تیرۆرکردنی، کاریگەری و شوێنەواری ئەو زانایە لە شەقامەکانی کوردستان دروشمی خەڵکی سەرشەقامە، هەروەها هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی سیاسیی حیزبەکان لە فاکتۆرەکانی ئەو بیرمەندە سوود وەردەگرن. هەموومان دەزانین کەم نین ئەو ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانەی کاتی خۆی بە هەر هۆیەک بووبێ دژی بیر و ئەندێشەکانی قاسملوو بوون و لە سیاسەتەکانی ڕەخنەیان گرتوە بەڵام لە ئێستادا بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە تێگەیشتنی ئەو کاتی خۆیان دەگرن و بە ڕوونی دان بەوە دادەنێن کە دوکتۆر قاسملوو لەسەر حەق و ڕاست بوو و ئەوان بوون وەک پێویست دەرکیان بە توانا فیکری و سیاسییەکانی دوکتۆر قاسملوو نەکردوە.

دوکتور قاسملوو بە ڕاشکاوی گوتوویەتی ئەویش ئینسانە و دەکرێ ئەویش لە کاتی ڕێبەریدا لە پێوەندی لەگەڵ داڕشتن و بابەتی سیاسیدا کە هەڵوێستی گرتووە، هەڵەش بکات بەڵام کە چاو لە مێژوو و سیاسەت و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرێ بەخۆشییەوە نە دوکتور قاسملوو و نە حیزبی دێموکرات هەڵەیەکی ئەوتۆیان نەکردوە کە شوێنەواری نەرێنی لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا دروست کردبێ. بۆیە پاش ٣٤ ساڵ لە تیرۆری قاسملوو، ئێستاش بیر و ئەندیشەکانی ئەو ڕێبەرە ئیلهامدەری بەشدارانی خەبات و تێکۆشان و لێکدانەوە و شەن و کەو کردنی بابەتە سیاسییەکانە و حیزبی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش ٧٨ ساڵ یان باشتر بڵێین نیزیک بە هەشتا ساڵ، حیزبی هەراوی خەڵکی کوردستانە و چاوی خەڵکی بە سەرەوەیە و بۆ ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و بە مەنزڵگەی سەرکەوتنی بگەیەنێ.

# چیرۆکی بەرخۆدانێک



ڕەزا دانشجوو

**سەرنجی یەکەم: بایکۆت**

خاکەلێوەی ١٣٥٨، شێتییەکی بێسنوور ئەم خاکەی داگرتووە، وادیارە سێبەری ترسناکی ستەمکاری و دیکتاتۆریەت نایهەوێت ئەم خاکە بەجێ بێڵێت، هەموو سەرسوڕماو و سەرلێشێواو بەدوای تاریکیدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی مێژوو دووبارە بکەنەوە. لە جەماعەتی "میللی مەزهەبی" هەتا کۆمۆنیستەکانی "تودە" و "چریکی فیدایی زۆرینە" تا تەکنۆکراتەکان هەمیشە لە سێبەردا. هەموو وەشوێن درۆیەکی گەورە کەوتوون، "کۆماری ئیسلامی"، نەک یەک وشە کەمتر، نە یەک وشە پتر. لەبری ئەستێرەکان، خەڵک سەرقاڵی دیتنی وێنەی خومەینین لە مانگدا!

بەڵام لە شوێنێک لەم خاکەدا چیرۆکێکی دیکە لەئاڕادایە، لێرەدا لە جیاتی وێنەی خومەینی لە مانگدا، هەموو شەقامەکانی ئەو شارە بە دروشمی "مەرگ بۆ خومەینی" نەخشێنراون. ئەمە درێژەپێدەری شەڕێکە، خەڵکێک کە لە دیکتاتۆریی پەهلەوی بێزار بوون و نایەوێت لەگەڵ دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهـ بن. خەڵکی ئەم وڵاتە جگەلە ئازادی و دێموکراسی بە هیچ شتێکی تر ڕازی نابن. کاتێک زۆرینەی خەڵک بۆ پێشوازیکردن لە کۆماری ئیسلامی چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، کوردستان بایکۆتی هەڵبژاردنی کرد، ئەمە یەکەم نەخێر بوو لە گەلی کوردەوە بۆ کۆماری ئیسلامی.

**سەرنجی دووەم: وازنەهێنان**

گەلاوێژی ساڵی ٥٨، خومەینی لە بەرانبەر بایکۆتی یەکلاکەرەوەی ڕۆژهەڵات، بە مەبەستی کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی کوردستان فەرمانی هێرشکردنە سەر کوردستانی دەرکرد. شەڕێکی نایەکسان لەگەڵ کەسانێک کە جگە لە باوەڕیان بە دێموکراسی و ئازادی هیچیان بۆ بەرگری لە خۆیان نەبوو. تەنانەت دوای ساڵانێک ئاسەواری تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر دیواری شارەکانی کوردستان دەبینرێت. لەم لەشکرکێشییە دڕندانەدا هەزاران کەس گیانیان لەدەست دا یان ناچاربوون ماڵەکانیان بەجێ بهێڵن. حیزبە کوردییەکان بە مەبەستی پێشگرتن لە تەشەنەسەندنی تاوان و ناسینی سروشتی دڕندەیی کۆماری ئیسلامی دژی ڕۆژهەڵات کوردستانیان بەجێ هێشت و بەرەو شاخەکان ڕۆیشتن و کەوتنە غوربەتێکی زۆرەملیی خۆسەپاو. بەڵام کۆماری ئیسلامی نەک هەر لەم هەڵمەتە هیچی دەست نەکەوت، بەڵکو لە چاوی خەڵکی کوردستان مەنفوورتر لە پێشووتر بوو. هەرچەندە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی کۆمەڵێک بەکرێگیراوی خۆفرۆشەوە هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی واقیعەکانی کوردستان جیاواز دەربکەوێت، بەڵام وەڵامی خەڵکی کوردستان بۆ دەسەڵاتی تاوانکاری ئاخوندی هەف یەک وشە بوو: نەخێر.

**سەرنجی سێیەم: گۆڕینی تاکتیک**

دوای چل و چەند ساڵ لە هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان، لە کاتێکدا حکومەتی ویلایەتی فەقیهـ لای وابوو کوردستان ئارام بووەتەوە، گڕکانی تووڕەیی خەڵکی کوردستانی سەری هەڵداوە و لافاوەکەی نەک هەر جوغرافیای ئێران بەڵکوو جیهانیشی سەرسام کرد. ژینای کوردستان بوو بە ناوی ڕەمزی خەباتی نوێی خەڵکی کوردستان لەدژی دیکتاتۆری ئاخوندیی. "نا"ی ئەمجارەی خەڵکی کوردستان دژبە کۆماری ئیسلامی، دەرئەنجامی ساڵانێک پێداچوونەوە و بیرکردنەوە لە ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی دژی ڕێژیم بوو. ئەمجارە جۆری خەبات دژبە نیزام لە بنەڕەتدا جیاواز بوو، بە پێچەوانەی ساڵی ٥٨ کە چەند هەزار پێشمەرگەیە بە نوێنەرایەتی لە چەند میلیۆن کورد چوونە مەیدانی بەرخۆدان. دژی دەستدرێژکارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، ئێستا چەند میلیۆن پێشمەرگەی شار لە ناوچە جیاجیاکانی خاکی نیشتیمان بە نوێنەرایەتیی چەند هەزار پێشمەرگەی شاخ چوونە شەڕی یەکلاکەرەوە دژی ڕەشایی. کۆماری ئیسلامی سەرسام لەم گۆڕانکارییە تاکتیکییە، بە هێنانەگۆڕێی ناوی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان وەک هۆکاری سەرەکیی ئاڵۆزییەکان بۆ بەلاڕێدابردنی ئاراستەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا، هەوڵێکی زۆری دا تا لەم تاڵاوە قووڵە ڕزگاری بێت. بە ڵام وڵامی وشیارانەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و ئامادە بوونی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە سەر شەقامەکان ئەم پیلانەی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ کردووە. "نا"ی کوردستان ئەمجارە بۆ کۆماری ئیسلامی زۆر ڕوونتر و بەرزتر لە ڕابردوو بوو، بەجۆرێک کە دیوارەکانی هێزی خەیاڵی دیکتاتۆری پیری لەرزاند.

**سەرنجی چوارەم: بەرخۆدان و بەرخۆدان**

لە ساڵیادی شۆڕشی ژینادا، لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی بە دەستبەسەرکردنی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕش و میلیتاریزەکردنی کوردستان هەوڵی دا پێش دووپاتبوونەوەی ئابڕووچوونەکە ساڵی پێشوو بگرێ، بەڵام هەوڵەکانی لە کوردستان سەرکەوتوو نەبوون. ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر ڕێژیم جارێکی دیکە پرسی بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی لە هەرێمی کوردستان هێنایە ئاراوە و بەو بیانوویە هەوڵی دا لەم حیزبانە وەک کارتێکی گوشار لەدژی خەڵکی کوردستان کەڵک وەربگرێت و لە هەمان کاتدا زەمینەی سەرکوتکردن هەرچی زۆرتر لە کوردستان دابڕێژێت. کۆماری ئیسلامی بە زانینی ئەو ڕاستییەی کە خەڵکی کوردستان ئامادە نابن چاوپۆشی لە تاوانەکانی ڕێژیم بکەن و لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ژینادا، بە هەموو توانایانەوە بەرگری لەو شۆڕشە دەکەن کە دەستیان پێ کردووە، هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی بۆ سەرکوتکردنی گرتەبەر. بەڵام مانگرتنی سەرتاسەری لە زۆربەی شارەکانی کوردستان جارێکی دیکە وەڵامێکی توند بوو بۆ نیزامی دژەئینسانی کۆماری ئیسلامی و دووپاتکردنەوەی وڵامی مێژوویی و نەگۆڕی گەلی کورد بوو بۆ سەرکردەکانی نیزام: "نا".

بەڵێ! هیچ شتێک لە کوردستان نەگۆڕاوە و ناگۆڕێت، خەبات لە کوردستان تا لەنێوچوونی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبێت. "نا" تاکە وەڵامی خەڵکی کوردستانە بۆ نیزامی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی. ئەم جوغرافیا نائارامە تا ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و سەقامگیربوونی دێموکراسییەکی هەمەلایەنە پشوو نادات و تا ئەو کاتە ئەم لەرزینە ناوبەناوانە خەونی کۆماری ئیسلامی و هەموو فاشیستێکی تۆتالیتاری دیکە تێک دەدات. ئەم جوغرافیایە شوێنێکی ئارام نییە بۆ دیکتاتۆرەکان و بەکرێگیراوەکانیان. نە زیندان و نە مەرگ و ئێعدام ناتوانێ ئیرادەی ئەم میللەتە بەچۆک دابێنێ. چیرۆکی چل و چوار ساڵ بەرخۆدان تا گەیشتن بە ئازادی بەردەوامە.

## خالید عەزیزی لە ئەنیستیتۆی کورد لە واشنگتۆن:

# کۆماری ئیسلامی ناسەقامگیرکردنی کۆی عێراقی مەبەستە



ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی خەرمانان، ئەنستیتۆی کورد لە واشنگتۆن کۆڕێکی سیاسیی بۆ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێک هێنا. لەو کۆڕەدا، وتەبێژی حیزب باسێکی هەمەلایەنەی لەسەر دوایین گۆڕانکارییەکانی، کوردستان، ناوچە و ئێران پێشکەش کرد.

کاک خالید لە قسەکانیدا پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە پێویستە کورد لەگەڵ ئێرانییە ئازادیخوازەکان و ئەوانەی باوەڕیان بە دێموکراسی و دابینکردنی مافی نەتەوەکان هەیە، خەباتێکی یەکگرتووانە ببەنە پێشەوە و لەم بارەوە دەبێ لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێک بکەوین. وتەبێژی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسە و باسەکانیدا، هەڕەشە و گوڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی بۆ ئەو هەلومەرجە گەڕاندەوە کە خەڵکی ئێران و کوردستان یەکگرتووتر لە پێشوو خۆیان بۆ قۆناغێکی نوێ لە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان ئامادە کردووە و ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی ڕێژیمی ئێرانی لێ کەوتووتەوە، بۆیە دەیهەوێ وا بنوێنێ کە ئێران لە دەرەوە مەترسیی لەسەرە.

بەڕێز عەزیزی لە لێکدانەوەکەیدا پێداگریی کردەوە ئێران پتر ئامانجی لەباربردنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە و ناسەقامگیرکردنی کۆی عێراقی مەبەستە، بۆیە پێی وابوو پێویستە ئەمریکا و هاوپەیمانان لەم مەیدانەوە ڕووبەڕووی ئێران ببنەوە و سنوورێک بۆ ئاژاوەگێڕییەکانی ئێران دابنێن.

لەم کۆڕەدا، لێکۆڵەران و نوێنەری ڕاگەیەنەرەکان بەشدار بوون و کاک خالید عەزیزی وڵامی پرسیارەکانی دانەوە.

# پەیامی سپاس و پێزانینی شەش حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## سەبارەت بە بەڕێوەچوونی مانگرتنی شکۆدار و گشتیی ٢٥ی خەرمانان




**خەڵکی مافخوازو ئازادیخوازی کوردستان!**

ئەمڕۆ شەممە، ٢٥ی خەرمانان ئێوەی خەڵکی سەربەرز و شۆڕشگێڕی کوردستان لە ورمێ، شنۆ، پیرانشار، ڕەبەت، سەردەشت، مەهاباد، بۆکان و سەقزەوە تا دەگاتە بانە، مەریوان، سنە، کامیاران، ڕوانسەر، دێولان، دیواندەرە، بیجاڕ، پاوە، کرماشان، ئیلام و کەنگاوەر بەگەرمی بە مانگرتنەکەتان بەپیل بانگەوازی شەش حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە چوون.

ئێوەی خەڵکی خەباتکاری کوردستان سەرەڕای میلیتاریزەکردنی پتری کوردستان و کۆی گوشار و هەڕەشەکانی ناوەندە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم و هەموو ئەو ڕێکارە ئەمنیەتییانەی بۆ خنکاندنی دەنگ و هەناسەتان گرتبوویانە بەر، جارێکی دیکە بە مانگرتنی بەربڵاو و داخستنی دووکان و بازاڕەکان لە شار و شارەدێیەکان وێڕای مەحکوومکردنەوەی کوشتنی ژینا ئەمینی و تاوانەکانی دیکەی ڕێژیم لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) لە یەکساڵی ڕابردوودا، هاوکات جینایەتەکانی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە سیاسیی کوردستان ڕیسوا کردەوە. ئێوە لەو مانگرتنەدا جارێکی دیکە یەکگرتووانە پەیامی خۆڕاگری و هاوخەباتیی خۆتان بەگوێی کۆماری ئیسلامیدا دادایەوە و هاوکات پشتیوانی و پشتگیریتان بۆ داوای حیزبە سیاسییەکانتان دووپات کردەوە. بۆیە ئێمە، ئەو شەش حیزب و لایەنە سیاسییەی بانگەوازی مانگرتنەکەمان ڕاگەیاندبوو، ئەمەگناسیی خۆمان لە بەرانبەر هەڵوێست و ئیرادەی بەرز و هەرگیز نەچەماوی ئێوەدا ڕادەگەیەنین و ئەو دەسکەوتە سیاسییە نوێیە دەیکەینە سەرمایەیەکی بەنرخ بۆ پەرەپێدانی خەباتی جەماوەری و یەکڕیزیی کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان.

هەڵوێستی سیاسی و مانگرتنەکەی ئێوە کە دیسانەکە پێداگری لەسەر "نا"گوتنەوەکان بە کۆماری ئیسلامی و خاوەندارەتیتان لە پرسی سیاسیی ڕەوای گەلەکەمان بوو، جارێکی دیکە پێشانی دا کە پلان و پیلانەکانی دوژمن چەند زۆریش بن نەک هەنگاوی خەبات و بەرخۆدانی پێ شل نەکردووین، بگرە لەسەر ئیمان بە ڕەوایی خەباتەکەمان سوورتری کردووین و لە ئێستادا ئیرادەی سەرکەوتنمان لە هەموو کاتێک بەهێزترە.

ئەو هەڵوێستە سیاسییە مانادارەی ئێوە جارێکی دیکە سەلماندی کە سەرکوتی خوێناوی، گرتن و ئەشکەنجە، ئێعدام و سێدارە، تێرۆر و مووشەکباران ناتوانن ئیرادەی نەتەوەی کورد بۆ بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشان هەتا دەستەبەری مافە ڕەوا و دێموکراتیکەکانیان بەچۆک دابێنن.

ئەو مانگرتنە جارێکی دیکە پێشانی دا کە کوردستانی یەکگر و یەکڕیز هەروەها سەنگەری لەشکاننەهاتووی خەبات بۆ ئازادییە و بزووتنەوەی سیاسیی کورد هەڵگری ڕەسالەتێکی مێژووییە و هەتا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزە مرۆییەکانی لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام دەبێت.

سڵاو لە ئیرادەی بەرز و خەباتگێڕانەتان،
سڵاو لە ئەرکوەخۆگری و خۆڕاگریتان.

**– حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**– کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**
**– پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)**
**– سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران**
**– پارتی ئازادیی کوردستان (پاک)**
**– کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی**
**(١٦ی سێپتامبری ٢٠٢٣)**

# نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان

## کۆنفرانسێک لەسەر پرسی شۆڕشی ژینا و سەرکوتی نارەزایەتییەکان لە ئێران

ڕۆژی هەینی، ٢٤ی خەرمانان لە ژێنێڤ نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەلایەن کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان- ژێنێڤەوە کۆنفرانسێک لەسەر پرسی ژنان، بارودۆخی نەتەوە و ئایینەکان لە ئێران لە ساڵوەگەڕی قەتڵی حکوومەتیی "ژینا ئەمینی" و سەرکوتی نارەزایەتییەکان، بەتایبەت لە کوردستان و بەلووچستاندا ڕێک خرا.


لەو کۆنفرانسەدا، جاوید ڕەحمان، تەیموور ئەلیاسی، سارا حوسێن، دوکتور کۆچەر وەلەدبەیگی، سیمین فەهەندژ و چەندین کەسایەتیی کورد، ئێرانی و بیانی لە پێوەندی لەگەڵ کوژرانی ژینا، بارودۆخی ژنان لە کوردستان، سەرکوتی بەرفراوانی نارەزایەتییەکان لە کوردستان و ئێران، پشتیوانیی نێونەتەوەیی لەو بزووتنەوەیە و شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" وتاریان پێشکەشی بەشداربووان کرد.

لەو کۆنفرانسەدا، کورتەفیلمێکی "فریا یوونسی" لە پێوەندی لەگەڵ نارەزایەتییە بەربڵاوەکان لە کوردستان لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا و سەرکوتی ئەو خۆپیشاندانانە لەلایەن ڕێژیمەوە و جیاوازیی هەڵسوکەوت لەگەڵ خۆپیشاندەران لە کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران، پێشان درا.




لە شۆڕشی ژینادا لانیکەم ١٣٤ کەس لە کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر شەقامەکان، یان لەژێر ئەشکەنجە لە گرتنگەکاندا کوژران کە ١٣ کەسیان منداڵ و تەمەن خوار ١٨ ساڵ بوون، هەروەها شەش کەس لە کوژراوەکان ژن بوون کە بە فیشەکی شەڕ کرابوونە ئامانج.

## هەگبەی شۆڕش و شاخ



### قارەمان ناترسن بمرن!

### شەهید مەحموود کاکەخانی



برایم چووکەڵی

بەهار جارێکی دیکە دەرودەشتی بە کراسی سەوز داپۆشیبوو. داوێنی چیاکان و جۆگە و جۆیبار بە وەنەوشە و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی بەهاری ڕازابـۆوە. شەوان شنەی بەهاری و خـوڕەی چـەم و، وێککەوتنی لکوپۆی داربییەکانی قەراغی چەم و، بۆنی عەتری گوڵانی کوێستانانی تا ئاواییەکانی دوورتر دەبرد. ڕۆژانیش پاش ئەوەی چاوی خەواڵوو داوێنی خەوی ئاڵۆزی بەر دەدا، بناری چیا، دێمەکار و پێدەشت کە پۆل‌پۆل مەڕومالاتی پێوەر دەبوو، دواتر هەموو لە حەشیمەت ڕەش هەڵدەگەرا، هەر کەس بۆ کارێک و هەریەکەی بۆ مەبەستێک. وەرزێران هەر کەس بۆ کاری خۆی، کیژان بۆ گوڵچنین و ڕنینەوەی گژوگیای بەهاری و، بە جوانی و بۆن‌وبەرامەی سروشت ئەوەندی دیکە دەگەشانەوە. بلوێری شوان و خرینگەی بازنەی بێری وەک دەنگێکی هەستبزوێن تێکەڵی دیمەنی سەرنجڕاکێشی سرووشت دەبوو. بەفراوی بەفری قەد پاڵی زنجیرە کێوەکانی ناوچە، بە خوڕ بە جوگە و جۆیبار دادەگەڕان و تێکەڵ بە ئاوی چلچەمە دەبوونەوە. لەوەها دیمەنێکدا گوندێکی خنجیلانە لە ناوچەی کەلاتەرزانی نێوان سنە و مەریوان هەڵکەوتووە بە ناوی "بەڕوەر". لەو گوندەدا بنەماڵەیەک هەیە بە ناوی کاکەخانی. بنەماڵەیەک کە شەش ڕۆڵەی پێشکێش بە بارەگای ئازادی کردووە. هەگبەی "شۆڕش و شاخ"ی ئەم ژمارەیە باس لە ڕۆڵەیەکی ئەو بنەماڵەیە، شەهید مەحموود کاکەخانی دەکا.

شەهید مەحموود کاکەخانی ساڵی١٣٤٠ی هەتاوی لەدایک بوو. ئەو توانیی تەنیا هەتا ٥ی سەرەتایی بخوێنێ، بۆیە هەر لە منداڵییەوە کاری وەرزێڕی و جوتیاریی لەگەڵ بنەماڵەکەی دەست پێ کرد و هەتا سەردەمی ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لەنێو شەپۆلی ژیانی سەخت و پڕ لە کوێرەوەریدا گەورە بوو.

هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە لە کوردستان هەستی مەحموود کاکەخانیی ڕووشاندبوو. مەحموود لەگەڵ ئەوەی تازەلاو بوو، ئەو ڕاستییەی بەتەواوی بۆ ڕوون ببۆوە کە کورد نەتەوەیەکی بندەست و خاکەکەی داگیر کراوە و تاکەڕێگاش خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگارییە. ئەو سەرەتا وێڕای براکانی خەباتی خۆیان لە ڕیزی سوپای ڕزگاری کە ئەوکات لەناوچەی مەریوان و سنە بوون دەست پی کرد؛ بەڵام پاش ماوەیەک هەر شەش برای ئەو بنەماڵەیە بە بیرکردنەوەی قووڵ ڕێبازی سیاسیی خۆیان گۆڕی و ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیان هەڵبژارد و لە هێزی شەریف‌زادە لە لکی شەهید محەممەدئەمین سۆفی‌پوور سازمان دران.

مەحموود لە ماوەیەکی کورتدا بە کردەوە نەترسی و بوێریی خۆی پێشان دا و جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوە. ئەو ئیمانێکی پتەوی بە حیزب و ڕێبازەکەی هەبوو و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پلەی زانیاریی خۆی دەبردە سەرێ بۆوەی باشتر خۆی پێ بگەیەنێ. نووسراوەکانی حیزبی بەوردی دەخوێندەوە و لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا باس و شیکردنەوەی لەسەر دەکردن.

مەحموود و براکانی لە ئازایەتیدا ناوبانگی دەرکردبوو. شەڕەکانی ناوچەی سنە، چەمشار، کەلاتەرزان، لەیلاخ، ناوچەی حوسێن‌ئاوە، ساڕاڵ، سەرشیوی مەریوان، شەڕی بەناوبانگی کۆڵ و باینچوو و زۆربەی شەڕەکانی دیکەی ناوچە سنە و مەریوان نموونەیەکی بچووکن لە فیداکاریی مەحموود و برا شەهیدەکانی. مەحموود بە هۆی لێزانی، ئازایەتی، فیداکاری، ئاکارجوانی و، بەهۆی کردەوەی شۆڕشگێڕانە و ڕەوشتی جوان، دڵسۆزی و لەخۆبوردوویی جێی خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچە کردبۆوە. لە مەیدانی کاری نیزامی و جموجۆڵ و عەمەلیاتی پارتیزانیدا گەلاڵەدارێژێکی بەتوانا بوو. جێبەجێکاری سیاسەت و بڕیارەکانی حیزب بوو. بەنەزم و دیسیپلین بوو. لە شەڕەکاندا فەرماندەرێکی ئازا و کارامە بوو، لە جەولە و کاروبارەکانی دیکەی ژیانی ئاسایی پێشمەرگانەدا، ورە و هیوا و هۆمێدی بە هاوسەنگەرانی دەدا و جێگای متمانەیان بوو.

ئەو تایبەتمەندییانە شەهید مەحموودیان وەک سیمایەکی بەوەج لە ڕیزەکانی هێزی شەریف‌زادەدا ناساند، بۆیە دواتر لەلایەن تەشکیلاتی حیزبەوە وەک فەرماندەری لکی شەهید مەحموودی کەڕەمی دیاری کرا کە تا کاتی شەهیدبوونی ئەو ئەرکەی بە ڕووسوورییەوە بەڕێوە برد. لەو بەرپرسایەتییەدا زۆری پێ نەچوو کارامەیی و زیرەکیی ئەو بۆ هاوسەنگەرانی زیاتر دەرکەوت.

تراژیدیی مێژوویی ئەوەیە کە بەداخەوە ئەو ٦ برایە لە ماوەی کەمتر لە ٤ ساڵدا گیانیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد و یەک لەدوای یەک شەهید بوون. بنەماڵەی کاکەخانی برینێکیان سارێژ نەدەبۆوە ڕۆڵەیەکی دیکەیان پێشکەش بە ڕێگای ڕزگاری دەکرد و سەرلەنوێ برینەکانیان دەکولانەوە. تەنانەت مەحموودی فەرماندە هێشتا چلەی برایەکی تەواو نەببوو کە ئەویش بەداخەوە شەهید بوو.

ڕۆژی ١٤ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پەلاماری زێدی مەحموودی دا. مەحموودی قارەمان وەک هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا پێشمەرگەکانی ڕێنوێنی دەکرد. پاش شەڕێکی قارەمانانە و وەشاندنی زەبرێکی قورس و کاریگەر لە دوژمن پاشەکشەیان پێ کردن، بەڵام لە کاتی ڕاونانی هێزی دوژمن لە گوندی بەڕوەر بەداخەوە بە گوللەی دوژمن پێکرا. بەمجۆرە مەحموودی جوانەمەرگ گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد و جارێکی دیکە بنەماڵەی کاکەخانی دڵیان برینی قورسی هەڵگرتەوە.

هەزاران سڵاو لەو شەش برا قارەمانە، شەهیدان: مەحموود، شەریف ، سەلاح، عەلی، ئەحمەد و سەعید کاکەخانی و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمان.

کوردستان
ژمارە: ٨٥٥
٣١ی خەرمانانی ١٤٠٢ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٣



# "ژینا"ی کوردان



عەلی بداغی

لە نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینیدا "توماس کارلایل" نەزەرییەی کەسایەتییە مێژووسازەکانی داهێنا. بەپێی بیردۆزییەکەی "کارلایل" مێژوو بە سەرنجدان بە شوێنەواری کەڵەپیاوان دەنووسرێتەوە و شی دەکرێتەوە. ئەو کەڵەپیاوانەش کەسانێکن بەهۆی هیندێک تایبەتمەندیی وەک دەسەڵات، بیروئاوەز، سەرنجڕاکێشی، دەستڕۆیشتوویی و ڕچەشکێنی کە هیندێک لە تاکەکان وەک ڕێبەران هەیانە، توانیویانە کاریگەری لەسەر ڕەوتی مێژوو دابنێن و تەنانەت بیگۆڕن. بیردۆزییەکەی توماس کارلایل دواتر لە ساڵی ١٨٦٠ی زایینیدا لەلایەن "هێربێرت ئێسپەنسێر"ەوە پوختە کرا. بە بۆچوونی "ئێسپەنسێر" ئەو کەڵەپیاوانە بەرهەمی کۆمەڵگەکەی خۆیانن و شوێندانەریشیان قەرزباری هەلومەرجێکە پێشوەختە بۆیان ڕەخساوە. ١٦٢ ساڵ دواتر لە وڵاتی ئێران نەک کەڵەپیاوێک، بەڵکوو ئەوە کچە کوردێکە بە مەرگی دڵتەزێنی خۆی دەبێتە خاڵوەرچەرخانێک لە مێژووی خەڵک و وڵاتەکەی.

***

لە کۆتاییەکانی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاویدا ژینا ئەمینیی خەڵکی سەقز کە هێشتا خەرمانی تەمەنی نەگەیشتبووە ٢٣ ساڵ، لە تاران کەوتە بەر ڕەشەبای بێدادی. گوڵی تەمەنی ژینا لە قاقڕستانێکدا هەڵوەری، کە چاوی بەرایی نادا کچانی شۆخ و شەنگ ببینێ. شەختە لە شوێنێک لە بەژنی ژینای دا، کە تێیدا فرچکیان بە ژاکاندنی بەهار و خەونە ئەرخەوانییەکانی ژن گرتووە.

ژینا، خۆی، ناوەکەی، بەسەرهاتی ژیان و مردنیشی هەموو تەعبیر لە چارەنووسی گەلەکەی دەکەن. ئەو لە کوردستان و لە شارە دڵڕفێنەکەی سەقز لەدایک بوو. هێشتا چاوی نەپشکوتبوو کەوتە بەر تیغی سڕینەوەی شوناس و هەبوونی خۆی. "ژینا"ی ژیان و بووژانەوە لە وڵاتی حاشا و چەواشەدا کرا بە "مەهسا"، بەڵام مەحوی گوتەنی:

**"وەکوو ڕۆژ ئەو مەهە لەو دوورە دەرکەوت**
**لەمێوە ئەشک و ئاهی ئێمە سەر کەوت".**

ژینای ئەمجەد و موژگان و خێزانە گەورەترەکەی ئەمینی و ئیفتیخاری پاش ئەوەی دیپلۆمی تەجروبیی وەرگرت، کەوتە قۆناغێکی دی لە کایەکانی ژیان. ئەو وەک هەموو تاکێکی ئەم دنیایە شاییبەخۆ بۆ داهاتووی دەڕوانی. حەز و ئارەزووەکانی ژینا، هێمن گوتەنی بچووک بەڵام تا بفەرمووی شیرین بوون کە خوێندن و پەروەردەی پتر یەک لەوان بوو. ژینا خوێندنی زانکۆ لە بەشی "میکرۆبیۆلۆژی"ی زانکۆی ورمێی لە پاییزی ئەمساڵدا کردبووە یەکێک لە ئامانجەکانی، بەڵام خەزانی مەرگ زووتر گەیشتە سەر خەرمانانی تەمەنی و پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی مۆمی ٢٣ ساڵەی تەمەنی دابگیرسێنێ، زریانی دەسەڵاتی ئەهریمەنیی کۆماری ئیسلامی چرۆی ژینی هەڵوەراند.

ژینا ئاشقی ژیان و جوانییەکانی سروشت و کولتووری گەلەکەی بوو. ئەو ئەویندار بزە و سەما و چۆپیکێشان و ڕەشبەڵەک بوو، بەڵام لە وڵاتێکدا، کە دەسەڵاتبەدەستانی شیر لە گەردەنی خۆشی و زەردەخەنە و جوانی دەسوون. ئەو ئاشقی گۆرانی و نۆتەکانی ناخبزوێنی مۆسیقا بوو، بەڵام چیی کردبا لە هەرێمێکدا کە تاریکپەرەستان ژن و جوانی و حەزی پیرۆزی ئەوانیان لە بەندیخانەی عەقڵی تەسکی کۆنەپەرستی و بیرکردنەوەی پیاوسالاریدا بەند کردووە؛ لە وڵاتێکدا کە دەسەڵاتە ئەهریمەنییەکەی نەک هەر جگە لە ژن و جوانی، بەڵکوو دوژمنی قەستەسەری خۆشی و زەردەخەنەشە و؛ لای ئەوان هەر شتێک کە ببێتە هۆی خۆشی و گەشی حەرامە و سزای لەسەرە.

ژینا وەک هەموو کوڕوکاڵانی هاوتەمەنی لەگەڵ ئازار و ژان گەورە ببوو، بەڵام هەروەک باووباپیرانیشی جەنگاوەری خۆڕەتاو بوو، کەوی و دەستەمۆ نەببوو. نەیدەویست ڕەش لەبەر کات و ماتەم بگێڕێت، نەیدەهێشت ئەهریمەن مەودا بخاتە نێوان خۆی و خەونەکانی، نەیدەتوانی ڕێگە بدات پێکەنین و زەردەخەنەکانی هەڵبوەرێن؛ بۆیە بۆ گەیشتن بە خولیاکانی ئامادە بوو گیان دابنێ. هەمووان لە بەرچاومانە: ژینا بە جلی کوردیی سوور، بێگەرد و ڕازاوە، گەش و ئاڵ بە گولبزەی شیرینەوە و، بە قژێکی پەرێشانەوە چۆپی دەکێشێ و فەرمووی ئەوانیدی بۆ گەڕی ڕەشبەڵەک دەکات. ئەم تابلۆیە دڕدانی هەموو بەهاکانی دەسەڵاتە کە خۆشی و پێکەنینی تێدا قاتە.

ژینا و ئەشکانی برای ڕۆژی ٢٢ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی سەردانی تارانیان کرد. هەمان ڕۆژ ژینا بە بەرچاوی براکەی بە بیانووی ئەوەی چەند تاڵ قژی بەدیارەوەیە و جلی نەشیاوی لەبەرە، دەسبەسەر کرا. لە بەردەم ئۆتۆمبیلی پۆلیسدا بێبەزییانە کەوتە بەر مست و پێلەقە و بە باتووم لە سەری درا. لە بنکەی پۆلیس لەسۆنگەی ئازار و ئەشکەنجەکانەوە و ئەو زەبرانەی بەر مێشکی کەوتبوو، لە هۆش چوو و پاش سێ ڕۆژ هەوڵی پزیشکەکان و کادری دەرمانیی نەخۆشخانەی کەسرای تاران، دوانیوەڕۆی ٢٥ی خەرمانان ئەستێرەی ژیانی ئاوابوو. تەرمی ژینای جوانەمەرگ لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز لەنێو ئاپۆرای خەڵکی کوردستاندا بەخاک سپێردرا. لەسەر بەردەکێلەکەی نووسرا: "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز" و ئەو بوو بە سەرەتای وەرچەرخانی مێژوو لەم وڵاتەدا.

لە ساتەوەختی ناشتن و دواماڵئاوایی لە ژینای کوردستان دەنگێکی بەگوڕ و هاوارێکی چڕ لەنێو خەڵکدا بەرز بۆوە: "ژن، ژیان، ئازادی". ئاپۆرای خەڵک بە یەکدنگ و بەرز بەرز ئەو دروشمەیان گەیاندە شار، گەیاندیانە گوێی پێتەخت و لە سنووری وڵات ئاودیویان کرد. ئەو بەڵێنەی بە ژینا درا کە ناوی ببێتە ڕەمز، ئاوێتەی مانیسفێستی شۆڕشی نوێ کرا بۆ لەگۆڕنانی ڕێژیمی تاریکی، بۆ بنیاتنانی دوارۆژی ڕوون، بۆ چێکردنی هەرێمێکی دی لە خەڵک و دەسەڵات بە پێناسەی ماف و جوانییەکانی ژیان.

حەماسەی ڕزگاری لەسەر مەزاری "ژینا"وە دەستی کرد. کۆڵان بە کۆڵان، شەقام بە شەقام، شار بە شار، وڵات بە وڵات هەموو هاتنە شەڕی خێوی شەڕ و تاریکی. کوردستان مانی گرت و شەقام جمەی تێ کەوتەوە.

**"دەرگای شێران کرایەوە**
**دار و بەرد دەنگی دایەوە**

**گوێ لە زڕەی زنجیر بگرن**
**پاڵەوان نەترسن بمرن**

**بۆ مەرگ دێن بەئازایی**
**دەڵێی دەڕۆنە سەرشایی"**

نەعرەتەی لاوانی دلێر نایەڵێ دەنگی فیشەک و پۆستاڵی داگیرکەر بە سەر شەقامدا زاڵ ببێت. هەموو شوێنێکی وڵاتی خۆر دەبێتە بڵێسەی ئاگر و کانگای خۆڕاگری و نەسرەوتن. ڕۆژهەڵات دیسانەکەش سەری بەرزترە... دەنگی دلێرترە... ڕووسوورتر لە هەموو کاتێک، لە هەموو جارێک. دەستەخوشکەکانی ژینا پێشەنگ و ڕچەشکێنن. دەنگیان لەو ئۆرکێسترایەدا زاڵە و زرناوی دوژمنی بردووە، قرمژنی چەکی دوژمن هەدادانی نییە:

**"وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە**
**خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە**

**تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا**
**قەڵخانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا"**

زەماوەندی سەربەستییە و چۆپیکێشەکەی ژینایە. دەسرۆکەی سەرچۆپی لە نێوان محەممەد و شەهریار لە بۆکان، فوئاد و موحسین لە دیواندەرە، برایم و ڕەزا لە دێولان، فەرجاد و دانش لە ورمێ، زەکەریا و کۆمار لە پیرانشار، فەرەیدوون و سمایل لە سەقز، ئەفشین و مینوو لە قەسری شیرین، ئەمین و میلان لە شنۆ، ئارمین و سینا لە کرماشان، عەزیز و پەیمان لە سنە، هێمن و شەهریار لە سەردەشت، بورهان و فوئاد لە کامیاران، عیرفان و بەهائەدین لە جوانڕۆ، زارا و ئیمان لە شائاباد، محەممەد و عەلیڕەزا لە سونقوڕ، شۆڕش و ئازاد لە مەهاباد، موختار و نەسرین لە مەریوان، نیما و ئارین لە سەلاس، موحسین لە ئیلام و ئەردەڵان لە گەیلان، ئاسۆ لە بانە و سامان لە تیکاب و؛ کوبڕا و فریشتە و دەیانی تریش دەست بە دەست دەگەڕێ و گەڕی شایی ڕزگاری هەر بەردەوامە. چاوی ژینا لە بان بانی کوردستانەوە دەڕوانێتە بنەماڵەی شەهیدان کە چۆن ڕێوڕەسمی ناشتنی ڕۆڵەکانیان کردووە بە مەیدانێکی دیکەی خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەدژی کۆماری ئیسلامی و ئەو کاروانە هەر وا بەڕێوەیە.

لە نووسینەوەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ ڕاماڵینی کۆماری ئیسلامیدا "ژینا ئەمینی" پاڵەوانی چیرۆکەکە و هۆی سەرکەوتنی شۆڕشەکەیە. وردەکارییەکانی ژیانی کەسیی ژینا، ئەوەی لە کوێ خوێندوویەتی و لە بنەماڵەدا چۆن پێ گەیشتووە و پێوەندییەکانی خۆی و دەوروبەری چۆن بووە ڕەنگبێ لە پلەی دووهەم و چەندەمدا بن، بەڵام ئەوەی لەو مێژووەدا لە لوتکەدا دەمێنێتەوە ناوی ژینایە و کوردستان. ژینا وەک قافڵەسالار و کوردستان وەک داینەمۆی ئەو شۆڕشە. کوردستان وەک ڕێکخەری شۆڕشی ژینا و وەک ناوەندی هەناردەکردنی بەها و بایەخە مرۆیی و شۆڕشگێڕییەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش.

حەماسەکە بە ژینا دەستی پێ کرد و بوو بە ئەفسانە، بەڵام کۆتاییەکەی بۆ کاروانێک جێ هێشتووە کە بەڕێوەیە. ئەو لەپێناو سەربەستی و ئازادیی خەڵکەکەیدا کوژرا و ئەرکی گەیشتن بەو ئازادی و سەربەستییەشی بە ئێمە سپاردووە. ئێمەش هەمووان بەپێوەین و پێکەوە بەرەو لوتکە بەڕێوەین.

**گیانە ژینا تۆ نامری، ناوت بووە بە ڕەمز....**

***

**تێبینی:** ئەم دەقە بۆ دەسپێکی بەرنامەی "سوورخەڵاتان"، تایبەت بە ژیاننامەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا نووسرا کە لە "کوردکاناڵ" بڵاو دەبێتەوە و وەک کتێبیش بەرگی یەکەمی چاپ و بڵاو بۆتەوە.

## ڤێستگە

# ئیرادەی هاوبەش!

**ئاسۆ مینبەری**

٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ ساڵێک بەسەر شەهیدکرانی ژینا ئەمینی تێپەڕی. لە یەکساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر لە کوردستاندا ڕوویان دا، ڕووداوگەلێک کە بێگومان بەشێک لە پاشخان و مێژووی ئەم وەرزە لە خەبات بۆ نەسڵەکانی داهاتوون.

٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵی ڕابردوو بوو، ڕەنگە ساڵی ڕابردوو و لەم ڕۆژەدا کەم کەس هەبووبێ بیری لەوە کردبێتەوە گیانلەدەستدانی ژینا لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران، ئەتوانێ چەخماخەی شۆڕشێک لێ بدا، بەڵام ئەمساڵ هەمووان دەیانزانی دەبێ یادی ژینا لە یەکساڵەی نەبوونیدا بکەنەوە.

**وێنایەک لە ڕۆژەکانی پێش ٢٥ی خەرمانان**

ڕێژیم لە هەر لە سەرەتای مانگی خەرمانانەوە هێزێکی چەکداری زۆری ڕەوانەی شارەکانی کوردستان کرد و بەتایبەت شاری سەقزی بەتەواوی میلیتاریزە کرد. ڕەشبگیرێکی کەموێنەی لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ژینگەپارێزی کرد و سەدان کەسی لە زیندان پەستاوت. بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینای بانگ کرد، گوشاری خستە سەریان و هەڕەشەی لێ کردن کە نابێ بەشداری ڕێوڕەسمی ساڵوەگەڕی ژینا ئەمینی بن. بە دانانی کامێرای چاودێری و خاڵی پشکنین لە چونەژوورەوەی شارەکان، کەشێکی ئەمنیەتیی بەسەر شارەکاندا زاڵ کرد. دووکاندار و بازاڕییەکان لەسەریان کرا بێتوو مان بگرن و دووکان و بازاڕ دابخەن زۆر خراپیان بەسەردا دەشکێتەوە. لە ماوەی یەک حەوتوودا، ٤ جار باوکی ژینا بانگ کرایە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و هەموو ئەمانە لە ترسی تەقینەوەی تووڕەیی خەڵکی کوردستان و پاشان بەپیلەوە هاتنی بانگەوازێکی هاوبەشی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بوو!.

لە گێڕانەوەیەکی کورتدا: حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بانگەوازێکیان بڵاو کردەوە و داوایان لە خەڵک کرد لە ڕۆژی شەهیدبوونی ژینادا، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بە مانگرتنێکی گشتی و سەرانسەری، وێڕای خاوەندارەتیکردن لە کچەکەیان، "نا"یەکی دیکە بە کۆماری ئیسلامی و تەواویەتی ڕێژیمە نگریسەکەی بڵێنەوە.

ڕۆژی شەممە، ٢٥ی خەرمانان، بازاڕی و کاسبکاران لە هەموو شارەکانی کوردستان دووکان و بازاڕیان داخست و کوردستان ئیرادەیەکی گشتگیریان پێشان دایەوە و بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامییان تووشی شۆک کرد.

ڕێژیم سەرەڕای هەموو ئەو ڕێکارانەی بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک گرتبوویە بەر، بەڵام شکا. بۆیە ناچار دیسان پەنای بردە بەر ڕێکاری دی. سەرەتا دایک و باوکی ژینای لە ماڵەکەی خۆیاندا دەسبەسەر کرد و هەموو ڕێگاکانی پێوەندیی بنەماڵەی ئەمینیی لەگەڵ دەرەوە پچڕاند. هەموو شەقامەکان و ڕێگاکانی دەوروبەری ماڵی ژینا ئەمینی بە هێزی ئەمنیەتی گەمارۆ درا، دواتر هەواڵدەریی ئێرنای سەر بە ڕێژیم، بە ناردنی کورتەنامە بۆ خەڵک، دەسبەسەرکرانی ئەمجەد ئەمینیی ڕەت کردەوە و لە زاری جێگری ئەمنیەتیی پارێزگاری سنەوە ڕایگەیاند کە پێشگرتن لە ڕۆیشتنی باوکی ژینا ئەمینی بۆ سەر مەزاری کچەکەی بە مەبەستی "پووچەڵکردنەوە"ی پیلانی "تێرۆر"ی ناوبراو بووە! ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئەمجەد ئەمینی، چەند ڕۆژ پێش بە بڵاوکردنەوەی پۆستێک لە ئینستاگرامەکەی خۆیدا ڕایگەیاند وەکوو هەر بنەماڵەیەکی دیکە بە مافی خۆیان دەزانن ڕێوڕەسمی ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی بۆ کچەکەیان بگرن. هەروەها داوایان لە خەڵکیش کرد کە خۆیان لە هەر چەشنە توندوتیژییەک بە دوور بگرن، کەچی ڕێک لەو ڕۆژەدا سێناریۆیەک دەخولقێ کە گوایە ویستوویانە ناوبراو تێرۆر بکەن و هەر ئەو ڕێژیمە مرۆڤکوژە کە ژینای لە باوک و دایکی ستاند، ئێستا هاتووە و باوکەکە لە مەترسیی تێرۆرکران دەپارێزێ! جا تێرۆریست کێیە و بۆچی دەیەوێ ئەم باوکە دڵبریندارە تێرۆر بکات، پرسیارێکە وڵامەکەی تەنیا لە لۆژیکی ڕێژیمی ئێراندا دەگونجێ.

سێناریۆی لەم چەشنە لە کوردستاندا زۆر بووە و شتێکی نوێ نییە، چەند ساڵ پێش بوو کە لە ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە شاعێری گەل، جەلالی مەلەکشادا لە سنە، پێش بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕیسمەکە گیرا، بەو بیانوویە کە لە هۆڵەکە بۆمب دانراوە! ئەویش هۆڵێک کە لەژێر چاوەدێریی خودی ڕێژیمدا بوو، هۆکارەکە ئەوە بوو کە حەفتەیەک پێش لەوە مەلەکشا لە ڕێوڕەسمێکی دیکەدا، بە شێعری "دارەپیرە" ڕێژیمی کردبووە ئامانج و ترسی دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوە، وای کرد سێناریۆی لەم چەشنە دابڕێژن و هیچکات ڕێوڕەسمەکەش بۆ مەلەکشا بەڕێوە نەچوو!

لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا، ڕێژیم سەرەڕای هەموو ئامادەکارییەکان و هەموو پلاندارشتنەکانی، شکستێکی گەورەی خوارد، ڕێژیمێک کە هەمیشە بانگەشەی نەمانی حیزبەکانی دەکرد و بە میلیۆنان پارەی خەرج دەکرد تا بە دروستکردنی فیلم و بەرنامەی تەلەویزیۆنی، حیزبەکان بە مونحەلە و ناخۆشەویست و جینایەتکار ناو ببات، بۆی دەرکەوت هەموو کات و زەحمەتەکانی بەفیڕۆ چووە.

ئەگەر بانگەوازی هاوبەشی حیزبەکان، نیشاندەری ئیرادەیەکی گشتگیر و پتەو بوو، لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی کوردستان بە شێوازێکی زۆر وشیارانە و بە بیرێکی کوردستانییەوە، بەرەوپیری بانگەوازەکەوە هاتن و شەقام و بازاڕیان چۆڵ کرد. بەمجۆرە بێدەنگییەک باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا کە فێرێکانسەکەی گەیشتە تارانی ناوەندی چەوسانەوە!و

ئەم بڕیارە یەکدەستە، پڕ بایەخ بوو، چونکە وای کرد کە خەڵکی کوردستان بە هەر بیر و باوەڕێکی حیزبییەوە، لەژێر چەتری کوردستانیبووندا کۆ ببنەوە و پێکەوە پەیامی گرینگی یەکبوون و یەکهەڵوێستبوون بە ڕێژیم بگەیەنن. ئەم بانگەوازە ئەم پەیامە گرینگەی پێ بوو کە سەرەڕای جیاوازیی باوەڕەکان، سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکان، دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە، بۆیە لە بەرانبەر ئەم دوژمنە هاوبەشەدا، بە ئیرادەیەکی هاوبەشەوە لە مەیدانی کردەوەدا تێدەکۆشین و براوەی ئەم مەیدانەش هەر ئێمە دەبین.

کوردستان
● ژمارە ٨٥٥
٣١ی خەرمانانی ١٤٠٢ _ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٣

# سزای ٧٠٠ ساڵ بەندکردن و ٢٢٢٧ زەبری قامچی بۆ ٢٠٢ کەس

ناوەندی ئامار و بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێ لەو هەزاران کەسەی لە شۆڕشی ژینا لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا گیراون، لانیکەم شوناسی ٢٠٢ کەسیان ئاشکرا بووە کە سەرجەم ٧١٥ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

ئەو ڕاپۆرتە دەڵێ لەنێو گیراوەکاندا بەندکراوێک بە ناوی محەممەدمەهدی کەرەمی لە دار دراوە و ٢٠١ کەسی دیکەش سەرجەم سزای ٧١٥ ساڵ و ٦ مانگ و ١٧ ڕۆژ بەندکران، ٢١ ساڵ و ٦ مانگ بەندکرانی هەڵپەسێردراو، ٢٢٢٧ زەبری قامچی، پێبژاردنی پارە و بێبەشکران لە مافە کۆمەڵایەتییەکان بەسەردا سەپێندراوە. سەرەڕای ئەم سزایانە، ناوەندە ئەمنیەتی و دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی سزای موحارەبە و "فساد فی‌الارض"ی بەسەر لانیکەم ١٥ بەندکراوی کورددا سەپاندووە، کە بریتین لە: سامان یاسین (کرماشان)، پوریا جەواهری ( کامێران)، ٩ کەسی خەڵکی شنۆ بە ناوەکانی ئیحسان محەممەدی (تەمەن ١٦ ساڵ)، فەرهاد تەهازادە، فەرزاد تەهازادە، فەریاد حەمزەشوور، شەهرام مەعرووف‌مەلا، ڕەزا ئیسلام‌دووست، کاروان شاهی پەروانە، فەرزاد مەحمودپوور؛ ڕەزا ڕەسایی (سەحەنە) و چوار کەسی خەڵکی سنە بە ناوەکانی: کەیوان زەندکەریمی، سەردار شامورادی، ئارام ئازاد و هۆشەنگ چوارگورگە. جێگای ئاماژەیە کە بەپێی یاساکانی سزادانی ئیسلامی ئەگەری سەپاندنی سزای قورس و سێدارە بەسەر ئەم ١٥ بەندکراوە لە ئارادایە.

### سەپاندنی سزای بەندکران و لێدانی قامچی بە سەر ٤ منداڵدا

لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا لانی‌کەم ١٩٢ منداڵ و مێرمنداڵ کە بە ناو و ناسنامەیان زاندراوە، لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەستبەسەر کراون و سزای بەندکران و لێدانی قامچی بەسەر ٤ کەس لەم منداڵانەدا سەپێندراوە و دوو کەسی دیکەشیان سزای پێبژاردنی پارەیان بەسەردا براوە. بەپێی زانیارییەکان سزا سەپێندراوەکان بەمجۆرەیە: کوروش گەڕاوەند (تەمەن ١٧ ساڵ و خەڵکی سەراوڵە) سزای ٧ مانگ بەندکران، فەرهاد نەوایی (تەمەن ١٦ ساڵ و خەڵکی مەهاباد) سزای ٢ ساڵ بەندکران، ئەرشیا بەرزین (خەڵکی جوانڕۆ) سزای ٣ ساڵ بەندکران و ٧٤ جار لێدرانی قامچی و کیانووش ئەعزەمی، خەڵکی جوانڕۆ سزای ١٠ مانگ و ٧٤ زەبری قامچی.

### سەپاندنی سزای بەندکران و لێدانی قامچی بە سەر لانی‌کەم ٢٣ چالاکی ژندا

لە سەرەتای شۆڕشی ژیناوە هەتا ئێستا، لانی‌کەم ١٩ چالاکی ژن لەلایەن دەزگای دادوەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەرجەم سزای ٦١ ساڵ و ٧ مانگ بەندکرانیان بەسەردا سەپاوە. هەروەها ٤ چالاکی ژن سەرجەم سزای ٨ ساڵ بەندکرانی هەڵپەسێردراویان بەسەردا سەپاوە و یەک لەم ژنانە سەرەڕای ئەم سزایە، سزای ١٨ زەبری قامچیشی بەسەردا سەپێندراوە.

### سەپاندنی سزای زیندان بە سەر ٤ مامۆستا و ٨ خوێندکاردا

لە ماوەی شۆڕشی ژینادا زیاتر لە ١٠٠ خوێندکاری زانکۆ لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەر کراوان و ژمارەیەک لەم خوێندکارانە لە مافی درێژەدان بە خوێندن بێبەری کراون. هەروەها ٨ کەس لەم خوێندکارانە سەرجەم سزای ١٩ ساڵ بەندکران و ٣ ساڵ دەستبەسەرکرانی هەڵپەسێردراویان بەسەردا سەپێندراوە. یەکێک لەم خوێندکارانەوە سەرەڕای سزای بەندکران، بە لێدانی ٧٤ زەبری قامچیش سزا دراوە. هەروەها لانی‌کەم ٤ مامۆستا سەرجەم سزای ١٦ ساڵ و ٦ مانگ بەندکرانیان بەسەردا سەپاوە.

### سزاکانی سەر مامۆستایان و چالاکانی ئایینی


لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بەهۆی پشتیوانی مامۆستایانی ئایینی لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، دەیان مامۆستای ئایینی لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەر کران کە هەتا ئێستا لانی‌کەم ١٣ مامۆستای ئایینی و فەقێی خوێندنگە ئاینییەکان لەلایەن دەزگای دادوەریی ڕێژیمەوە (بەتایبەتی دادگای تایبەت بە مامۆستایانی ئایینی لە شارەکانی کرماشان، هەمەدان و ورمێ) سەرجەم بە ٤٧ ساڵ زیندان و ٥ ساڵ بەندکرانی هەڵپەسێردراو حوکم دراون. هەروەها چوار کەس لەم مامۆستایانی ئایینییە، سزای ٢٩٤ زەبری قامچی و سزاگەلی دیکەی لە چەشنی دوورخرنەوە، هەڵپەساردن لە بانگخوازی و داماڵین لە جلوبەرگی مامۆستایەتییان بە سەردا سەپاوە.

### سەپاندنی سزای نامرۆڤانەی لێدانی قامچی

برینەوەی سزای لێدانی قامچی لەلایەن دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە حاڵێکدایە کە بەپێی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، سزای قامچی کارێکی نامرۆڤانە، زۆردارانە و لەدژی شکۆی مرۆڤە. مادەی ٧ی پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان سەپاندنی ئەم جۆرە سزایانەی قەدەغە کردووە. بەڵام لە ڕەوتی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا سزای ٢٢٢٧ جار زەبری قامچی بەسەر لانی‌کەم ٤٤ بەندکراوی کورد لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکەدا سەپێندراوە و سەرەڕای ئەم سزایە، ئەم کەسانە سزای بەندکرانیشیان بۆ براوەتەوە کە لە نێویاندا منداڵ، ژنان، خوێندکاری زانکۆ و مامۆستای قوتابخانە و مامۆستایانی ئایینییش هەن.

بەپێی هەموو زانیارییەکان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەستبەسەرکراوانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لە کەمترین مافەکانیان تەنانەت بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامییش بێبەری بوون. زۆربەی دەستبەسەرکراوان لە سەرەتای بەندکرانیانەوە لەژێر ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەییدا بوون و لە مافی دەستڕاگەیشتن بە ڕاوێژکاری یاسایی و پارێزەری دڵخوازیان بێبەری بوون. هەروەها پەروەندەی ئەم کەسانە لەسەر بنەمای ویستی ناوەندە ئەمنیەتییەکان داڕێژراوە و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش سزادراوان و کاربەدەستانی دەزگای داد بە هیچ شێوەیەک سەربەخۆیی بڕیاردانیان نەبووە.

# میکۆنووس پەڵەی ڕەشی هەتاهەتایی بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە




**ئەم برینانەی خراونەتە سەر لەشی حیزبی دێموکرات ئەو پتانسیەلەیان هەیە کە کۆماری ئیسلامی پەلکێشی دادگا نێونەتەوەییەکان بکا. هەر لە تیرۆری شەهید دوکتور قاسملووە بگرە تا بەتایبەتی کەیسی شەهیدانی قەڵا و دادگای بەناوبانگی میکۆنووس. دوور نەڕۆین یەکی وەک جۆزێف بۆرێل، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئوروووپا بۆ بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، دەڵێ گرفتی یاسایی هەیە و مادام دادگایەکی وڵاتێکی ئوروووپایی داوایەکی لەم چەشنەی نەبێ، ناکرێ سپای پاسداران بخرێتە لیستی تیرۆریستی یەکیەتیی ئوروووپاوە. بۆیە کەیسی میکۆنووس تەواو ئەم پتانسیەلەی هەیە سەرلەنوێ بخرێتەوە گەڕ بە حوکمی ئەوەی بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و لقی دەرەوەی سپای پاسداران وەک بکەری جینایەتی میکۆنووس لە لایەن سیستمی دادوەری فەرمی ئاڵمان وەک تاوانبار ناسێندراون**



ناسر باباخانی

ڕۆژانی ١٠ و ١١ی ئێپریلی ١٩٩٧ میدیا بەناوبانگەکانی جیهان مانشێتی سەرەکییان یەک شت بوو: دادگای بێرلین ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی وەک بکوژی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ناساند، قاتڵانی میکۆنووس مەلاکان بوون!

لە مێژوودا هەرگیز بڕیارێکی لەم چەشنە بۆ هیچ وڵاتێک دەرنەچووە کە ڕێبەرانی وەک قاتڵ پێناسە بکرێن. یەکەم جار بوو دەوڵەتێک وەک تیرۆریست بە دنیا بناسێندرێ. شپیگڵ گەورەترین هەفتەنامەی ئوروووپا کە لە ئاڵمان دەردەچێ نووسی: ئەمە گەورەترین مەحکەمەی تیرۆری دەوڵەتی لە جیهاندا بوو.

ئوروووپا ماوەیەک بوو بە نەرمی و نەوی کێشان –وەک دیپلۆماسیی هەمیشەیی– خەریکی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئەم وتوویژانە بە "دیالۆگی ڕەخنەیی" ناودێر کرابوون. ئوروووپا پێی وا بوو ئەمە جۆرە گوشارێکە بۆ ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا.

ڕێک دوو مانگ پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، ئوروووپای تووشی شۆک کرد. شەقامەکانی پێتەختی وڵاتانی ئوروووپایی بە خوێنی جودابیران و دژبەرانی ڕێژیمی ئێران شەلاڵی خوێن کرا. ئەمە سەرەتای قۆناغی ترس و تۆقاندن بوو لە ڕێی تێرۆریزمی دەوڵەتییەوە لە دەرەوەی وڵات. لە نێوخۆش، کۆماری ئیسلامی بە بەر چاوی دنیای ئازاد و دێموکراتیکدا دەستی کرد بە قەتڵوعامی خەڵک. لە درێژەی کردەوە تێرۆریستییەکانیدا کاتێ فتوای قەتڵی سەلمان ڕوشدی لە لایەن خومەینی دەرکرا و پاش مەرگیشی دەسەڵات پشتگیری لەم حوکمە دژەئینسانییە کرد و پێشوازی لە تێرۆری ئیسحاق ڕابین سەرۆک وەزیرانی ئیسراییل، ئوروووپا پێی وابوو "دیالۆگی ڕەخنەیی" دەبێتە هۆی گوشار بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی. دیارە ئوروووپا وەک هەمیشە سیلەچاوی ئابوورییشی هەبووە، بەتایبەتی لەم نێوەدا ئاڵمان پشکی شێری بەردەکەوت. باسی گرێبستی چەند میلیارد مارکی لەگەڵ ئاڵمان لەگۆڕێدا بوو. خاڵی سەرنجڕاکێش بە وتەی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆی ئاڵمان ئەوە بوو کە، لە دانیشتنەکانی دادگادا نوێنەری کۆمپانیایەکی زەبەلاح وەک زیمێنسیش حازر بوو! دەوڵەتی ئاڵمانیش زۆر بە بێ‌مەیلی دەجووڵاوە و مەبەستی دیزەبەدەرخونە کردنی پرسەکە بوو!

هەرچەند لێرولەوێ هەندێ دەنگهەڵبڕین هەبوو، بۆ وێنە وەزیرانی دەرەوەی دانمارک و نۆرویژیش هۆشدارییان دا ئەم دیالۆگە هیچی لێ شین نابێ، بەڵام ئەم ڕەوتە درێژەی بە دانوستانەکان دا. تەنانەت وای لێ هات یاسای داماتۆ کە لەلایەن کلینتۆنەوە بەسەر ئێران داسەپابوو –وەک گەمارۆی نەوتی– لەلایەن ئوروووپاوە ڕەچاو نەکرێ. ئیدارەی کلینتۆن داوای لە ئوروووپا کرد بە حوکمی ئەوەی ئێران وڵاتێکی تێرۆریستییە ئەم وتوویژانە بوەستێنن.

بوومەلەرزەی میکۆنووس ئەگەرچی کۆتایی بە تێرۆریزمی دەوڵەتی لە ئوروووپا هێنا (لانی‌کەم دوو دەیە)، بەڵام تێرۆری دەوڵەتی لەنێوخۆدا و هەروەها لە قالبی شەڕی پراکسی لە ناوچە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

لە تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی (فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی) لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١)ەوە تا دەرکردنی بوێرانەی حوکمەکە واتە ١٥ی ئەپڕیلی ١٩٩٧ (٢١ی خاکەلێوە) واتە ٥ ساڵ و ٤٧ ڕۆژ، ١٧٠ کەسێک بەشدار بوون کە دەوری بەنی سەدر و شایەدی ئەبووئەلقاسم میسباحی دەوری یەکلاکەرەوەیان هەبوو. یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی دنیادا قازییەک قامکی تاوانی بۆ لای بەرپرسانی باڵای وڵاتێک ڕاداشت، ئەم وڵاتە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئەمە گەورەترین شەرمەزاری سیاسی مێژووی هاوچەرخ بوو!

دادگاە بکوژان و بکەرانی ئەم جینایەتە سامناکەی بە زیندانی هەتاهەتایی و چەند ساڵێک مەحکووم کرد، بەڵام بوومەلەرزەکە کاتێ ڕووی دا کە خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ڕەفسەنجانیی سەرۆک کۆمار، ویلایەتیی وەزیری دەرەوە و فەلاحیانی وەزیری بەدناوی ئیتلاعات وەک تاونبار ناسێندران. ئەمە ئابڕووچوون نەبوو، ئەمە حەیاتکان نەبوو، ئەمە هەڵگرتنی دەمامک لە ڕووی فاشیزمی مەزهەبی بوو کە بە خوێن سەودای لەگەڵ جیهان دەکرد. وێنەی خامنەیی لەسەر ئەم پۆستێرانە داندرا کە لەگەڵ تاوانباری مەترسیدار هەڵسوکەوت دەکرێ. ئەو قودسییەت و پیرۆزییەی لە پاش مەرگی خومەینی خەریک بوون لە خامنەیی سازکەن، بە یەک شەوە بیکەن بە "ئایەتوڵڵا"، چیرۆک و ئەفسانەی لێ سازکەن و کە لە زگی دایکی بەربۆتەوە و قسەی کردووە و خوانی لە بەهشتەوە بۆ هاتووە دواتر وەک بڵقی سەر ئاوی لێ هات!

ئوروووپا سەرجەم باڵوێزەکانی لە ئێران بەرەو وڵاتی خۆیان دەگەڕێنێتەوە، ئەوە هەر سیمای ئەم فاشیزمە مەزهەبییە زیاتر خۆ وەدەردەخا. لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی بۆچوونی کەسێکی وەک سەعید حەجاریان دووی جۆزەردان وەرچەرخانی گوتار نەبوو لە نێوەرۆک و پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، بەڵکوو ئامالپڕۆژەیەک بوو بۆ ئەوەی دۆخی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوە بە شێوازێکی تر سەقامگیرتر بکەن.

ئەوان باش دەیانزانی خەڵک لەوپەڕی نارەزایەتی‌دان، لەلایەکی تریشەوە دوای ئابڕووتکانی گەڕانەوەی باڵوێزانی ئوروووپایی بۆ وڵاتی خۆیان، کۆماری ئیسلامی بە تەواوی ئایزۆلە کرابوو و تەریک کەوتبۆوە. بۆیە پێویست بوو فەزای ڕواڵەتی کۆمەڵگە بگۆڕدرێ، پێویست بوو چەلەحانەی سیاسی لە ئاستی دیالۆگی نێوان دوو باڵی ڕێژیم بەرقەرار بکرێ بۆ ئەوەی نیشان بدرێ کە پشوویەکی سیاسی زیاتر بوونی هەیە. بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات تا هەنووکە دەرکەوت دووی جۆزەردان ئەو پوتانسییەلەی نەبوو تا ببێ بە سەرەتای خاڵگۆڕانێک لە ناو ئێراندا، تەنانەت تا ئێستاش هیچ دەسکەوتێکی بەرهەستی نەبووە و بۆیە لە ڕاستیدا ئەمە گۆڕینی تامی زاری خەڵک بوو و لە هەمان کاتیشدا دانی ڕواڵەتێکی تازە بە سیمای فاشیزمی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی. خودی خاتەمی ڕێبەری ئیسلاحات گوتی دووی جۆزەردان بەرهەمی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو شێوە ڕوانینە بە نیسبەت شۆڕش و کۆماری ئیسلامییەوە، ئەگینا ئەسڵ و بنەما بۆ ئەوان هەر نیزامە، نیزامی کۆماری ئیسلامییە.

درکاندنی ئەم ڕاستییە تاڵە هەرچەند زۆر ناخۆشە، بەڵام ئەم برینانەی خراونەتە سەر لەشی حیزبی دێموکرات ئەو پتانسییەلەیان هەیە کە کۆماری ئیسلامی پەلکێشی دادگا نێونەتەوەییەکان بکا. هەر لە تیرۆری شەهید دوکتور قاسملووە بگرە تا بەتایبەتی کەیسی شەهیدانی قەڵا و دادگای بەناوبانگی میکۆنووس. دوور نەڕۆین یەکی وەک جۆزێف بۆرێل، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئوروووپا بۆ بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، دەڵێ گرفتی یاسایی هەیە و مادام دادگایەکی وڵاتێکی ئوروووپایی داوایەکی لەم چەشنەی نەبێ، ناکرێ سپای پاسداران بخرێتە لیستی تیرۆریستی یەکیەتیی ئوروووپاوە. بۆیە کەیسی میکۆنووس تەواو ئەم پتانسییەلەی هەیە سەرلەنوێ بخرێتەوە گەڕ بە حوکمی ئەوەی بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و لقی دەرەوەی سپای پاسداران وەک بکەری جینایەتی میکۆنووس لە لایەن سیستمی دادوەری فەرمی ئاڵمان وەک تاوانبار ناسێندراون.

ئەگەر کەسانێک وەک برۆنۆ یوست و ئەلێکساندر فۆن شتاڵ وەک دادستان بەبێ ڕەچاو کردنی ساتوسەودا و پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئاڵمان لەگەڵ حکوومەتی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت بە لە دەستدانی ئیش و کاریان و لەمانەش مەترسیدارتر مەترسی گیانی، بوێرانە تا بە ئەنجام گەیاندنی دۆسیەی میکۆنووس بۆ ساتێ نەوەستان، ئەوە سازدانی تیمێکی حقووقی بێ‌سێودوو پێویستە بۆ سەرلەنوێ وەگەڕ خستنەوەی دۆسیەکە لە یەکێتی ئوروووپا بۆ ئەوەی ئەم کەیسە ببێتە بنەمایەک بۆ داوای نارەوای بۆرێل بۆ ئەوەی سپای پاسداران بخرێتە لیستی تیرۆرەوە. دیارە لە ڕووی یاساییەوە ئەم کەیسە داخراوە بەڵام بە حوکمی ئەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەها کردەوەیەکی تیرۆریستیان ئەنجام داوە، دەتوانێ هاندەری سیستمی داد بێ بۆ دەسپێکی پرۆسەیەکی مێژوویی.

ڕەنگە لێدوانەکانی نیکی هایلی باڵوێزی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاش هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات وەک بەڵگەیەکی نێونەتەوەیی بۆ پاڵپشتیی وەها داوایەک زۆر کاریگەر بێ. ئەوەی دەمێنێتەوە دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی میکۆنووس بکاتە مۆتەکەیەکی ئەبەدی بۆ خەوزڕاندن لە چاوی کۆماری ئیسلامی. هازا گۆ و هازا مەیدان!

# لاسایی کردنەوەی میتۆدەکانی (ک.گ.ب) لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە






کەماڵ حەسەنپوور

**پێشەکی**

ئەوانەی شارەزای مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن دەزانن کە یەکیەتیی سۆڤیەت، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە ئاشکراکردنی کودەتای نۆژەدا یارمەتیدەری دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی کۆمارە تازەدامەزراوەکەی مەلایان بوون. بێجگە لەوە دەنگۆی ئەوەش هەیە یەکیەتیی سۆڤیەت دەستی لە خستنەخوارەوەی باڵەفڕەکانی ئەمریکایی لە بیابانی تەبەس هەبوو ، کە بۆ ئازادکردنی بەبارمتەگیراوانی باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە تاران نێردابوون. هەمدیس ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە ئەندامانی دەزگای هەواڵگریی کۆماری ئیسلامی (ساواما)، یەکەم ڕاهێنانەکانیان لەلایەن کاربەدەستانی "ک.گ.ب"ەوە پێ کرا.

تا ئێستا زۆر بەڵگە لەبەر دەستدان کە دەیسەلمێنن کۆماری ئیسلامیی ئێران یارمەتیی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆی لە یەکیەتیی سۆڤیەت و دامودەزگا هەواڵگرییەکەی واتە ک.گ.ب. وەرگرتووە. لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم بیسەلمێنم کۆماری ئیسلامی لاسایی میتۆدەکانی ک.گ.ب. دەکاتەوە.

### سیخوڕێکی ڕاکردوو و بۆچوونەکانی لەسەر دەسەڵاتدارانی یەکیەتیی سۆڤیەت

ساڵی ١٩٧٠، یوری ئالێکساندرۆڤیچ بەزمەنیەڤ ئەندامێکی ک.گ.ب. و کارداری چاپەمەنیی باڵوێزخانەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە هیندوستان بوو کە ڕای کرد و خۆی ڕادەستی ئەمریکا کرد. ناوبراو کوڕی ئەفسەرێکی پلەبەرزی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو کە ئەرکی باوکی سەردانی هێزە سەربازییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە وڵاتانی دەرەوە بووە. ئاماژە بەو پاشخانە بۆیە گرینگە تا بزانین ناوبراو لە منداڵییەوە سەر بە چینێکی خاوەن پێگە و دەستڕۆیشتووی سیستەمی یەکیەتیی سۆڤیەت بووە و وەک تاک پارێزراو بووە لە چەوساندنەوە لەلایەن سیستەمی توتالیتەری یەکیەتیی سۆڤیەتەوە.

بەزمەنیەف لە وتووێژێکی دوورودرێژ لە ١٩٨٤ باسی بەسەرهاتی خۆی و هۆی جیابوونەوە لە سیستەمی یەکیەتیی سۆڤیەت دەکات. ناوبراو دەڵێ سیستەمی یەکیەتیی سۆڤیەت خراپترین سیستەمی کۆلۆنیالیستی دنیایە و ئەو نەیدەتوانی ئەو هەموو تاوانکاریی و چەوساندەوەی خەڵک پاشگوێ بخات.

ناوبراو دوای گەڕانەوە لە یەکەم دەورەی مەئمورییەت لە هیندوستان، لە ئاژانسی چاپەمەنیی نۆڤێستی کە سەر بە ک.گ. ب بوو دادەمەزرێ و لەوێ ئەرکی پەیوەندیی لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی دۆستایەتی لۆمومبا لە مۆسکۆ، کە بەگوتەی بەزمەنیەف شوێنی حاملاندنی ڕێبەرانی داهاتووی بەناو جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم یان سیخوڕی شاراوە لە وڵاتانی دەرەوە و هەروەها پێشوازیی لە سەردانکەرانی بەناو ڕۆشنبیری پێشکەوتنخواز و ڕۆژنامەوانانی بیانی، بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی، لە ئەستۆ بووە.

بەزمەنیەڤ دەڵێ، "ئێمە لە ک.گ.ب. ئەو جۆرە کەسانەمان بە گەمژەی بەکەڵک دەزانی و هیچ ڕێزێکیان لەلای ئێمە نەبوو. تەنانەت بهاتبا و یەکیەتیی سۆڤیەت لە هەر کام لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتی گرتبایە دەست، ئەمجۆرە کەسانە لە پەنا دیواران ڕیز دەکران و تیرباران دەکران."

ئەو لەو بڕوایەدا بوو یەکیەتیی سۆڤیەت بەتەمای بنکۆڵکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بواری ئایدیۆلۆژییەوەیە و بە یارمەتی ک.گ.ب. پلانێکی درێژمەودای چوار بڕگەیی دژی ئەمریکا بەڕێوە دەبا. ئەو چوار بڕگانە بریتین لە:

١. دابەزاندنی ورە و بێدەربەستکردنی بەتایبەتی لاوان بەرانبەر بە کاروباری وڵات (کاتی پێویست بۆ ئەو بەشە ٢٠-١٥ ساڵ)
٢. ناسەقامگیرکردن
٣. دروستکردنی قەیران
٤. بەئاسایی ناساندنی دۆخی سەپاو

بە گوتەی بەزمەنیەڤ لە بڕگەی یەکەمدا هەموو هەوڵەکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە ورەی خەڵکی وڵات و بەتایبەتی لاوان دابەزێنن. ناوبراو بەو بڕگەیە دەڵێ "شەپۆلی بەربڵاوی مێشک شۆردنەوە." ئەو دەڵێ کاتێک مێشکی خەڵک شۆردرایەوە تەنانەت ڕاستییەکان نابینن و بەو شێوەیە کە ک.گ.ب. دەیهەوێ هەڵسوکەوت دەکەن. ناوبراو بۆ بێدەربەست کردنی لاوان بەرانبەر بە کاروباری وڵات ئاماژە بە شەپۆلی هیپیگەری و تەشەنەکردنی دیاردەی مێدیتەیشن بە شێوەی مورتازەکانی هیندوستان و کەڵکوەرگرتنی بەربڵاو لە مادە هۆشبەرەکان لەنێو چینی لاوی وڵاتدا دەکات کە ئامانجی هەموویان گوێنەدانە بە دۆخی وڵات و چڕبوونەوە لەسەر خۆت و دۆخی تاکەکەسیی خۆتە.

بەزمەنیەڤ لە وتووێژەکەیدا دەڵێ، ک.گ.ب. بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی پەنا بۆ مارکسیست و کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتە نابا، بەڵکوو کەسانی خاوەن نفوز کە قسەیان لە کۆمەڵگەدا دەڕوا دەکەنە ئامانج تا لە ڕێگای ئەوانەوە پلانی خۆیان جێبەجێ بکەن. ئەو کەسانە دەتوانن ڕۆژنامەنووسان، مامۆستایانی زانکۆ و نووسەران بن. ئەو دەڵێ ک.گ.ب. ئەو جۆرە کەسانەی بانگهێشت دەکردە یەکیەتیی سۆڤیەت و بە پێهەڵداگوتن و مەزنکردنەوەی ئاستی تێگەیشتوویی ئەوان، ئەوانی وەک ئامراز بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی دڵخوازی یەکیەتیی سۆڤیەت لەنێو کۆمەڵگەی خۆیاندا بەکار دەهێنا.

بڕگەی دووهەمی پلانەکە ناسەقامگیرکردنی وڵاتە. لەو بڕگەیەدا وەک بەزمەنیەڤ باس دەکا، دامەزراوە گرینگەکانی نەتەوەیەک، واتە دامەزراوە ئابووری، پەیوەندیی دەرەوە و بەرگریی دەکرێنە ئامانج.

بڕگەی سێهەم دروستکردنی قەیرانی جۆراجۆر لە کۆمەڵگەیە تا بەو شێوەیە لە ڕوانگەی دەروونییەوە خەڵک بۆ ئاڵوگۆڕ لەسەرەوەڕا ئامادە بکەن. لێرەدایە گرینگیی بڕگەی یەکەم دەردەکەوێ چونکە ئاپۆڕای جەماوەر و بەتایبەتی لاوان بێورە و بێواز بەرانبەر بە ڕووداوەکانی وڵات کراون، بۆیە هێزێک بۆ بەربەرەکانی نەماوە.

لە دۆخی چوارەمدا خەڵک هێندە جاڕز و بێهیوا کراوە کە کاتێک دیکتاتۆڕێکی بەهێز دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، خەڵک دۆخەکە بەئاسایی وەرگرن و تەنانەت سوپاسی بکەن، چونکە وڵات لە دۆخی قەیراناوی ڕزگار دەکات. لێرەدایە خەڵک دێموکراسی، ئازادیی و بایەخە لیبراڵییەکانی دیکەی بۆ گرینگ نییە، بەڵکو تەنیا دەخوازێ دۆخەکە بگەڕێتەوە ئەو کاتەی سەقامگیریی حاکم بوو و قەیرانی پەیتا پەیتا ڕوویان نەدەدا.

### بەراوردکردنی دۆخی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە ڕوانگەی پلانی ک.گ.ب. بۆ ئەمریکا

تا ئێستا گەلێک وتار لەبارەی هەوڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دابەزاندنی ورەی خەڵک، بە تایبەتی لاوان لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان نووسراون. بۆ ئەو مەبەستەش کەڵک لە تاکتیکی جۆراجۆر وەرگیراوە کە دەکرێ ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر، بڵاوکردنەوەی دیاردەی دژایەتیی تیکەڵبوون لەگەڵ سیاسەت و تەنانەت نەفرەت لە هەر کردەوەیەکی سیاسی، پەرەپێدانی هێندێک لایەنی ئایینی توندئاژۆ کە دژایەتی هەرجۆرە لیبڕالیزە کردنی کۆمەڵگە و دیاردەکانی سێکولاریزم دەکەن تا پەلکێشکردنی بەشێک بۆ سۆفیگەریی و دەروێشایەتی یان پەرەپێدانی ڕیفۆمخوازیی لە چوارچێوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا.

لێرەدا زۆر بەئاشکرا دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی بەرنامەیەکی درێژخایەنی بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوە بردووە. لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران-عێراق و لە باشووری کوردستان دوای شەڕی یەکەمی کەنداو و دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لەو ناوچەیە ئەو هەوڵانە چڕ کرانەوە. لێرەش کەڵک لە 'گەمژەی بەکەڵک' وەرگیراوە تا کۆمەڵگە لە باوەڕبەخۆبوون و ورە داماڵێ و کەشی بێهیوایی و بێدەربەستیی بەرانبەر بە چارەنووسی وڵات باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا بکێشێ. لێرەدا کەڵک لە نووسەر، ئاکادێمیسیەن و ڕۆژنامەنووس وەردەگیرێت تا ببنە ئامرازی گواستنەوە و جێبەجێکردنی پیلانی کۆماری سێدارە.

لە کاتێکدا کە فیدراسیۆنی جیهانیی ڕۆژنامەنووسان باس لە سەرکوتی ئازادیی ڕادربڕین لە ئێران و دەستبەسەر کرانی لانیکەم ١٠٠ ڕۆژنامەوان لە ساڵی ڕابردوودا دەکات، ڤۆرکشۆپی ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕۆژنامەنووسانی باشووری کوردستان لە ئیسفەهان دادەندرێ. خەڵکی بەناو ڕۆشنبیر قەڵەکەمانیان دەکەوێتە خزمەتی بەرەوپێشبردنی ئەجێندای کۆماری ئیسلامی و ئەوەی ئەوان وەک بۆچوونی سەربەخۆ بڵاوی دەکەنەوە، لە ڕاستیدا داڕێژراوی ژوورە داخراوەکانی شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامییە. لە هەموو شوێنێکی دنیا کاتێک دەسەڵاتداران گەندەڵ و ناکارامەن، خەمخۆرانی نیشتمان هەوڵ دەدەن بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتداریی چەوت و خراپ بکەن، بەڵام زۆر دەمێکە هەوڵێک لە ئارادایە تا خەڵک لە نیشتمان و هێما پیرۆزەکانی بێزار بکەن. ئەو دیاردەیە دەکرێ بڵێین لە دنیادا بێوێنەیە. ئەوانە هەموو دەقاودەق جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی پیلانی ک.گ.ب. یەم بەڵام لە لایەن کۆماری ئیسلامی و بۆ بەرژەوەندیی ئەو ڕێژیمە لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەڕێوە دەچێ.

بڕگەی دووهەمیش، واتە ناسەقامگیر کردن، ماوەیەکی دروودرێژە بەڕیوە دەچێ. بۆ ئەو مەبەستەش کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات بە میلیتاریزە کردن، بە ئامانج گرتنی ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی بێکاری لە لایەک و دەستبەسەر کردن و ئیعدام لە لایەکی دیکەوە ناهێڵن کوردستان سەقامگیر بێ. لە باشووریش بە پیلانی جۆراجۆر ناهێڵن سەقامگیریی باڵ بەسەر عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتیدا بکێشێ. چونکو دەزانێ سەقامگیریی دەبێتە هۆی گەشەی وڵات و پێش بە ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە عێراق و هەرێمێکی لاوازی دەوێ دەگرێ. هەر کەسێک لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ڕووداوەکانی باشووری کوردستانی دیتبێ بەئاشکرا دەزانێ کە لە زۆر لە هەوڵەکانی ناسەقامگیرکردنی عێراق و هەرێمدا، کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستی هەبووە.

ئەو ڕاستییە لە بوونی بڕگەی سێهەمی پیلانەکەی ک.گ.ب ڕوون و ئاشکرایە. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا قەیرانی جۆراجۆر پەیتا پەیتا ڕوویانداوە. یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە قەیراندا دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بپارێزی. ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بە دۆخی وڵاتانی وەک عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن، ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە. یەکێک لە هاندەرەکان بۆ ئەو مەبەستە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی نێوخۆیە تا وا بیر بکەنەوە بێتوو کۆماری ئیسلامی نەمێنێ، پشێوی وڵاتانی وەک سووریە باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێ. بڕوا ناکەم کەسێکی ڕۆژهەڵاتی کە سەردانی باشووری کوردستانی کردبێ ئەو گوتەیەی نەبیستبێ: "نەکەن وەکو ئێمە خۆتان بەدبەخت بکەن، ئێوە لانیکەم کارەباتان هەیە."

ئەگەرچی نیشانەکانی بڕگەی چوارەم لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کەم و زۆر دەبیندرێ، بەڵام دوای شۆڕشی ژینا لە ساڵی ڕابردوو بەولاوە، جیاوازییەک بەدی دەکرێ. لە کاتێکدا هێندێک جار لە باشووری کوردستان، خەڵک دەبینین بێهیوا لە دۆخی ئێستایان دەبن و ئینتیما نیشتمانییەکانیان لەکزی دەدا؛ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ماوەی شۆڕشی ژینادا، خۆشەویستیی نیشتمان، گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی لە ئاستێکی بەربەریندا دەبینرا. لەو بەشەی نیشتمان خەڵک هێشتا بایەخە لیبڕاڵییەکان وەک سێکولاریزم، ئازادیی و مافەکانی مرۆڤ و لەهەموویان گرینگتر سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە ئاستێکی بەربەرین پشتگیریی لێ دەکرێ. کاتێک لە بەزمەنیەڤ دەپرسن ئەمریکا چی بکات تا ئەو پیلانەی ک.گ.ب. پوچەڵ بکاتەوە، ناوبراو لە وەڵامدا دەڵێ "جیلێکی بڕوابەخۆ و دەرووەست بار بێنن."

دیارە لە کوردستانیش، واتە لە هەر چوار پارچەکەی، ڕێگای پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی نەیارانمان، بە کۆماری ئیسلامیشەوە، گەڕانەوە بۆ پەروەردەی نیشتیمانییە. زاڵبوون بەسەر گەلێکی بێ هیوا و بێ دەربەست گەلێک ساکارە بەڵام بە پێچەوانە نەتەوەی بڕوا بەخۆ و خاوەن هەڵوێست، چۆک بۆ هیچ هێزێکی ملهوڕ دانادا.

دارسمە
دەنووکی لە سمین ئاپارێزێ

## عەقڵی ڕێژیمی پاشایەتی لە هی کۆماری ئیسلامی سووکتر بوو

مانەوە و درێژبوونەوەی ژیان هەرچۆنێک بێت لە مردن باشترە. هەموو کەس ژیانی پێخۆشە. تەنانەت ئەوانەی زۆر بڕوایان بە ڕۆژی پەسڵان و جەهەندەم بۆ کافرانی لەعین و سووک و چرووک و بەهەشتی بەرین بۆ بڕوادارانی بەئیمانیشیە، ژنیان لە مردن پێ خۆشترە.

ئەوانەی ژیانیشیان پێخۆش بێت دەکرێت بە سەر دوو تاقم و گرووپ و دەستە و مەستەی عەقڵسووک و عەقڵقورسدا دابەش بکرێن. عەقلیش وەک خەو وایە و سووک و قورسی هەیە. ئەوانەی خەویان قورسە بەزەحمەت لە خەو هەڵدەستن و ئەوانی خەویان سووکە، بە سووکە دەنگێک یان بە پشووی شنەیەکی نەرم خەو لە چاوانیان دەتۆرێت.

پێشینیانی ئێمە بەهەڵە کەسانی شێتیان بە عەقڵسووک ناو بردووە. پێچەوانەی ئەمە دروستە و ئەوانەی عەقڵیان قورسە شێتترن. هەبوونی عەقلیش لەم دەوروزەمانەیەدا سووکەکەی باشترە. ئاسانتر هەڵدەگیرێت و مرۆڤ قورس ناکات و دایناتەپێنێت.

پێوەندیی کورتی و درێژیی ژیان و قورسی و سووکیی عەقڵیش خۆی شتێکی سەرنجڕاکێشە و تێکەڵی و کاردانەوەی ئەم دووانە لەسەر یەکتری پێویستیی بە ئەزموونێکی دوورودرێژە. کەسانی کەمئەزموون بە خوێندنەوەی کتێب و متێبان نەبێت بەزەحمەت لە پێوەندیی خەوی قورس و عەقڵی قورس تێدەگەن. لە سایەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینترنێت و بازبازدێن و غارغارێن و هەڵاتهەڵات بەسەر زانیارییاندا، کەم کەس ڕوو دەکەنە خوێندنەوەی کتێبان. لە سەردەمی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژی و لافاوی زانیاریاندا کتێبخوێندنەوە بایەخی هەر نەماوە. بڕوام پێ بکەن ئێوەی خوێنەریش بۆ منی نووسەر ئەگەر وەک خوشک براش نەبن لە خوشک و برا فەرزترن و هەر حیسابی خوشک و براتان بۆ دەکەم، بۆیە دەخۆم ڕادەبینم لای ئێوە بڵێم عەیب نەبێت و لای ئێوەم پەرژینی بەگوڵ بێت، جاروبار دەستێک بۆ کتێبان دەبەم.

بۆ ئەوەی لە سەردێڕی باسەکەمان فرە دورەو نەکەفین، دەگەڕێمەوە سەر کاکڵی ئەم بابەتە و بە نموونە و میناکی زیندووتر مەبەستەکەم دەقەڵێشم و وەک کورد دەڵێت "شەن و کەو"ی دەکەم. لەم سەردێڕەدا ڕوو بە هەموو ئەو کەسانەی بە سەر زانیاریی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینترنێتدا بازبازێن دەکەن و یان دوور لە ڕووتان و لای ئێوەم پەرژینێکی بەگوڵ بێت کتێبان دەخوێننەوە، دەچمەوە سەر باسی عەقل سووکیی حکوومەتی پاشایەتی و عەقڵ قورسیی کۆماری ئیسلامی.

دەستەڵاتی پاشایەتیی خانەدانی پەهلەوی یانی ڕەزا و حەمەی کوڕی، ئەو دوو پاشایەی بەدوای یەکتردا سەرتۆپی بنەماڵەی پەهلەوی بوون، سووکەعەقڵیان دەکار کرد و ڕوو بە میللەتی عەقڵقورس گوتیان ئێمە میراتگری دەستەڵاتی دووهەزار و پێنسەد ساڵەی پاشایەتین. بەڵام دوای ئەوەی حەمەڕەزاشا لە نیوەی دووهەمی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا دوای پەنجاوسێ ساڵ دەستەڵاتی بنەماڵەکەی زانیی هەرچییەک بکات، ناچاری دەکەن دەستەڵات جێ بهێڵێت و لە عەقڵ ڕاپەڕی و پاش هەندێک گوشار و بەرەنگاربوونەوەی سەربازی لە بەرانبەر گۆڕانخوازاندا وەخۆ هاتەوە و پێش ئەوەی هەموو جیهان بکاتە دوژمنی خۆی، بە سواری فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی مێهرابادیی تارانەوە بەرەو هەندەران فڕی و هەر ئاوڕیشی لە ئێران نەدایەوە.

لە دوای دەستەڵاتی پاشایەتی، دەستەڵاتی ئێران کەوتە دەست ئاخوندان. ئەو ئاخوندانەی هەتا ئەوکاتە لەسەر قەبران بە پارە قورئانیان بۆ مردووان دەخوێند و پارەیان لە زیندووان وەردەگرت و لە کۆڕی پرسەی مردوواندا ئەوەندەی هێزیان دەبەردابوو دەیانگوت "اجمعین الفاتیحە"، ئەوە ٤٤ ساڵە دەستەڵاتی پاشایەتییان بۆ خۆیان قۆستووەتەوە. ئەمانە پێچەوانەی بنەماڵەی پاشایەتی، عەقڵیان زۆر قورسە. ئەوانەی پاشایەتی بەردەوام خەریک بوون ڕووخساری خۆیان بۆ جیهانی دەرەوە جوان پێشان دەدا. لە نێوخۆش لە بواری ئابووریدا خەڵکیان تێر دەکرد و نەیاندەهێشت بایی دۆلارێکی ئەمریکا لە حەوت تومەن زیاتر بێت. لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە کاریان بە سەرپۆش و بنپۆشی ژنانەوە نەبوو و ئەگەر باسی سیاسەتت نەکردبایە، هیچ شتێک بڤە نەبوو. بەڵام ئەوانەی کۆماری ئیسلامی خۆیان خستە نێو گەمارۆی وڵاتان و هەموو جیهانیان لە خۆیان کردە دوژمن. لە بواری ئابوورییەوە خەڵکیان ئەوەندە برسی کرد خەون بە نان و پێخۆرەوە ببینن. لە بواری کۆمەڵایەتییەوە لەلایەک خەڵک بە پەڕۆ و پاڵ دادەپۆشن و لەلایەکی دیکەوەش دوور لە ڕووی ئێوە دەهیچ نافکرن و لەگەڵ نێر و مێدا خەریکی زۆرانبازیی "تحریکپذیر"ن. تەنیا لە ڕوانیان بۆ سیاسەت لەگەڵ دەستەڵاتدارانی پاشایەتیدا هاوشێوەن.

پاشا ئەوندە عەقڵی سووک بوو، دوای ناردنی هێزی سەربازی بۆ سەر شەقامان و هەندێک کوشت و کوشتار و دیتنی ڕاپەڕینی خەڵک لە ئاخری تەمەنی دەستەڵاتیدا گوتی: "لەو کەشی کراوەی سیاسییەی لە دووساڵ لەمەوبەرەوە وردە وردە دروست دەبوو، ئێوە میللەتی ئێران دژی ستەم و زۆرداری هەستانەوە. ناکرێت من وەک پادشای ئێران هەست بە شۆڕشی میللەتی ئێران نەکەم".

بەڵام دەستەڵاتدارانی ئێستا لە یەکەم ساڵوەگەڕی کوشتنی ژینا و تێپەڕینی یەک ساڵی تەواو بەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا عەقڵیان ئەوەندە قورسە، لەجیات بیستنی دەنگی شۆڕش، تەنیا لەم ڕۆژەدا هەر لە شاری تاران ئەوەندەی هەموو لەشکری جارانی پاشایەتی چەکداریان بەگژ خەڵکی ڕاپەڕیودا کردووە.

ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران تووشی عەقڵقورسێک بووە، وەک گوێدرێژەکە هەر چوارپەلی دەقوڕ چەقیبێت و دەستی کەسی پێ ڕانەگات کلکی بکێشێت و دەریبهێنێتەوە؛ هەتا ملان بە قوڕدا ڕۆ چووە و تانیا کلک و گوێی دیارن.

# KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO:855 22 september 2023

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com


# کۆچی دوایی کاک ئەحمەد قادری، کادری دێرینی حیزبی دێموکرات

کاک ئەحمەد قادری، کادری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش شەش دەیە خەبات و تێکۆشان لەپێناو ڕزگاریی کوردستان و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەی کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٥ی خەرمانان کاک ئەحمەد قادری، پێشمەرگەی شاعیر و کادری بەوەج، ماندوویی‌نەناس و هەڵسووڕی حیزبی دێموکرات پاش چەند مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە تەمەنی ٨٤ساڵیدا ماڵئاوایی لە بنەماڵە و کەسوکار و هاوسەنگەرانی کرد و چووە ڕیزی کاروانی نەمرانی گەلەکەیەوە.

کاک ئەحمەد قادری ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی وەرزێڕی گوندی «نجنێی سەروو» لە ناوچەی بانە لەدایک بوو. بەهۆی بێدەرەتانیی بنەماڵەکەی و نەبوونی خوێندنگە لە ئاواییەکەیان نەیتوانی بچێتە قوتابخانە و، خوێندن و نووسین و پەروەردەی لە حوجرەی فەقێیان دەست پێ کرد. ساڵی ١٣٤٢ دوای ئاشنابوون بە بیر و ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکەڵاوی لەگەڵ تێکۆشەرانی سیاسیی نەتەوەکەی بەڕەسمیی بوو بە ئەندامی حیزب. ساڵی ١٣٥٨ و لەگەڵ هێرشی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان بەڕەسمی و تەواووەخت هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات و لە ڕیزی پێشمەرگەکانی کۆمیتە شارستانی بانەدا سازمان درا.

کاک ئەحمەد لە ماوەی ٤٢ ساڵ پێشمەرگایەتییدا لە زۆر ئۆرگان و بەشی حیزب کاری کرد و بەرپرسایەتیی گرتەئەستۆ، وەک: بەرپرسایەتیی کۆمیتە ناوچەی نەمەشیر لە بانە، بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی مەیدان لە بانە، کادری سیاسیی هێزی ئاڕبابا، ئەندامی کۆمیتەی ئیجرایی کۆمیتە شارستانی بانە و کادری دەرمانی لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب.

نەمر ئەحمەد قادری لە ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوییەوە ئەرک و تێکۆشانی حیزبیی گواستەوە بۆ بەشی ڕاگەیاندن. کاک ئەحمەد وەک کادرێکی بەوەجی «ڕادیۆ دەنگی کوردستان» هاوکات هاوکاریی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان»، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتیشی دەکرد و پاشان لەگەڵ دامەزرانی «کوردکاناڵ» وەک ئامادەکار و بەرهەمهێنەری بەرنامە تەلەڤیزیۆنییەکان تا کاتی نەخۆشکەوتنی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی پێشمەرگایەتیی بەردەوام بوو.

کاک ئەحمەد قادری وەک پێشمەرگەیەکی بەوەج، ئەدیب و شاعیرێکی دەروەست و خاوەن‌خامەی شۆڕشگێڕی نموونەی خەباتکارێکی ماندوویی‌نەناسی نەتەوەکەی بوو. ئەو مرۆڤێکی ئەرکناس و خاکەڕا، سادق و خۆبەختکەر بوو. بۆ ئەو خەبات لەپێناو سەربەستی و بەختیاریی نەتەوەکەی سەرەڕای هەموو سەختی و تێچووەکانی لە سەرووی هەموو شت بوو؛ هەر بۆیەش تا دوا هەناسەی و بۆ ماوەی پتر لە ٦٠ ساڵ لە سەنگەری خەبات و ئازادیخوازیی گەلەکەیدا مایەوە.

حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان



بە مەرگی کاک ئەحمەد قادری یەکێک لە دڵسۆزترین و شێلگیرترین خەباتکاری سیاسیی خۆی لەدەست دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک ئەحمەد قادری سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری، هاوسەنگەرانی، خەڵکی ناوچەی بانە و هەموو ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. هەروەها بەڵێن دەدات کە خەبات و تێکۆشانی هاوقوتابی و هاوڕێبازێکانی کاک ئەحمەد هەتا وەدیهێنانی دوائامانج و خەونەکانی درێژەی دەبێت.

**ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**١٥ی خەرمانانی ١٤٠٢**

بەر لە ماڵاوایی

# هەڕەشە و پڕوپاگەندە چەکی بێ‌گوللەی دیکتاتۆرەکانە



ئەلبورز ڕووبین‌تەن

چۆن دێموکراتەکان خاوەن تایبەتمەندیی هاوبەشن، دیکتاتۆرەکانیش لە زۆر ڕوانگەوە لێک دەچن، تەنانەت دوایین ڕۆژەکانی دیکتاتۆرەکان لە زۆر لایەنەوە دەخرێتە بەر لێکۆلینەوە بۆ ئەوەی شرۆڤەی هەڵسوکەوتی دیکتاتۆر بکرێت، تەنانەت لە دوایین ڕۆژەکانی شەڕی جیهانیی دووەم تیمێکی تایبەتی دەروونناس لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە دیاری کرا بۆ ئەوەی بتوانن پێشبینیی بڕیارەکانی هیتلێر بکەن. ئەوەی بە خوێندنەوەی دوایین ڕۆژەکانی ڕووخانی دیکتاتۆرەکانی ڕابردوو و هاوچەرخ دەبینین جارێکی دیکە بەو ئاکامە دەگەین کە خوو خدە و هەڵسوکەوتی هاوبەشیان هەیە.

یەکێک لەو خاڵە هاوبەشانە کە بە زۆری لەنێو دیکتاتۆرەکاندا دەبیندرێت کەڵکوەرگرتن لە چەکی هەڕەشە و پڕۆپاگەندەیە بۆ ئەوەی لاوازییەکانی خۆیانی پێ بشارنەوە و خۆیان بەهێز پێشان بدەن. هەر کەس هەڕەشەکانی سەدام حوسین، دیکتاتۆری ئەوکاتی عێراقی دەبیست کەمتر باوەڕی بەوە دەهێنا تەنیا چەند مانگێک دواتر لە کونێکدا دەیهێننە دەرێ کە مشک و ماریش بەئەستەمی تێیدا دەژیت. یان حەمەڕەزاشا کە هێندە خۆی پێ بەهێز بوو و لە بان هەورانەوە لە عەرزیی دەڕوانی. یان هەڕەشەکانی قەزافی و کوڕەکانی لە تەرابلوسی پایتەخت کە باسیان لە بەهێزیی خۆیان دەکرد، تەنیا چەند ڕۆژێکی خایاند کە بە بەردبارانکردنی قەزافی کۆتایی پێ هات. لەو نموونانە زۆرن کە لە ژیانی هەموو دیکتاتۆرەکان بینراون، هەرکات هەڕەشە و پڕۆپاگەندەی دیکتاتۆرەکان ڕوو لە زیادبوون بکا، مەزەندە دەکرێت کۆتایی تەمەنیان نزیکتر بووە.

ئەوەی لەو ڕۆژانەدا لە هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەبینین پەنابردنە بۆ ئەو هەڕەشە و پڕۆپاگەندەیە. هەرچەند هەر لە کۆنەوە عەجەم (مەبەست دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانە) لە مەکر و فێڵ و فریودا دەستی باڵایان هەبووە، بەڵام ئەو لایەنە لە کۆماری ئیسلامیدا بە لوتکە گەیشتووە و هەر لە ڕۆژی بەرێوە کە هاتووەتە سەر کار بە زۆری لە چەکی پڕۆپاگەندە و هەڕەشە کەڵکی وەرگرتووە.

ئێستاش کە ساڵیادی شەهیدبوونی ژینا و دەستپێکی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»دا دەبینین هەڕەشە و پڕۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی بەدژی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە ئەندازەیەک دونیای میدیای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە کە وێڕای نیگەرانی، ڕاستیی شوێندانەریی بزووتنەوەی کوردیشی سەلماند.

بەڵام لە سەرووی هەموو ئەوانە ئەو هەڕەشانە لە هەموو ئەو لاوازییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی وڵات و هەروەها داماوی لە سەرکوتی شۆڕشی ژینا بە تایبەتی لە کوردستان تووشی هاتووە. هەمووان دەزانین کۆماری ئیسلامی نەک نەیتوانیوە پێش بە ڕەوتی شۆڕش بگرێ، بەڵکوو بۆخۆی باشتر لە هەمووان دەزانێ بزووتنەوەی سیاسی و خەڵک ئەمجارەیان توندتر لە جاران بەرەو ڕێکخستن و هەماهەنگیی پتر بۆ فازی نوێی چالاکییەکانی لە داهاتوو دەڕۆن. بۆیە تەنیا ڕێگەیەک کە بۆ دیکتاتۆر دەمێنێتەوە، ئەوەیە هەڕەشە بکات و لە ڕێگای میدیاوە خۆی بەهێز بنوێنێ. ئەگەر کۆماری ئیسلامی توانیبای بەو ویستەی واتە لە نێوبردنی بەتەواویی بزووتنەوەی سیاسی بگات، بێگومان بەبێ هەڕەشە دەیکرد، بەڵام ڕوونە کە نەک هەر لە وەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا تێکشکاوە، بەڵکوو لە نێوخۆیشیدا لە هەموو بوارێکەوە هەرەسی هێناوە؛ بۆیە پەنا بۆ هەڕەشە دەبات تا بتوانێ لە شەڕی نەرمدا سەرکەوتوو بنوێنێ و قەرەبووی شکستەکانی بکاتەوە. ئەمن لەو بڕوایەدام تەنیا چەند ڕۆژ پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئەو قسەیەی لە دوایی هەموو دیکتاتۆرەکان گوتراوە، دوبارە دەگوترێتەوە کو بەڕاستی هەر ئەوەندە بوو هێزی ئەو دیکتاتۆرەی پڕۆپاگەندەکەی گوێی هەموو لایەکی کەڕ کردبوو؟!

خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە دۆخی ئێستادا و هەتا ئەوکات پێویستە بە خۆڕاگریی زیاترەوە بەرەوڕووی شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامی ببین. لەبیر نەکەین چەکی ئێمە خەڵکی ئێمەیە و دەتوانێ هەر دیکتاتۆرێک بڕووخێنێ. لە کۆتاییشدا هەر خەڵک سەرکەوتووە و، چەکی دیکتاتۆریش ئەو پڕۆپاگەندە و هەڕەشانەن کە بە هیچ شوێنێک ناگات و هەر زوو دەردەکەوێ کە بێ‌ئاکام دەمێنێتەوە.

چەکی هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی و هەموو دیکتاتۆرەکان چەکێکی ژەنگاویی بەبێ فیشەک و تەقەمەنیە و مەترسییەکەی تەنیا بۆ خاوەنەکەیەتی و هەر زوو بۆ خەڵک و هەموو لایەک دەردەکەوێ کە توانا و ئیرادەی شۆڕش گەلێک بەهێزتر لە هەیمەنەی داڕماوی دیکتاتۆرە.

# بەڕێوەچوونی کارناڤاڵی «ژن، ژیان، ئازای»ی ستۆکهۆلم لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە

کۆمیتەکانی سوێد و نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی شەممە ١٨ی خەرمانان بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی سێ کارەساتی تێرۆری میکۆنووس، مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ساڵوەگەڕی شۆڕشی «ژینا» لە شاری ستۆکهۆڵم کارناڤاڵێکی پێکهێنا.

لە بڕگەی یەکەمی کارناڤاڵەکەدا عومەر باڵەکی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی پێشکێش کرد. لە درێژەدا پەیامی هاوبەشی کۆمیتەکانی سوێد و نۆروێژی حیزبی دێموکرات؛ پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکاران، ئەنجومەنی زیندانییانی سیاسی، کۆمەڵە کولتوورییەکانی هەر دوو وڵاتی سوید و نۆروێژ؛ پەیامی حیزبی سوسیال- دێموکراتی سوید و پەیامی حیزبی لیبراڵی سوێد خوێندرانەوە.

شانۆی «ژن، ژیان، ئازادی» بە پێشاندانی دیمەنەکانی شەهیدکردنی «ژینا، نیکا، کۆمار، کیان و خودانوور» و هەروەها دیمەنێک لە شەهیدان «ڕێحانە و وانیار» کە لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی پاییزی ساڵی ڕابردوو لە نێوخۆی کوردستان و هێرشی مووشەکیی ڕێژیم بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات شەهید کران، لەگەڵ چەند پارچە مۆسیقی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەم کارناڤاڵە بوون. لە درێژەشدا هونەرمەندان «دڵنیا ڕەزازی»، «نارین فەقێ» و «ئایدا»، «ڕابوون ڕۆژهەڵات»، «پێدرام شەهلایی» و «شۆڕش بۆکانی» بە پێشکەشکردنی سروود و گۆرانیی شۆڕشگێڕی سەرنجی ئامادەبووانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

لە بڕگەی کۆتایی کارناڤاڵەکەدا کە پێشانگەی وێنەی شەهیدان بوو، ژنان بە جلوبەرگی سپیی کوردییەوە و هەڵگرتنی وێنەی شەهیدان و بەستنی چاویان بۆ ڕێزگرتن لەو کەسانەی چاویان لە شۆڕشی ژینادا لەدەست داوە، بە ڕیز لەگەڵ خەڵکی بەشداربووی کەرنەڤاڵ، بەرەو گڵکۆیەکی نمادین لە شێوەی گڵکۆی ژینا و چەپکەگوڵی ڕێزیان لەسەر مەزاری «ژینا» دانا. لەو کارناڤاڵەدا چەندین نامیلکە بە زمانی سویدی کە باسیان لە چۆنیەتیی سەرهانی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» و ئامانجی کەرنەڤاڵەکە دەکرد، لەنێو خەڵکی سوێدیی بەشداردا بڵاو کرایەوە.



«سوورخەڵاتان»

# تایبەت بە ژیاننامەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا




بەرگی یەکەمی کتێبی «سوورخەڵاتان» کە تایبەتە بە ژیاننامەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، ژیان و بەسەرهاتی ٥٠ شەهیدی لە شەهیدانی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»ی لەخۆی گرتووە، لە توێی ٣٠٤ لاپەڕەدا و لە ساڵیادی دەسپێکی شۆڕشی ژینادا چاپ و بڵاو بۆوە.

سۆما ناسری، سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە لەو بارەوە بە «کوردستان»ی ڕایگەیاند: ئەوەی منی هان دا کار لەسەر ژیاننامەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا بکەم لەلایەک ئازایەتی و لەخۆبوردیی لاوانی نیشتمانەکەم لە بەگژداچوونەوەی زۆردار و هەروەها سەرکوتی خوێناویی پێشاندانەکان بوو.

سۆما ناسری گوتی دوای مووشەکبارانی بنکەکانی حیزب و پەرەسەندنی شۆڕش وەک کادری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و بە حوکمی کارەکەم و بینین، تەتەڵە و بڵاوکردنەوەی بەردەوامی وێنە و ڤیدیۆی خۆنەویستی و لەخۆبوردوویی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران، ئەو هەستەم لەلا ساز بوو کە دەبێ لەو شۆڕشەدا ڕۆڵی زیاترم هەبێ و لانیکەم بتوانم بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی شۆڕشی ژینا، کارێکی شیاو بکەم. بۆیە سەرەتا بڕیارم دا کورتەیەک لە ژیاننامە و چۆنیەتیی شەهیدبوونیان لە توێی کتێبێکدا بنووسم و چاپ و بڵاوی بکەمەوە، بەڵام دواتر لە ڕاگەیاندنی حیزب وا ساغ بووینەوە بیکەینە بەرنامەیەکی دێکیۆمێنتاری و سەرەتا لە کوردکاناڵ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بێتەوە و دواتر لە دەرفەتێکدا وەک کتێب چاپ بکرێت. ئێستاش بەرگی یەکەمی کتێبەکە تایبەت بە بەسەرهاتی ژیان و چۆنیەتیی شەهیدبوونی ٥٠ شەهیدی یەکەمی شۆڕشی ژینا چاپ بووە و کەوتۆتە بەر چاوی خوێنەران.

لە شۆڕشی ژینادا لانیکەم ١٣٤ کەس لە کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون کە ١٣ کەسیان تەمەن خوار ١٨ ساڵ و شەش کەس لە کوژراوەکان ژن بوون. هەروەها زیاتر لە ٦٠٠٠ کەس بە فیشەکی شەڕ بریندار بوون کە بەشێکی زۆر لەوان لە ترسی گیران هەر لە ماڵ و لەلایەن پزیشک و پەرەستارە خۆبەخشەکانەوە چارەسەر کران و زۆر لەوان چاو یان لەدەست دا.